# گوتاری نەتەوە لەپرۆسەی ڕێنیسانسیدا بەرهەمی ئەو فیکرەیە کە وەڵامی پرسیارەکانی ئاییندە دەداتەوە



((گوتار بەو ئیعتوبارەی قســەی نووســراو یان گوتراوە، کەواتە بونیادی ئەفکارەو بیروبۆچوونێکی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە، یان ئەو بیروبۆچوونە لەبونیادێکی مانادارردا دارێژراوە بەشـێوەی پێشـەکی و ئاکام، هەربۆیە چۆن لەهەموو بیناکردنێکدا باوە، پێویســتە لەبونیادی گوتاریشدا کەرەستەی چەمکەکان بەکاربهێنرێت و هەروەها پێویستە لەنێو ئەو کەرەستانەدا(چەمکەکان) پێوەندییەکی دیاریکراویان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو کەرەستەیەی بیناکەی پێ دروستکراوە یەکتری بگرن و بیناکە پتەو بکەن... هەربۆیە ئەگەر گوتار لەم ڕوانگەیەوە دەربڕی فیکری خاوەنەکەی بێت، ئەوا خودی گوتارەکە ڕەنگدانەوەی ئاستی توانای خاوەنی گوتارەکەیە لەبونیادی گوتارەکــەدا، ئەوجا بەمانایەکی دیکە لەبەرئەوەی هەموو بینایەک ملکەچی کۆمەڵێک بنەمایە، گوتاریش بینایە، ئەوا دەبێت گوتاریش ملکەچی چەند بنەمایەک بێت بۆئەوەی بتوانێت ئەدای ئەرکەکانی خۆی بکات، بۆیە گوتار لەم حاڵەتەدا ڕەنگدانەوەی ئاستی توانای خاوەنەکەیەتی بۆ ڕێزگرتنی ئەو بنەمایانە، واتە پیشاندانی ئاستی توانای خاوەنی گوتارەکەیە بۆ ئاســتی پێشکەشــکردنی ئەو بیروبۆچوونە بۆ خەڵک و کاریگەری لەسەر خەڵک، کە ئەرکی ئاگادارکردنەوەو ئیقناع کردنە.

هەربۆیە بەدوو شێوە سەیری گوتار دەکرێت، یەکەمیان ئەوەیە کەڕاستەوخۆ لایەنگیری وتارەکە دەکەیت و هەوڵدەدرێت بەهەر شێوەیەک بێت ئەوەی لەناو گوتارەکە گوێبیستی بووی وەک ئەمانەتێک جێبەجێی بکەیت، دووەمیشــیان بەو جۆرەیە کە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەی تەئویل ســەیر دەکرێت و خەڵک دەیانەوێت بەهۆشــیارییەوە بەشداری لەگەڵ گوتارەکە بکەن و لەســەر ئــەو بیروبۆچوونەی خاوەنی گوتارەکە بەرهەمی هێناوە، هەوڵدەدەن ســەرلەنوێ گوتارەکە بونیــاد بنێنەوە، ئەمەش بەشــێوەیەک تــا گوتارەکە زیاتر یەکگرتوو بێت و باشــتر دەربڕی یەکێک لەو بیروبۆچوونانە بێت کە گوتارەکە ڕاشــکاوانە ئاماژەی پێکردووە یان لەکۆی گوتارەکــە دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئــەو خوێندنەوەیەی ئێمە پێشنیاری دەکەین، دەستنیشانکردنە، واتە دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکانە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین، یان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، نەک سەرلەنوێ گوتارەکە بونیاد بنێینەوە)).

محەمەد عابد جابری



ڕێنیسانس (Renaissance) بەمانا زمانەوانییەکەی واتە (لەدایکبوونی نوێ)، بەڵام ئەگەر ئێمە بەمانا مەجازییەکەی سەیری بکەین و واقیعی خۆمانی پێ بخوێنینەوە، ئەوا دەکرێت وەك پرۆسەی ئاییندەی نەتەوە سەیری بکەین، ئەمەش واتە ڕێنیسانس ئەو وێنایەیە کە هێشتا لەواقیعدا بوونی نییەو بەرهەمی ئەو فیکرەیە کە ئەو هۆشیارییەی بەرهەم هێناوەو وێنای ئاییندەی نەتەوە لەئامێز دەگرێت، هەربۆیە هەموو کات پرۆسەی ڕێنیسانس پێش پرۆسەی بڕیاری چارەنووسساز یان پێش پرۆسەی شۆڕش (Revolution) دەکەوێت، ئەگەر لێرەوەو لەمێژووی ئەوروپاشەوە سەیری پرۆسەی ڕێنیسانس بکەین، وەك پرۆسەی لەدایکبوونێکی نوێ یان پرۆسەی ئاییندەی نەتەوەکانی ئەوروپا لەدوای کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوا هەست دەکەین بەکردەیی پرۆسەکە هەم پرۆسەی لەدایکبوونێکی نوێیە، لەبەر ئەوەی

**نەتەوەکانی ئەوروپا لەنێو ڕێنیسانسەوە ئاییندەی خۆیان وەك نەتەوە دەستنیشانکردۆتەوە. بۆیە لەنێو ئەم مێژووەدا هەموو کات پرۆسەی ڕێنیسانس پێش پرۆسەی شۆڕش، یان پێش پرۆسەی بڕیاری چارەنووس دەستی پێکردووە**

ئەورووپای سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بەبەراورد بەئەورووپای دوای ڕێنیسانس بەمردوو حساب بووە، هەروەها نەتەوەکانی ئەورووپاش لەنێو ڕێنیسانسەوە ئاییندەی خۆیان وەك نەتەوە دەستنیشانکردۆتەوە، بۆیە لەنێو ئەم مێژووەشدا هەموو کات پرۆسەی ڕێنیسانس پێش پرۆسەی شۆڕش، یان پێش پرۆسەی بڕیاری چارەنووس و یەکلاکەرەوە دەستی پێکردووە.

هەر بۆیە وەك ئاشکرایە شۆڕشی فەرەنسا بەرهەمی ڕێنیسانسە، نەك ڕێنیسانس بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا بێت، کەواتە ئەمە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت گوتارەکانی سەردەمی ڕێنیسانس شۆڕشی فەرەنسایان بەرهەمهێنا، ئەو شۆڕشەی بووە دابڕانێکی مێژوویی لەنێوان سیستمی حکومڕانی کۆن و نوێدا و هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرت کە چوارچێوەی ئەو سیستەمەمان پیشانبدا کە مرۆڤایەتی دەتوانێت لەسایەیدا مافەکانی بپارێزێت.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە، پرسیار ئەوە بێت ئایا شۆڕشی فەرەنسا توانی ئەو سیستمە دابمەزرێنێت کە گوتاری سەردەمی ڕێنیسانس وێنای کردبوو؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین شۆڕشی فەرەنساش وەك هەموو شۆڕشەکانی دیکە بێ کەموکورتی نەبوو، ڕاستە نەیتوانی ئەو سیستەمە بەو ئاستە دابمەزرێنێت کە ڕێنیسانس وێنای کردبوو، بەڵام پرانسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسا هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیە بوون کە ڕێنیسانس بەرهەمی هێنابوو، کەواتە ئەم ڕاستیە پێمان دەڵێت هەڵسەنگاندنی گوتاری نەتەوە لەقۆناخی ڕێنیسانسدا، هەڵسەنگاندێکی ئەبستمۆلۆژی بۆ دەکرێت نەك ئایدۆلۆژی، ئەمە بۆ بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکاش کە بەرهەمێکی دیکەی ڕێنیسانسە هەر بەوجۆرەیە، لەبەر ئەوەی تۆماس جیفرسۆن کە ئەو بەیانەی دایڕشتووەو خۆی یەکێك بووە لەپیاوانی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپاو ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕێنیسانسیش لەبەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام دیسان ئەو بەیانەش نەیتوانی ئەو سیستەمە لەئەمریکا دروست بکات کە ئەمریکیەکان هەست بەئازادی بکەن، تا چەندین دەیەش دوای سەربەخۆیی ئەمریکاش، بەشێکی ئەمریکیەکان کۆیلەی بەشێکی دیکەیان بوون، هەتا لنکۆلن لەپێناوی مانادانەوە بەبەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا کە بانگێشە بۆ ئەوە دەکات دەبێت ئەمریکیەکان ئازادبن، بۆیە لنکۆلن بڕیاری شەڕیدا و کۆیلایەتی کۆتایی پێهێنا، بەڵام دیسان کۆتاییهێنانی کۆیلایەتیش، کۆتایی بەجیاکاری ڕەگەزی نەهێنا، بۆیە دوای نزیکەی ١٩٠ ساڵ دوای شۆڕشی سەربەخۆیی لەسەر دەستی مارتن لوسەر کینگ جیاکاری ڕەگەزی کۆتایی پێهات، ئەمەش مانای ئەوەیە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا، یان (گوتاری سەربەخۆیی ئەمریکا) ڕێگەیەکی ڕاستە بۆ ئەوەی دەبێت سیستمی کۆمەڵگەی ئازاد بەو شێوەیە بێت کە لەبەیانەکەدا ئاماژەی پێکراوە، کەواتە کاتێك محەمەد عابد جابری لەکتێی (الخگاب العربی الحدیپ و المعاصر)، ئاماژە بەوە دەکات گوتار وەك دروستکردنی هەر بینایەك، بینایەکە و دروست دەکرێت و ئەم بینایە ڕەنگدانەوەی لێهاتوویی خاوەنی گوتارەکە و پابەندبوونی خاوەن گوتارەکەیە

**سەرۆك لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەکەیەوە دەنگی پێدراوەو هەڵبژێردراوە. ئەوە دەبێت لەکاتی بڕیاری چارەنووساز یان لەکاتی هەنگاو هەڵگرتنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو گوتارەی وێنای ئاییندەی نەتەوە دەکات. هەم گەلەکەی بگەیەنێتە قەناعەت هەمیش لەوێنای ناو گوتارەکەی ئاگاداریان بکاتەوە**

بەو بنەمایانەی کە گوتارەکەی لەسەر بونیاد نراوە، ئەمە مانای ئەوەیە گوتار وەك پرۆسەی ڕێنیسانسی نەتەوە لەسەر ئاستی ئایدلۆژی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی مەعریفی هەڵدەسەنگێنرێت و گوتار وەك پرۆژەیەك بۆ ئاییندە، وێنایەکی هەڵگرتووە کە دابڕانێك لەنێوان وێنەی واقیعی حاڵی ئێستاو وێنەکانی ئاییندەی کۆمەڵگە هەڵدەگرێت، ئەوجا لەنێوان ئەو دوو وێنەیەدا، کە یەکەمیان واقیعی حاڵی ئێستای کۆمەڵگەیەو سەرۆك یان ڕێبەری ئەو قۆناخە ئەو واقیعەی ئێستای قبوڵ نییەو لەمیانەی گوتارەکەیدا وێنایەکی دیکە بۆ نەتەوەکەی وێنا دەکات، ئەوا دەبێت لەم حاڵەتەدا کاتێك ئەم گوتارە لەلایەن سەرۆکەوە ئاراستەی نەتەوە دەکرێت، دەبێت تاکەکانی نەتەوە بەشێوازی جۆراوجۆر بەشداری لەگەڵ گوتارەکە بکەن و هەوڵبدەن ئەو وێنایەی لەوتارەکەدا ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ئەرزی واقیع و بەپێی سەردەم و قۆناخەکە هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵبگیرێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت گوتاری سەرۆك یان ڕێبەر لەقۆناخە ناسکەکانی نەتەوە پێویستی بەبەشداری ڕاستەوخۆی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، کەواتە دەبێتە ئەرکی ڕاستەوخۆی سەرۆك یان ڕێبەر لەو قۆناخەدا، مانا ڕاشکاوەکانی ناو گوتارەکەو ئەو مانایانەی کۆی گشتی گوتارەکە لەخۆی دەگرێت، هەم بۆ تاکەکانی نەتەوەی خۆی ئاشکرا بکات و هەمیش هەوڵبدات قەناعەتیان پێ بکات، کە بەو ڕێگایە ئەو ئامانجەی گوتارەکە هەڵیگرتووە دێتەدی. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکرێت و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، کە مەرج نییە هەموو کاتێك نەتەوە هەمان بیروبۆچوونی سەرۆك یان ڕێبەری بۆ چۆنییەتی گەیشتن بەئامانجێك یان

تێپەڕاندنی قۆناخێك هەبێت، ئەو جیاوازییەی لەنێوان فیكری سەرۆك یان ڕێبەر لەو قۆناخە ناسكە لەگەڵ بیركردنەوەی تاكەكان بۆ هەمان ئامانج دروست دەبێت، ژینگەیەكی دیموكراتی دروست دەكات كە ڕاستەوخۆ دیالۆگێكی كراوە لەنێوان سەرۆك و تاكەكانی نەتەوە دروست دەكات، سەرۆك لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەكەیەوە دەنگی پێدراوە و هەڵبژێردراوە ئەوە دەبێت لەكاتی بڕیاری چارەنووساز یان لەكاتی هەنگاو هەڵگرتنی بۆ جێبەجێكردنی ئەو گوتارەی وێنای ئایندەی نەتەوە دەكات، هەم گەلەكەی بگەیەنێتە قەناعەت هەمیش لەوێنای ناو گوتاركەی ئاگاداریان بكاتەوە. كەواتە ئەم میتۆدە پێمان دەڵێت بەشداری تاكەكانی نەتەوە لەگەڵ گوتاری سەرۆك یان هەوڵدان بۆ بەشداریكردن لەو ئامانجانەی وشەكانی نێو گوتارەكە وێنای كردووە، بەو مانایە نییە كە تاكەكان دەقاو دەق ملكەچ و گوێڕایەڵی وشەكانی نێو گوتارەكەبن، بەڵكو دەكرێت خەڵك سەرلەنوێ گوتارەكە بونیاد بنێتەوەو هەوڵبدات ئەوەی مانای وشە دیارەكانی ناو گوتارەكەو مانای گشتگیری كۆی گوتارەكە پێكەوە پیشابدەن و بەهێزتر دەریببڕنەوە، هەروەها دەكرێت بەچاوێكی ڕەخنەیی و بۆ دەستنیشانكردنی بارودۆخەكەو بەراوردی ئامانجی وتارەكە لەمیكانییەتی قۆناخەكە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكە وتارەكە بخوێننەوەو بەشداری تێدا بكەن، ئەوە لێرەوە لەبەرئەوەی گەورەترین مەرجەع كە سەرۆك بۆی دەگەڕێتەوە كە دەسەڵاتی نەتەوەو دەسەڵاتی گەلە، ئەوە دەبێت لەموسائەلەكردنی لەسەر وشە بە وشەی ناو گوتارەكەی و لەسەر كۆی گشتی مانای وتارەكە وەڵامی جددی بۆ نەتەوەی خۆی پێبێت و قەناعەتیان پێ بكات، سەركەوتنی هەر سەرۆكێكیش لەگوتاری قۆناخە هەستیار و ناسكەكان دەبێتە ئەو وێستگەی مەدالیای سیمبولی نەتەوە لەملی سەرۆكی خۆی دەكات.

**سەرۆك دەبێت لەموسائەلەكردنی لەسەر وشە بە وشەی ناو گوتارەكەی و لەسەر كۆی گشتی مانای وتارەكە وەڵامی جددی بۆ نەتەوەی خۆی پێبێت و قەناعەتیان پێ بكات. سەركەوتنی هەر سەرۆكێك لەگوتاری قۆناخە هەستیار و ناسكەكاندا دەبێتە وێستگەی مەدالیای سیمبول و نەتەوە لەملی سەرۆكی خۆی دەكات**

### ئیشكالیەتی گوتاری نەتەوە لەقۆناخە هەستیار و ناسكەكاندا

مێژووی سەرۆك و ڕێبەرە سەركەوتووەكانی جیهان تژییە لەو ئیشكالیەتەی نێوان سەرۆك و نەتەوە لەقۆناخی هەستیار و ناسك و چارەنووسسازدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆك یان ڕێبەر لەقۆناخی هەستیار و چارەنووسسازدا، ئەركی سەرشانییەتی گوتاری نەتەوە دابڕێژێت و هەوڵبدات ئەو ئامانجەی نەتەوە لەو قۆناخە هەیەتی بەكەمترین قوربانی و بەسەركەوتووترین شێوە بەدی بهێنێت، ئەوجا لەم ڕاستەوە ئەو چەمكانەی سەرۆك یان ڕێبەر لەم قۆناخە بینای گوتارەكەی پێدەكات، ملكەچی ئەو بنەمایانە دەبێت كە بینای گوتارەكەی پێ دروستكراوە، كۆی گشتی گوتارەكەش لێهاتوویی و توانای سەرۆك پیشاندەدا لەفیكیی میعماری سەرۆك بۆ پیشاندانی بینای گوتارەكە، بەڵام ئاشكرایە هەموو بینایەك چەندین شێواز و میتۆدی هەیە بۆ دروستكردنی، بۆیە كاتێك سەرۆك یەكێك لەمیتۆدەكان دەستنیشان دەكات و گوتارەكەی پێ دروست دەكات، هاووڵاتیان یان تاكەكانی نەتەوە مافی خۆیانە لەسەرۆكی خۆیان بپرسن بۆ ئەم میتۆدە دەستنیشانكراوە و شێوەیەكی دیكە هەڵنەبژێردراوە، لێرەوە ئاماژە بەچەند گوتارێك دەكەین:

- ئەگەر ئاماژە بەگوتاری سەربەخۆیی هیندستان (بەپاكستان و بەنگلادیشی ئێستاشەوە) بكەین كە مەهاتما گاندی لەو قۆناخە ناسك و هەستیارە لەسەر پرانسیپی ناتوندوتیژی (اللاعنف) دایڕشتبوو بۆ ئەوەی هیندستان لەدەستی ئینگلیز ڕزگار بكات، ئەوا مێژووی سەربەخۆیی هیندستان پێمان دەڵێت هەموو هاووڵاتیانی هیندستان بەهاووڵاتیانی بەنگلادیش و پاكستانی ئێستاشەوە، سەریان لەوە سوڕمابوو چۆن بەگوتاری ناتوندوتیژی نەتەوەیەك لەژێر دەستی گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەت ڕزگاری دەبێت، بۆیە ئەو پرسیاریان لەخۆیان دەكرد: ئایا ڕێبەرەكەیان بەچ كەرەستەیەك ئەم گوتارەی بەرهەمهێناوە؟ چۆن ئامانجەكانی ئەم گوتارە بەدی دەهێنرێت؟ بۆیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە مەهاتما گاندی بڕیاریدا خۆی هەموو شارو گوندەكانی هیندستان بگەڕێت و ئامانجی گوتارەكەی بۆ یەكەكەی تاكەكانی نەتەوەكەی ڕوونبكاتەوە، كاتێك ئەم ڕێگەیەی لێگیرا بڕیاریدا لەسەر دوو ئاست كار بكات، كە ئەویش قەناعەت پێهێنانی گەلەكەی و گەلی دەوڵەتی داگیركەر بەوەی كۆتایی بەداگیركاری بهێنن، گەورەترین هەڕەشەش كە ڕووبەڕووی گاندی بووە، ئەوەبوو زۆر زەحمەت بوو گەلی هیندستان بگەنە قەناعەت دەستبەرداری توندوتیژی ببن، لەكاتێكدا داگیركەرەكەیان پەنای بۆ توندوتیژی دەبرد، بەڵام لەبەر ئەوەی گوتاری گاندی بەئاشتی ئایندەی سەربەخۆیی هیندستانی دەبینی، ئامادەبوو لەپێناوی قەناعەت پێهێنانی گەلەكەی قوربانی زیاتر بدات، هەر بۆیە هەركاتێك گەلی هیندستان دەگەڕانەوە بۆ توندوتیژی گاندی بەڕۆژوو دەبوو مانی لەخواردن دەگرت، هەتا زۆر جار لەمردن نزیكدەبۆوە و پاشان كە گەلەكەی ئیقناع دەبوو لەبەر گاندی دەست لەتوندوتیژی هەڵبگرن، گاندی ڕۆژەكەی دەشكاند و نانی دەخوارد، بەڵام دیسان پرسیار ئەوەیە ئایا گوتاری گاندی هەمووی جێبەجێ كرا؟ لەوەڵامدا

**پرانسیپەكانی شۆڕشی فەرەنسا هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیە بوون كە ڕێنیسانس بەرهەمی هێنابوو. كەواتە ئەم ڕاستییە پێمان دەڵێت هەڵسەنگاندنی گوتاری نەتەوە لەقۆناخی ڕێنیسانسدا. هەڵسەنگاندنێكی ئەبستمۆلۆژی بۆ دەكرێت نەك ئایدۆلۆژی**

دەڵێین گاندی لەنێو گوتارەكەی دوو ئامانجی هەبوو، لەیەكەمیان كە ڕزگاری هیندستان بوو بەئاشتی سەركەوت، بەڵام لەدووەمیان كە بونیادنانەوەی هیندستان بوو لەسەر بنەمای ئاشتی و ناتوندوتیژی سەرنەكەوت و خۆی بووە قوربانی گوتارەكە.

- نموونەیەكی دیكە لەسەر ئیشكالیەتی گوتاری نەتەوە، گوتاری فرانكلین ڕۆزفەڵتە بۆ ئەوەی ئەمریكا ببێتە بەشێك لەشەڕی دووەمی جیهانی و سنوورێك بۆ مەترسی و هەڕەشەكانی نازییەت و هتلەر دابنرێت، ئەم نموونەیە كە تەواو تەواو پێچەوانەی هیندستانە، دوو حاڵەتی جیاواز وێنا دەكات، لەیەكەمیاندا گەلی هیندستان ئامادەباشی هەبوو بۆ قوربانیدان و ڕووبەڕووبوونەوە، گاندی دەیویست ئەو ئامادەباشیە نەهێڵێت

بەئاشتی ڕزگاریان بێت، بەڵام لەدووەهەمیاندا گەلی ئەمریکا دەیوست لەئاشتیدا بن و تێکەڵاوی شەڕ نەبن، بەڵام فراکلین ڕۆزفەڵت هەوڵیدەدا بۆ شەڕ و قوربانیدان ئامادەیان بکات، لەبەر ئەوەشی کۆنگرێسی ئەمریکاش ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی هاوولاتیانییەتی، بۆیە کۆنگریس نەیدەتوانی بوار بەڕۆزفەڵت بدات ئەمریکا بخاتە ناو شەڕێکی جیهانییەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك سەرۆك هەستی بەمەترسیەکانی ئایندەی نەتەوە کردووە کە لەئاکامی سەرکەوتنی نازیەتەوە بەسەر گەلی ئەمریکا دێت، ئایا دەتوانێت دەستەوەستان دابنیشێت و هیچ بریارێك نەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت بۆ سەرۆکێکی وەك فراکلین ڕۆزفەڵت کەتەنیا سەرۆکە لەمێژووی ئەمریکادا زیاتر لەدووجار سەرۆکی ئەمریکابووە، بەئاسانی دەستبەرداری بریاری خۆی نابێت، بۆیە بریاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەلەکەی خۆی بکەوێتە قسەکردن، بەڵام قسەکردن نەك بەرێگەی سەردانی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا، بەڵکو بەرێگەی ڕادیۆ و لەمیانەی ئەو میتۆدەی کە خۆی ناوی لێنابوو موناقەشەی ناو ئاگر (fireside chat)، بۆ ئەوەی بتوانێت هەستی هاوولاتیانی خۆی لەگەڵ مەترسی ئەو ئاگرە تێکەڵاو بکات کە بەنیازە ئایندەی گەلی ئەمریکا بسووتێنێت، بەمەش توانی بریاری ئەوە بدات ئەمریکا بکاتە بەشێك لەشەڕی جیهانی دووەم و شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانان و نەمانی نازیەت کۆتایی پێبێت، ئەمریکاش بووە ئەو ئەمریکایەی کە ئێستا سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات.

ئاماژەکردن بەم دوو نموونەیە، مەبەست هەڵوەستەکردنە لەبەشداری خەڵك لەگەڵ گوتاری نەتەوە لەقۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا، کەسەرۆك یان ڕێبەری نەتەوە لەو قۆناخە دەبێتە دەربڕی ئەو گوتارە، هەر ئەو گوتارەش ئایندەی نەتەوە دیاری دەکات.

## وێنای ئایندەی نەتەوە لەگوتاری بارزانیدا

بەڕێز مسعود بارزانی کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستانە، لەهەموو گوتارەکانیدا وێنایەك دەبینرێت کە تیایدا داوا دەکات پێویستە گەلی کوردستانیش وەك هەموو گەلانی گۆی زەوی خاوەنی مافی خۆی بێت، ئەوەی بۆ گەلانی سەر ئەم زەمینە ڕەوایە بۆ گەلی کوردستان قەدەغە و حەرام نەکرێت، کەواتە وێنای



گەلی کوردستان لای بارزانی گەلێکی ئازادە دەبێت بەئازادانە بریاری خۆی بدات، بەڵام نابێت ئەم بریارە ئازادانەیەی گەلی کوردستان دەیدات، بریارێکی بێ بەرنامە بێت و جیهان ڕێز لەبریارەکەی نەگرێت، یان ئەو زەمینەیە نەرەخسابێت کە ڕێز لەو

**مێژووی سەربەخۆیی هیندستان پێمان دەڵێت هەموو هاووڵاتیانی هیندستان بەهاووڵاتیانی بەنگلادیش و پاکستانی ئێستاشەوە، سەریان لەوە سوڕمابوو چۆن بەگوتاری ناتوندوتیژی، نەتەوەیەك لەژێر دەستی گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەت ڕزگاری دەبێت**

بریارە بگیرێت و ئایندەی نەتەوە نەکەوێتە مەترسییەوە، کەواتە دەکرێت لێرەوە بەدووخاڵ لەسەر گوتاری بارزانی بۆ ئایندەی گەلی کوردستان قسە بکەین:

یەکەمیان: ئەو وێنایەیە کە گوتاری بارزانی ئایندەی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانمان پیشاندەدا، بەوەی دەبێت وەك تێکرای گەلانی ئەم سەرزەمینە ئازاد بێت و بەئازادی بریار بدات.

دووەمیان: ئەوەیە چۆن زەمینە بۆ ئەم ئازادییە فەراهەم دەکرێت و چۆن جیهان و سیاسەتی ئەمڕۆی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی دەگەیەنرێتە ئەو قەناعەتەی کە نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان ئەم مافەی هەیەو مافی خۆیەتی پیادەی بکات.

ئەگەر لەسەر ئەم دووخاڵە هەڵوەستە بکەین، دەبینین ئەو وێنایەی نەتەوە لەگوتاری بارزانی دەردەکەوێت، ئەمە



خواستی هەر تاکێکی نەتەوەیە بە مسعود بارزانیشەوە کە دەبێتەوە بەتاکێکی نەتەوە لەم پرسەدا، بۆیە سەبارەت بەخاڵی یەکەم بارزانی هیچ ئاستەنگێکی نایەتەرێ بۆ ئەوەی ئەم وێنایــە لەناخی تاکەکانی نەتەوە وەك ئەوەی ئەو مەبەســتێتی بیچەسپێنێ، بەڵام لەخاڵی دووەمدا کە خۆ ئامادەکردن و زەمینەسـازییە بۆ ئەم قۆناخە، سـەرۆك بارزانی کۆمەڵێك ئیشـکالیەتی دێتەرێ کە پێویسـتی بەوە هەیە نەك هەر تاکەکانی گەلی کوردسـتان بگەیەنێتــە قەناعەت، بەڵکــو دەبێت تەواو حزب و لایەنە سیاسـییەکان و حزب و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان و حزب ولایەنــە سیاسـییەکانی عێراقیش بگەیەنێتــە ئەو قەناعەتــەی ئەو ڕێگایەی گوتارەکەی نەخشەی بۆ کێشاوە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدایە،

بۆیە لەخاڵی دووەمدا ئەرکی سەرۆك بارزانی زۆر قــورس دەبێــت، وەك لەئامــۆژگای بەناوبانگی برۆکینگیزیش لەســاڵی ٢٠١٠ لەلایەن کینس پۆلاکەوە بەو شێوەیە پێشکەشی ئامادەبووان کرا (کە بەڕێز مســعود بارزانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت وەك پاریس وایە

**گاندی لەنێو گوتارەکەی خۆیدا دوو ئامانجی هەبوو، لەیەکەمیاندا کە ڕزگاری هیندستان بوو بەئاشتی سەرکەوت. بەڵام لەدووەمیان کە بونیادنانەوەی هیندستان بوو لەسەر بنەمای ئاشتی و ناتوندوتیژی سەرنەکەوت و خۆی بووە قوربانی گوتارەکە**

بۆ فەرەنسا و هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای ئەو) ئەوە دەبێت لەم قۆناخەدا مسعود بارزانی وەڵامدانەوەی بۆ هەموو ئەو لایەنە پێوەندارنە هەبێت کــە پێوەنــدی بەئامانجی گوتاری ئەم قۆناخەی نەتــەوەوە هەیە و ڕووبەڕووی مسعود بارزانی دەبێتەوە.

### بەرنامەی بارزانی بۆ ئاییندەی نەتەوە

بەڕێز مسعود بارزانی کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، وشــەی پێشمەرگەی لەنازناوی سەرۆك پێ خۆشترە، ئەوجا ئەگەر لەســەر ئەم قســەیەی بەڕێزیانەوە گوتاری نەتەوە بخوێنینەوە کە ئێستا ئەو دەربڕیەتی، ئــەوا ئەمە مانــای ئەوەیە ئــەو کە بۆتە پێشمەرگە لەپێناوی دروشــمی (کوردستان یــان نەمان) بۆتە پێشــمەرگە و ماوەی نیو سەدەی تەواویشــە لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێشــمەرگەیە، بەڵام بەرنامەی ئەم پێشــمەرگەیە بۆ ئەم ئامانجــە دوو خاڵی گرنگی کردووە بە بنەما، یەکەمیان یەکریزی نێــو ماڵی کوردســتان و یەکریزی نێو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، دووەمیان پێکــەوە کارکــردن و خەباتکردن بەشــێوەی ئاشتیانە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجە.

کەواتە ئەگەر لەسەر ئەم دوو خاڵە وەك دوو چەمك لەبینای گوتاری بارزانیدا کاربکەین، هەســت دەکەین ئەرکی بارزانی لەم قۆناخە ئاسـان نییە و پێویســتە بەپێی ئەو وێنایە سەرۆکایەتی وڵات بکات کە لەگوتارەکەیدا ڕەنگیداوەتــەوە، ئەو وێنایەش، وێنای نەتەوە و گەلێکی ئــازادە، کە هەموو پێکهاتەکانی ئارەزوومەندانــە و بەگیانــی لێبوردەیی و یەکتری قبووڵکردنەوە لەسەر ئەم خاکە دەژین و هێزە سیاســییەکانیش بەجیاوازیەکانیانەوە ســیمای فرەیی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگەیان نەخشــاندووە، بەڵام لەم قۆناخەدا ســەرۆك بارزانی لەســەر ســێ ئاســت پێویستە ئەم ســیمایەی لەچوارچێوەی ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان بونیادی ناوە بگوازێتەوە بۆ سەر هەر ٣ ئاستەکەی دیکەش کە بریتین لە:

١- پێویستە ســەرۆك بارزانی وەك چۆن دەستپێشــخەری کرد بۆ کۆکردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقی و کوردستانی بۆ ئەوەی لەهەولێر ڕێککەوتن بکەن و حکومەت پێکبهێنن، دەبێت ئێســتا ئیلتزامی ئەخلاقی لەســەر هەموو لایەنە بەشداربووەکان دروست بکات بۆ ئــەوەی ناوەڕۆکــی ڕێککەوتنی هەولێر کــە بەرهەمی دەستپێشــخەریەکەی خۆیەتی جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی بەهەمان



شێوەی هەرێمی کوردستان، پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی عێراق ڕەنگبداتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی هەر لەئێستاوە بەر بەو مەترسیە بگیرێت کە لەئاکامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەستی پێدەکرێت، کە ئەویش مەترسی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیە.

**فرانکلین ڕۆزفەڵت بڕیاریدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەلەکەی خۆی بکەوێتە قسەکردن بۆ ئەوەی بتوانێت هەستی هاووڵاتیانی خۆی لەگەڵ مەترسی ئەو ئاگرە تێکەڵاو بکات کە بەنیازە ئاییندەی گەلی ئەمریکا بسووتێنێت، بەمەش توانی بڕیاری ئەوە بدات ئەمریکا بکاتە بەشێك لەشەڕی دووەمی جیهان و شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانان و نەمانی نازیەت کۆتایی پێبێت**

٢- مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی ناوچە دابڕێنراوەکان وەك بەشێك لەهەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ زەمینەسازی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە کە پێویستی بەدڵنیایی و گەرەنتی هاووڵاتیانی غەیرە کوردی ئەو ناوچانەوە هەیە، سەرۆك بارزانی لەمیانەی سەردانەکەی بۆ کەرکوك هەموویانی دڵنیاکردەوە، کە لەسەر مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان نابێت کێشە دروست بێت و دەبێت ئیدارەی کەرکوك نموونە بێت بۆ پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەو شارە، سەبارەت بەناسنامەی ئەو شارەش، سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ناسنامەی کەرکوك دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکوك دیاری دەکەن و دەبێت لەچوارچێوەی، ئاساییکردنەوە و ئامار و ڕیفراندۆمدا یەکلایی بکرێتەوە و ئاکامی ڕیفراندۆمەکەش هەرچیەك بێت دەبێت ڕێزی لێبگیرێت.

٣- ئاستی سێیەمی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی، گواستنەوەی پرانسیپی پێکەوە ژیان و لێبوردەییە، بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشێك لەگەلی کورد لەگەڵیاندا دەژین، ئەمەش

هەوڵدانە بۆ لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سەردەمیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان نەتەوەکانی دیکە لەگەڵ نەتەوەی کورد، ئەم هەوڵەی سەرۆك بارزانی کەلەسەر ئاستی سیاسیی و دیپلۆماتی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتەکانی ئێران و تورکیا هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە و کاریگەری

**سەرۆك بارزانی کۆمەڵێك ئیشکالیەتی دێتەڕێ کە پێویستی بەوەیە نەك هەر تاکەکانی گەلی کوردستان بگەیەنێتە قەناعەت، بەڵکو دەبێت تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان و حزب ولایەنە سیاسییەکانی کوردی و عێراقیش بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ئەو ڕێگایەی گوتارەکەی نەخشەی بۆ کێشاوە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدایە**



بەرچاویشی هەبووە، دەبێت بگوازرێتەوە بۆ ئاستی میللی و پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان نەتەوەی کورد و تورك و فارس و دیالۆگێکی هاوچەرخانە لەنێوان هەموو ئەو نەتەوانە دابمەزرێت کە کورد لەگەڵیاندا دەژین، بۆ ئەوەی زەمینەسازی ئەوەبکرێت، یەکتری قبووڵ بکەن و بۆ ئەوەی بتوانین لەچوارچێوەی وڵاتێکدا

**ئاستێکی تری هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی، گواستنەوەی پرانسیپی پێکەوە ژیان و لێبوردەییە. بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشێك لەگەڵی کورد لەگەڵیاندا دەژین. ئەمەش هەوڵدانە بۆ لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سەردەمیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان نەتەوەکانی دیکە لەگەڵ نەتەوەی کورد**

پێکەوە بژین، بۆیە لەم حاڵەتەدا لەبری ئەوەی ئەو شەڕو کوشتارەی ئێستا هەیە درێژەی هەبێت، ئەوا دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەست پێدەکات و کۆتایی بەشەڕ و خوێن ڕشتنیش دێت.

### چۆن تاکەکانی نەتەوە هاوکاری سەرۆکی خۆیان دەکەن

گوتاری سەرۆك چەند وێنای جوان بۆ ئایینەدەی نەتەوە هەڵبگرێت، سەرەنجام هەر دەبێت تاکەکانی نەتەوە ئەو وێنایە بکەنە ئەمری واقیعی ئایندە، بۆیە هەتا تاکەکانی نەتەوە بەجیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی و بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە نەبنە بەشێك لەگوتاری نەتەوەو بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداری لەگوتارەکەدا نەکەن، ئەوا ئەو گوتارە نابێتە هەنگاوێکی کردەیی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی لەو قۆناخەدا جێبەجێ بکات، لەم ڕاستەوە دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لە١١ی ئەیلوولەوە دەستی بەوەکرد گوتاری خۆی شار بەشاری کوردستان پێشکەش بکات و ڕاستەوخۆ گوتاری خۆی بۆ گەلەکەی ڕوون بکاتەوە، ئەم بەرنامەیەی سەرۆکیش لەزاخۆ دەستی پێکرد تا خانەقین و کەرکوك، هەموو

گوتارەکانیش لەیەك چوارچێوەدا یەك وێنا و یەك مانای پیشاندا، ئەمە مانای ئەوەیە دەبێت کارکردن لەسەر ناوەرۆکی گوتارەکە و بەشداریکردن لەچۆنییەتی جێبەجێکردنی گوتارەکە، شێوازێکی بەردەوام وەربگرێت و زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە ئامادەباشی بۆ بڕیاری چارەنووسساز و یەکلاکەرەوە وەربگرین.

**هەتا تاکەکانی نەتەوە بەجیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی و بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە نەبنە بەشێك لەگوتاری نەتەوەو بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداری لەگوتارەکەدا نەکەن. ئەوا ئەو گوتارە نابێتە هەنگاوێکی کردەیی بۆ ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی لەو قۆناخەدا جێبەجێ بکات**

ویلیام گامسۆن بۆ گوڵان:

# ئەو کەلتوورەی دەبێتە پاڵپشت بۆ گوتاری سیاسیی، دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کێ



**پرۆفیسۆر ویلیام گامسۆن ئوستادی سیسۆلۆژییە لەزانکۆی بۆستن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر گوتاری سیاسیی و نووسەری کتێبی گوتاری سیاسییە (Talking Politics)، هەروەها سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی سیسۆلۆژیستەکانی ئەمریکایە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی گوتاری سیاسی وەك گوتاری نەتەوە و لەقۆناخی ڕاگواستندا، پرۆفیسۆر گامسۆن لە لێدوانێکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

(لەبەر ئەوەی بەشێك لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە بریتییە لەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە تەبەنای ناسنامەی گشتی خۆیان بکەن وەك ئەندامێکی ئەو نەتەوەیەو وەك بەشێك لەناسنامەی کەسی خۆیان، ئەوا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی زەحمەتە و پێویست بەوە دەکات ئەم هەنگاوە لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنی دیکە پێکەوە بگونجێنرێت، بۆیە لەم قۆناخە ڕۆڵی سەرۆك زۆر گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم پرۆسەی تەبەنیکردنە لای هاووڵاتیان سەربخات، لەم چوارچێوەیەدا من لە کێتبەکەمدا (قسەکردن لە سیاسەت - Talking Politics)، باس لەوە دەکەم پێویستە بابەتەکانی گوتاری سیاسیی دەنگدانەوەی کەلتوری هەبێت و لەگەڵ کەلتووردا گونجاو بێت، ئەمە جیا لەوەی لەوانەیە دژایەتیش بکرێت، بەڵام ئەوەی لەم خاڵە گرنگە ئەوەیە ئەو کەلتورەی گوتار پشتی پێدەبەستێت، دەبێت ئەو کەلتورە توانای ئەوەی هەبێت کێشەکان چارەسەر بکات و بەچەندین ڕێگەی جیاواز چارەسەریان بۆ

کیڤن ئۆر بۆ گوڵان:

# کاتێک سەرۆک ناچار دەبێت بڕیاری قورس دەربکات،دەبێت هەوڵبدات گەلەک



**پرۆفیسۆر کیڤن ئۆر ئوستادی سێکتەری کارگێڕی گشتییە لەزانکۆی هۆل (Hull) لەبەریتانیا و بەڕێوەبەری سەنتەری ڕێکخراوەکانی ئاییندەیە(Centre for Organisational Futures)، بۆ قسەکردن لەگوتاری سیاسیی لەو کۆمەڵگەیانەی بەقۆناخی ڕاگواستن تێدەپەڕن و هاوشان لەگەڵ پرۆسەی بونیادی دیموکراتی، پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەش دەست پێدەکەن، پرۆفسیۆر کیڤن ئۆر لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

(منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت گوتاری سیاسی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کاتێك گوتارەکە لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە ئاڕاستە دەکرێت، هەروەها گوتاری سیاسیی گرنگە لەبەرئەوەی چوارچێوەیەك لەبەهاکان فەراهەم دەکات بۆ دیموکراسییەتێکی تازە دەست پێکردوو، هەروەها وڵات و پێوەندییە سیاسییەکان ڕێکدەخات بەئاستێك کە پاڵنەر فەراهەم دەکات بۆ بەرنامەکانی گۆڕانکاری، هاوکات واتای گۆڕانکاری و ڕێچکەی وڵات شیدەکاتەوە، هەروەها سەرکەوتووە لەدابینکردنی گەشبینی و زۆر گرنگە لەخاڵی وەرچەرخان لەمێژووی وڵات. لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە وتاری سیاسی زۆر گرنگە. هەربۆیە گوتاری ئەم قۆناخە تەحەددایەکە لەبەردەم سەرۆکەکان، لەبەرئەوەی هەندێك شت کاریگەرییان لەسەر سەرکردایەتی دەبێت بەشێوەیەك کە وا لەسەرکردە دەکات بڕیاری وا دەربکەن کە جەماوەر بەئاسانی نەتوانێت پەسەندی بکات، بەڵام کاتێك کە سەرکردە لەو بڕوایەدا بێت کە ئەو بڕیارە لەمەودایەکی دووردا لەبەرژەوەندیی وڵاتدایە. ئەمە وادەکات کە پێویستە لەهەندێك حاڵەتدا سەرۆك ناچار بێت ئەو ئازایەتیە پیشانبدات و بڕیاری قورس بدات، لەکۆنتێکستی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان چەندین نموونە هەن کە تیایدا سەرکردەکان لەئەورووپا و ئەمریکای باکوور و ئوستورالیا بڕیاریان دەرکردووە کە پەیوەست بووە بەئابووریی وڵات و هاوکات بڕیارەکان بەلای زۆربەی جەماوەرەوە ناپەسەند بووە، بەڵام سەرکردەکان ئەو بڕیارانەیان لەسەر ئەو بنەمایە دەرکردووە کە بڕیارەکان لەباشترین بەرژەوەندییەکانی وڵاتە، ئەمە قەیرانێکی کلاسیکییە کە ڕووبەڕووی سەرکردە سیاسییەکان دەبێتەوە. هەندێك جار سەرکردە تێدەگات لەخواست و داواکاریی جەماوەر و هاووڵاتیان و کاردەکات بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەکان، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستە سەرکردە بەچەند



جەیمس کلەمپ بۆ گوڵان:

# گوتاری سەرکردەی نیشتمانی لەقۆناخی بونیادی نەتەوە هەنگاوێکە بۆ بونیادی ناسنامەی نیشتمانی

**پرۆفیسۆر جەیمس کلەمپ ئوستادی پێوەندی گشتی و جەماوەرییە لەزانکۆی مێریلاند و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری گوتار لەناو ڕای گشتی خەڵکدا، بۆ قسەکردن لەسەر گوتاری نەتەوە لەقۆناخی بونیادی نەتەوە، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر کلەمپ کردوو، سەبارەت بەلایەنەکانی ئەم پرسە و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرەی ڕای خۆی خستەڕوو:**

((یەکێك لەو هەنگاوانەی پێویستە لەقۆناخی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە هەڵبگیرێت، پرۆسەی ساخکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانییە، بۆئەوەی هاووڵاتیان یان تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بکەن کە خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش و خاکێکن، ئەم هەنگاوە ئەگەر لەچواچێوەی گوتاری سەرکردەیەکی نیشتمانیدا ڕەنگبداتەوە کاریگەری زیاتر دەبێت، بەڵام لەگوتاری ئەو سەرکردە نیشتمانیەشدا شەفافیەت زۆر گرنگە بەتایبەتی ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بێت و ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبێت، بۆیە لەم حاڵەتە شەفافیەت لەگوتاری سەرۆك دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتیان باشتر لەئامانجی گوتارەکە تێبگەن و زیاتر متمانەی پێبکەن، ئەم متمانەیەش بۆ سەرۆك لەکۆمەڵگەی دیموکراتی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراو هەڵبژاردنی دیکەی لەپێشەو پێویستی بەوە هەیە هەڵبژێردرێتەوە، لایەنێکی دیکە کە دەکرێت لایەنە ئاڵۆزەکەی بێ ئەوەیە پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرۆسەی سەرخستنی نەتەوەیە، ئەمکارە پێویستی بەوە هەیە هاووڵاتیان پێکەوە هەموو هەوڵبدەن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، ئەمەش بەشێوەیەك کە لەیەکتری تێبگەن و ئامانجی هاوبەشیان هەبێت و هەمووان بەرەو هەمان ئاڕاستە کاربکەن، ئەم ژینگەیەش کاتێك دێتە پێش کە هاووڵاتیان لەو بنەمایانە تێبگەن کە گوتارەکەی لەسەر داڕێژراوەو ئامانجەکانی تێدا دەستنیشانکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بڕیارانەی لەکۆمەڵگەی دیموکراسی دەدرێن پێویستە لەچوارچێوەیەکدا بێت ڕای هاوبەش و تێگەیشتنی هاوبەش پێکەوە کۆبکاتەوە. گاندی لەم قۆناخە هەستا بەشیکردنەوەی یەکپارچەیی و ناسنامەی نەتەوەیی هیندستان. ڕاستە کە پرۆسەی دیموکراسی ڕێککەوتن لەسەر ڕێگەچارەکان دەخوڵقێنێت، بەڵام هەندێك مەسەلە لەمیانی پرۆسەی بونیادی نەتەوە سەرهەڵدەدەن، کە پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت وەك: ئایا چۆن بتوانین ئەم ئامانجە وەدیبێنین؟ ئایا دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کە ئەو جۆرە بڕیارانە دەردەکەن و پشتگیرییان بۆ فەراهەم دەبێت؟ ئایا بڕیارەکە لەناو ڕای گشتی ڕای هاوبەش تێگەیشتنی هاوبەشی لەسەر دروست دەبێت؟ ئەم پرسیارانە دەبێت سەرۆك لەو قۆناخە وەڵامیان بداتەوە، بێگومان سەرۆکیش بەدوو ڕێگە دەتوانێت ئەو کارە بکات، یەکەم: دەبێت پێش هەموو شت زەمینەسازی بکات بۆ دەسنیشانکردنی ئامانجی هاوبەش و بەهای هاوبەش لەنێو گوتارەکەی خۆیدا. دووەم کاتێك ئامانجی وتارەکە پێویستی بەوەیە بڕیار بدرێت، ئەوا پێویستە خەڵك بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا چوارچێوەی بەهاو ئامانجە هاوبەشەکان لەبەرچاوبگرن. ئەگەر لەم دووخاڵە سەرکەوتوو بوون، ئەوا ئەوکات هەستێك دروست دەبێت لەوبارەیەی کە ئەو شتەی کردوویانە ئەنجامی کۆدەنگییەکی دیموکراسیی وڵاتە، بەوشێوەیەیش ئەو گوتارە پشتگیریی لێ دەکرێت.

## شەکان دەستنیشان بکات

بدۆزێتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەو کەلتورە متمانە بۆخۆی دروست بکات، ئەم متمانەیەش بەرێگەی ڕاستگۆیی و شەفافیەت بونیاد دەنرێت، هەروەها شێوازی بڕیاردانیش بۆ ئامانجی گوتارەکە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی جیاوازی هەیە، ڕاستە سەرۆك لەهەر کۆمەڵگەیەکدا لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی بڕیار دەردەکات، بەڵام ڕاوێژکاری سیاسیی سەرۆك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەو حاڵەتە لەبەرچاو دەگرێت کە هەڵبژاردنی داهاتووی لەپێشە، بەڵام کات و هەلومەرجەکان بایەخی ئەم جۆرە لەبەرچاوگرتنە سیاسییانە سنووردار دەکەن، ئەویش لەبەرئەوەیە کە دەنگدەران لەزۆربەی وڵاتەکاندا زوو شت لەیاد دەکەن.

## ەی قەناعەت پێبکات

هەنگاوێك لەپێشەوەی هاووڵاتیان بێت و پێویستە هەوڵبدات پشتگیریی هاووڵاتیان بەدەست بێنێت، بۆ نموونە هەندێك جار ئەرکی سەرکردە بریتییە لەقەناعەت پێهێنانی جەماوەر، نەك تەنیا لایەنگران و دەنگدەرەکانی، بەڵکو هەموو هاووڵاتیان و بۆیانی شیبکەنەوە ئەو بڕیارانەی کە لەو ساتەدا دەرکراون لەوانەیە ئازاربەخش و قورس و سەخت بن، بەڵام ئەو بڕیارانە لەمەودایەکی دووردا لەبەرژەوەندیی وڵاتدایە، ئەمە دووبارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنە کاتێك ئاماژەمان پێکرد لەبارەی توانا و لێهاتوویی سەرکردە لەڕووی بەچوارچێوەکردنی واتای ڕووداوەکان و شیکردنەوەی مەبەست لەپشت بڕیارەکان بەشێوەیەك کە بتوانێت هاووڵاتیان تێبگەیەنێت، بۆنموونە پێویستە سەرکردە جۆرە پەیامگەلێك بۆ هاووڵاتیان بنێرێت وەکو «بەڵێ، من دەزانم کە ئەمە بڕیارێکی قورسە و دەزانم کە ئەمە ڕێچکەیەکی سەختە، بەڵام ئەمە لەمەودایەکی دووردا لەبەرژەوەندیی وڵاتدایە.».

# ماددەی ١٤٠
# بە ناوێكی دیكەوە



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

مانگی رابردوو، دەربارەی ئەو دژوارییانەم نووسی کە رووبەڕووی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەبنەوە. پێدەچێت ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئاساییکردنەوە (تطبیع)، سەرژمێری و راپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی باری ئیداری ناوچەکێشەلەسەرەکان (بەتایبەتی کەرکوك) بەشێوەیەکی روو لەزیاد مەحاڵبوونی هێنانەدی ئامانجەکانی کورد دەربخەن. ئەم کێشەیە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژە گرفت بۆ پێوەندییەکانی نێوان هەولێر-بەغدا دروست دەکات و زۆر گران لەسەر سەرکردە کوردەکان رادەوەستێت، هەر کاتێك کە سازش دەکەن لە بەرامبەر بەدەستهێنانی بەڵێن لەلایەن سەرکردەکانی بەغداوە بەوەی لە کۆتاییدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکەن. ئەوەی پێوەندی بە سەرکردە عەرەبەکانەوە هەبێت، ئەوا پێدەچێت بۆ ئەوان جێبەجێکردنی سیاسەتێك کە پشتگیرییەکی جەماوەری نەبێت لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی خۆیانەوە بە راستی شتێکی مەحاڵ بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ماددەی ١٤٠ ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجێك، نەك خودی خۆی ئامانجێك بێت. ئامانجە راستەقینەو کۆتاییەکە بریتیە لە کردنی هەموو، یاخود زۆربەی، ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەیان کوردن، بە بەشێك لە هەرێمە خودبەڕێوەبەرەکەی کوردستان. دانیشتووانی کوردی (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، مەسیحیەکانی) ئەم ناوچانە خوازیاری ئەوەن بچنە پاڵ کوردستان. ئەگەر سەرکردە کوردەکان پێیان وایە ئەو رێگایەی ئێستا دەیگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە بە تەواوەتی رێگایەکی داخراوە، ئەوا تاکە وەڵامی عەقڵانی ئەوەیە رێگایەکی دیکە بدۆزنەوە.

بەم دواییە سەرۆك جەلال تاڵەبانی بە روونی بەم دەرئەنجامە گەیشت. بە پێی قسەو باسەکان، ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، گرووپێکی لە شارەزایان دیاری کرد بۆ ئەوەی راپۆرتێکی موفەسەڵ ئامادەبکەن بۆ روونکردنەوەی باری هەندێ لەناوچە کێشەلەسەرەکان بەپێی سنوورەکانی پێش ساڵی ١٩٦٨. حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی گرتەدەست. بەدڵنیاییەوە دوای ئەوە مەترسیدارترین بەرنامەکانی بە عەرەبەکردنی کوردی لە مێژووی عێراقدا پیادەکرد. ئەم بەرنامانە گۆڕینی سنوورە ئیدارییەکانی قەزاو پارێزگاکانی باکووری عێراقی لە خۆگرت، بە ئامانجی کەمکردنەوەی بوونی کورد لەکەرکوك، دیالە، موسڵ و نەینەوا و ناوچەکانی دیکە. هەرچەندە تێکڕای ئەو دەستکاریکردنەکانەی سنووری ناوچەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی بەعەرەبکردندا روویندا، بەڵام مەترسیدارترین ئەم دەستکاریکردنانە لەو چوارچێوەیاندا روویدا، کە گەڕاندنەوەی زۆرێك لەو ناوچەیە بۆ ئەو سنوورەی پێش ساڵی ١٩٦٨ هەبوو دەبێتەهۆی ئەوەی خاکێکی زیاتر بگەڕێتەوە بۆ سەر هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئەو

گریمانەیە لەخۆدەگرێت کە هەموو لایەك ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن کە تەواوی ئەم دوو پارێزگایە، سەرەڕای دهۆك، هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن.

ئەگەرچی پێشبینی دەکرێت لایەنگەلێکی گرنگی ناو لیستی ئەل عێراقیە کە عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، بەرهەڵستی ئەم دووبارە داڕشتنەوەی سنوورانە بکەن، ئەوا پێدەچێت کوردەکان وەك پێویست ئەو پارتە سیاسیانە شك ببەن لە بەغدا کە پشتیوانی ئەم پلانە بکەن. ئەگەر وابێت، ئەوا کوردستان دەستکەوتگەلێکی زۆر گرنگ بەدەست دەهێنێت لە ئایندەیەکی نزیکدا. هەرچۆنێك بێت، لەم پرۆسەیەدا، دەبێت سەرکردەکانی کوردستان کۆششی سەخت بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لابدەن لە ناچارکردنی گرووپگەلێکی یاخی تاوەکو ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. گرووپە عەرەبە نوێیەکان یان ئەو گرووپە تورکمانانەی نادۆستن و ئامادەی ڕووبەڕبوونەوەن لە چوارچێوەی کوردستان سوود بە کەس ناگەیەنن تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خوازیاری خراپەن بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموارکردنە ئیدارییەکان کە تاڵەبانی دەیداتە پەرلەمانی عێراق هەموو کێشەکانی تایبەت بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی باکووری عێراق چارەسەر ناکات. لەبەر ئەم هۆیە، ڕەنگە کارێکی ڕاست و پێویست بێت کە هەولێر هەوڵبدات هەموو شتێك لە یەك کاتدا یەکلابکاتەوە، ئەویش لە ڕێی ڕێککەوتنێکی گرنگەوە کە لە ئەنجامی گفتوگۆوە پێیبگەن، ئەمەش دوای ئەوەی پلانی هەموارکردنی سنووری ئەو ناوچانە پێشکەش دەکرێت. لە بەرامبەر دەستهەڵگرتن لە هەندێ لە سنوورەکانی پێش ساڵی ١٩٦٨ ( لە بنەڕەتدا زۆربەی ئەو ناوچانەی دەنگیان بە کوردەکان یان بە پارتە بچووکە هاوپەیمانەکانیان نەدا لەو چەند هەڵبژاردنە کەمەی ئەم دواییەدا) ئەوا هەندێ ناوچەی کەمی دیکە بۆ کوردستان زیاد دەکرێن (لە بنەڕەتدا ئەو ناوچانەی کە بەشێك نەبوون لە پارێزگا کوردیەکان لە پێش ساڵی ١٩٦٨دا، بەڵام زۆربەیان دەنگیان بە کوردەکان یاخود بە پارتە بچوکە هاوپەیمانەکانیان داوە.)

بێگومان ڕێککەوتنێکی گرنگی لەم چەشنە پێویستی بە سازشە لەسەر چەند خاڵێك. بەڵام پێدەچێت بەدیلەکان خراپتر بن. بەردەوامبوون لەسەر پێداگیرکردن لەسەر میکانیزمە مەحاڵەکانی ماددەی ١٤٠ کوردستان بە هیچ شوێنێك ناگەیەنێت، لە کاتێکدا پشتگوێخستنی ئیداری ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بەردەوامەو بە شێوەیەکی مەترسیدار بارودۆخەکەیان خراپتر دەبێت. جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بە ئاڕاستەی باکووردا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکێشەلەسەرەکان لە ڕێی هێزەوە وا دەکات هەم بەغداو هەم دەوڵەتە دراوسێکانیش کاردانەوەی سەربازیان هەبێت. ئەگەرچی بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە لە ساڵانی بیستەکانەوە تاوەکو ئێستا پێشمەرگە لە بارێکی باشتردایە بۆ ئەوەی ئەم ڕووبەڕبوونەوەیە ئەنجام بدات، بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەم جۆرە ناکۆکیە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی ئەوەی هەموو کەسێك لە عێراقدا وەك دۆڕاو لێی دەربچن. گرتنەبەری سیاسەتی لێواری هەڵدێر و پەنابردنەبەر هێز هەمیشە دەبێتەهۆی دروستبوونی هێزگەلێکی پێشبینی نەکراو، کە لەم ساتەوەختەدا هەم عێراق و هەم کوردستانی عێراق لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە سەقامگیریە. ئەمەش هۆکاری زیاتر دروست دەکات بۆ ئەوەی سەرکردە کوردەکان هەوڵی ئەوە بدەن ئەوەندەی مومکینە، کێشەی ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بەشێوەیەکی ئارام و ئاشتیانە یەکلابکەنەوە.

هەرکە ئەم کێشەیە چارەسەرکرا، هەولێر ئەتوانێت بایەخدان و کۆششی خۆی بۆ ئامانجە گرنگەکانی دیکە تەرخان بکات. هەرچۆنێك بێت، تاوەکو نادڵنیایی سەبارەت بەئەم ناوچانە باڵ بکێشن بەسەر دۆخەکەدا، ئەوا هەر ئەولەویەتێکی دیکەی کورد لە عێراقدا ڕووبەڕووی دژواری دەبێتەوە.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

**ئامانجە ڕاستەقینەکەی ماددەی ١٤٠ بریتیە لە کردنی هەموو، یاخود زۆربەی ئەو ناوچانەی دانیشتووانەکەیان کوردن بە بەشێك لە هەرێمە خۆجێییەکەی کوردستان**

**پشتگوێخستنی ئیداری ناوچەناکۆکی لەسەرەکان بەردەوامەو بە شێوەیەکی مەترسیدار بارودۆخەکەیان خراپتر دەبێت**

**پەنابردنەبەر هێز هەمیشە دەبێتەهۆی دروستبوونی هێزگەلێکی پێشبینی نەکراو، کە لەم ساتەوەختەدا هەم عێراق و هەم کوردستانی عێراق لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە سەقامگیریە**





# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مەترسی هەیە

## بەڵام بۆ موزایەدەی سیاسیی پەردەپۆش دەکرێت

ئەمریکا کاتێك هاتە عێراق بۆ ئەوە هات لەشەڕی عێراق سەرکەوتو بێ، ئەمەش نەك تەنیا بەو مانایەی کە جەنگەکە بەرێتەوە و ڕژێمی پێشوو بڕووخێنێت، بەڵکو مانای سەرکەوتن لەشەڕ بەو مانایە بوو دوای ڕژێمی پێشوو عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی بونیاد بنێتەوە، بەڵام ئێستا بڕیاریداوە هێزەکانی بکشێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق نە بۆتە وڵاتێکی دیموکراتی نە هەنگاوی پێویستیشی بۆ فیدرالیەت هەڵگرتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئێستا مەترسی ئەوە هەیە جارێکی دیکە عێراق بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵبگرێتەوە و لەبری بونیادی فیدرالیزم جارێکی دیکە سیستمی سەنترالیزم بگەڕێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا بوونیان هەیە، عێراق بەمجۆرە هەنگاو بۆ دیموکراتی و فیدرالی هەڵبگرێت، پرسیار ئەوەیە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە دەبێ ئەوکاتە عێراق چۆن بێت؟

سەبارەت بەم پرسە و ترسی تێکرای عێراقیەکان لەگەڕانەوە بۆ تاکڕەوی، پرسیارمان لە ڕەشید عەزاوی پەرلەمەنتاری لیستی تەوافوقی عێراقی کرد، لەوەڵامدا عەزاوی ئەو ڕاستیەی نەشاردەوە، کە ئەم ترسە لای هەموو عێراقیەکان بە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانەوە بوونی هەیەو لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (پرسیارەکەتان وا دەگەیەنێ و بریتییە لەنیگەرانی لەبارەی گەڕانەوەی تاکڕەوی لەبەر هەرهۆکارێك و لەژێر پۆشاکێکی جیاوازدا، ئەوەی ڕاستی بێت هەموو هاووڵاتیانی عێراق ئەم ترسەیان هەیە، تەنانەت گەر لەباکوور بن یاخود باشوور، لەکوردستان یاخود لەناوچەکانی تر، هەموان لەگەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بەپۆشاکێکی نوێ دەترسن، بەداخەوە نەزعەی لایەنە سیاسییەکان کەشوهەوای ئەوەیان بۆ ڕەخسا بگەڕێنەوە بۆ دیکتاتۆرییەت، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە، ئەوەی ڕاستی بێت دیموکراسییەت لەشەو و ڕۆژێکدا دروست نابێت، لەبەرئەوەی دیموکراسییەت بریتییە لەکەلتور، بۆیە پێویستە ئەو کەلتورە لەسەر ئاستی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بێت، مەبەستم لەقوتابخانە و لەناو خێزان و لەسەر شەقام و لەبازاڕ، پێویستە کەلتوری دیموکراسی لەسەرتاسەری کۆمەڵگەی عێراقی بڵاوبکاتەوە، بەداخەوە تاکو ئەمڕۆش ئەم کەلتورە بەو جۆرە نییە، هاووڵاتیان تاکو ئەمڕۆیش نازانن چ مافێکیان لەسیستەمی دیموکراسی هەیە، بۆنموونە زۆربەی هاووڵاتیان لەپێناو سەلامەتی خۆیان سازش لەمافەکانیان دەکەن، بەڕای من پێویستە لەسەر دەزگاکانی میدیا و سیاسەتوانەکان و پسپۆرە کۆمەڵایەتییەکان گەلی عێراقی هۆشیاربکەنەوە لەبارەی مافە ڕاستەقینەکانیان بۆئەوەی بەفیڕۆی نەدەن، پێموایە کە ئەمە زوڵمێکی گەورەیە کە پاش ئەو دیموکراسییەتە و پاش ئەو هەموو خوێن و قوربانیدان و کاولکارییە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ دیکتاتۆرییەت، دیکتاتۆرییەتیش لەهەموو وڵاتانی جیهان تاقیکراوەتەوە و هیچ خێرێکی لێ نەکەوتۆتەوە، هیچ وڵاتێك لەجیهان لەدیکتاتۆرییەت سەرکەوتوو نەبووە، لەبەرئەوەی تاکڕەوی لەدەسەڵات هیچ خێرێکی لێ ناکەوێتەوە، هەرگیز سوودی نییە.. لەلایەکی دیکە و لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەکان سیاسەتی فەرامۆشکردن هێشتا ڕەگی لە«عێراق» هەڵنەکەنراوە و تەنانەت ئەو کەسانەیش کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو بەهۆی سیاسەتی پەراوێزکردنەوە ئەشکەنجەیان چێشتووە، دەبینین تا ئەمڕۆیش ئەو سیاسەتە لەهزریاندا هەر ماوە و وەك ئەوەیە وەك بڵێی ڕۆڵی ڕژێمی پێشوو بەرجەستە دەکەن و ئەمڕۆ ئەوان دووبارە پیادەی دەکەنەوە، بەڕاستی سیاسەتی تەهمیشکردنی بەرامبەر بۆتە کەلتورێك لای سیاسەتوانەکانی عێراق و بەشێوەیەك هەرکەسێك بگاتە دەسەڵات ئەوە لایەنەکانی دیکە فەرامۆشدەکات و دان بەمافی لایەنەکانی بەرامبەردا نانێت، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ ڕێزنواندن هەبێت بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەواقیعی و بەپراکتیکی، لێرەوە ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی فیدرالیزم، خۆتان دەزانن لەسەرەتای نەوەتەکان وەك ڕێگەچارەیەك بۆ عێراق خرایەڕوو، ئەگەر دوای کشانەوەی عێراق لەکوێت فیدرالیزم جێبەجێ بکرایە، ئەوە ئەمڕۆ دەمانتوانی پێکەوە بژین، بەڵام ئەمڕۆ، ئەم کەلتورە بوونی نییە، سەبارەت بەپێوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانیش دەبێت دان بەو ڕاستییە بنێین کە ئەم پێوەندییە ئاساییە لەسەردەمەکانی ڕژێمی پێشوو نەبوو، بەڵام لەڕاستیدا نەمانتوانی هیچ بکەین، ئێمە خوازیاربووین پێوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی «عێراق» پتەوبکرێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ نەمانتوانی، بۆیە چارەسەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەر کەسێك خۆی کاروبارەکانی خودی خۆی بەڕێوەبەرێت و سوپاس بۆ خودا کە ئەو هەموو سامانەی پێمان بەخشییە و بەپێی دەستوور سامانەکان دابەش بکرێت بەسەر پێکهاتەکان و چەند خولێکی هەڵبژاردن پێکەوە ببینین و هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوانماندا هەبێت، بۆنموونە ئێمە پەنا بۆ برایانمان لەباشوور بەرین و ئەوانیش داوای هاوکاریمان لێ بکەن و هەموو لایەنەکان دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ یەکتری درێژ بکەن، ئەگەر هات و بینیمان فیدراڵییەت سوودی بۆمان هەیە و باشە، ئەوکات لەسەری دەڕۆین، بەڵام ئەمڕۆ کاتێك کە حکومەتێکی ناوەندی لە«بەغدا» هەیە و حوکمڕانیی هەمووان دەکات بۆتە شتێکی ناپەسەند بەلای خەڵکەوە، لەبەرئەوەی حەتمەن فەرامۆشکردنیشی لەگەڵدا هەیە، لەوانەیە لەڕووی تیۆرییەوە باوەڕێکی تەواویان هەیە کە هیچ جیاوازییەك لەنێو هاووڵاتیانی عێراق نییە، بەڵام کە دەگاتە جێبەجێکردن دەبینین بەپێچەوانەوەیە، لێرەدا نامەوێ هیچ لایەنێك تۆمەتبار بکەم، بەڵام تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە ناتوانن یەکسان بن و ناتوانن یەکسانی جێبەجێ بکەن)).

ئەوەی عەزاوی ئاماژەی پێکرد خاڵێکی ترسناکە بەوەی حکومەتی سەنترالی بەغدا بەجۆرێك ڕەفتار دەکات کە هاووڵاتیان بەحکومڕانییەکی ناپەسەند لەقەڵەمی بدەن، بۆیە لە کازم شەمەری پەرلەمانتاری لیستی عێراقیەشمان پرسی بەوەی ئایا هەمان مەترسی لای ئەوانیش هەیە؟ لەوەڵامدا شەمەری بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (موماڕەسەی دیموکراسیی ڕاستەقینەمان لەم وڵاتە نەبینیوە، بەڵکو تاکو ئەمڕۆیش داخستنی زارەکان دەبینین و بێزاربوونی حکومی دەبینین بەرامبەر خۆپیشاندانەکان، هەروەها تاکو ئەمڕۆیش ئەوە دەبینین کە ئۆپۆزسیۆن وەك تیرۆریست سەیر دەکرێت یاخود وەك کەسێکی دەرچوو لەیاسا، تاکو ئەمڕۆیش تێگەیشتن لەسەر چەمکی ئۆپۆزسیۆن نییە، ئەمڕۆ ئەم هەموو شتانە دەبینین، ئەم هەموو شتانە وایانکردووە دیمەنی سیاسی دیمەنێکی ڕوونی نەبێت و وای لەئێمە کردووە نیگەران بین تەنانەت لەسەر هەبوونی دەوڵەتێکی مەدەنیش، مەبەستم تەنانەت لەدەوڵەتێکی مەدەنیی عێراق- یش نیگەرانین، بۆنموونە دەبینین گوێڕایەڵی بۆ ڕاو بۆچوونی ئایینی هەیە و سەرکردە ئایینییەکان

جیرال رۆساتی بۆ گوڵان:



**هەرێمی کوردستان لەبنەڕەتدا نیمچە سەربەخۆیە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەناوچەکانی شیعە و سوننەکانەوە هەبێت، ئەوا هێشتا بوونێکی سەربازی گەورەی ئەمریکا بوونی دەبێت لەم ناوچانەدا**

# سیاسەتی تەهمیشکردنی بەرامبەر بۆتە کەلتورێک لای سیاسەتوانەکانی عێراق و بەشێوەیەک هەرکەسێک بگاتە دەسەڵات ئەوە لایەنەکانی دیکە فەرامۆشدەکات و دان بەمافی لایەنەکانی بەرامبەردا نانێت

ڕەشید عەزاوی بۆ گوڵان:



دەســـتێوەردانی ژیانی سیاسی دەکەن، هەرکاتێك بارودۆخەکان گرژتر بووبێت دەمانبینی حکومەت پرسی بەســـەرکردە ئایینییەکان دەکرد، ئەمەیان کاتێك کە مەســـەلەکان پێوەندییان لەگەڵ خۆیان هەبێت، بەڵام کاتێك کە مەســـەلەکان پێوەندییان بەمافەکانیان بێت دەمانبینی ڕاو بۆچوونی پیاوە ئایینییەکانیان پشتگوێ دەخست هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ جێگری سەرۆك کۆمار «خزەیر خوزاعی» ڕوویدا، لەڕاستیدا ئەم هەموو شتانە وامان لێ دەکات نیگەران بین لەســـەر ئاییندەی دیموکراســـییەت لەوڵات و تەنانەت نیگەرانیش بین لەســـەر ئاییندەی «عێراق» وەك دەوڵەتێکی مەدەنی)).

سەبارەت بەوەی ئایا ئەم ڕەفتارانە کەموکورتین لەسیســـتمە دیموکراتیەکە، هەوڵێکە بۆ پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ تاکڕەوی و سەنترالیزم، شەمەری لەســـەر ئەم پرســـەش لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئێســـتا هەســـتێك بۆ تاکڕەوی و دیکتاتـــۆری هەیە، بەڵام هیوادارم ئەم هەســـتە لەســـەر پێکهاتەیەك بۆ نموونە شـــیعە حســـاب نەکرێت، هەروەك هەموو ئەو شـــتانەی لەماوەی ٣٠ ســـاڵی پێـــش ٢٠٠٣ ئەنجامدرابوون، خرایە ئەستۆی پێکهاتەی سوننە، بۆیە دیسان هیوادارم هیچ لایەك وەك کورد و ســـوننە هەســـت نەکات زوڵمی لێکراوە، لەبەر ئـــەوەی ئەگەر بەو جۆرە سەیر بکرێت، ئایا ئەگەر هاووڵاتیانی سەماوە و ناسرییە و عیمارە هەست بەزوڵم بکەن، ناوی بنێن چی و بەرپرســـیارەتیەکە بخەنە ئەستۆی کێ؟ ئەوان ئەمڕۆ ژیانێکیان هەیە کە بەمانای وشـــە واتای ژیانێکی ســـەرەتاییە، ئەم بەرپرسیارەتییە بخەینە ئەســـتۆی کێ؟ ئەگەر ســـوننە و کورد بیخەنە ئەستۆی حکومەت، ئایا ئەم حکومەتە، دەیخەمە نـــاو دوو کەوانە، ئایا ئەمە حکومەتی (هاوبەشـــی نیشـــتمانی) نییە؟ ئایا واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هەمووان لەســـەر یەك کەشـــتین؟ هـــاوکات هاووڵاتیـــان ئـــەو شـــەپۆلە بەهێز و تووڕەیەیـــە کە لەهەر ســـاتێکدا ئەگەری هەیە کەشـــتییەکە بەهەموو لایەنەکانی سەریەوە نوقم بکات، بۆیە پێویســـتە ئەوانەی دڵیان بەعێراقی نوێ دەســـووتێت کاربکەن بۆ وەدیهێنانی مافی گەل، زۆر بەداخەوە دەبینین هەمان ڕەفتارەکانی حزبی بەعس ڕوودەدات کە لەبەرامبەر پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامیان دەدا، بەداخێکی گەورەوە دەبینین ئـــەو ڕەفتارانە ئەمڕۆ دووبارە دەکرێتەوە، مومارەســـەی ناڕەوا هەیـــە. لەهەموو وڵاتانی جیهاندا، ئەگەر ســـەیرێکی نەخشەی سیاسیی هەمـــوو وڵاتانی جیهـــان بکەیـــن دەبینین ئەو وڵاتانـــەی کە ڕووبەڕووی مەینەتیی سیاســـی بوونەتەوە، ســـەرکردەی مەزنیان لێ هەڵکەوتووە و توانیوویەتـــی گەلەکەی خۆی ڕزگار بکات، بۆنموونـــە «نێلســـن ماندێللا» و کەســـانی تر، لەکاتێکـــدا لای ئێمە «عەبدول کەریم قاســـم» هات و بنەماڵەی شـــاهانەی ڕووخاند، پاشـــان لەدژی بەعسییەکان وەســـتا، دواتر بەعسییەکان بەرهەڵســـتکاریان کرد، ئینجا قەومییەکان، دواتر بەعسییەکان و پاشان «دەعوە»...و تاد. تاکەی خوێنی عێراقی بەردەوام دەبێت لەڕشتن؟ تاکەی باوەڕمان دەمێنێت بەهەستی تۆڵەسەندنەوە؟ کێ دێت؟ مەبەســـتم، ئێمە پێویســـتیمان بە«نێلسن ماندێللا»یەکی عێراقی هەیە کە باوەڕی هەبێت و بـــاوەڕ بە «عێراق» بـــکات، هەروەها باوەڕی بەلێبوردەیـــی و لێخۆشـــبوون هەبێت، لێبوردەیی خەســـڵەتی مرۆڤی باوەڕدار و نیشتمان پەروەرە، بەڵام بێت و ئێمە لەســـەر بنەمای تۆڵە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەین و لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن لەسەر کەسانی بەرامبەر، بۆنموونە مـــن ڕێگە بەکورد نـــادەم لەبەرئـــەوەی گرێی کوردی و عەرەبی لەمێشکمدا چەسپاوە، هەروەها ڕێگە بەعەرەب نادەم لەبەرئەوەی گرێی کوردی و عەرەبیـــم هەیە، یانیش ڕێگە بەشـــیعە نادەم لەبەرئەوەی لەنێو ئەم گرێیەدا دەژیم، ئەم گرێیە ئەرکی ســـەرکردە سیاســـییەکانمانە کاربکەن بۆ لەناوبردنی لەنێو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی، بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لەبەردەم بەرپرســـیارەتییەکی مێژوویین بـــۆ ئەوەی بۆ نەوەکانمان ئاییندەیەکی گەش و خۆشگوزەران بونیادبنێن، ئاییندەیەك کە لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێت لەنێوان پێکهاتەکانـــی ئەم کۆمەڵگەیە، بۆیە پێویســـتە لەسەریان هەســـت بەوە بکەن کە «عێراق» یەك نەتەوەیە بـــە لەبەرچاونەگرتنی ئایین و تایفە و نەتەوە جیاوازەکان)).

شـــەمەری بەڕاشکاوی دەســـتی خستە سەر کێشەکان و ئەوەی خستەڕوو کە ئەم حکومەتەی ئێســـتا ناتوانێت برینەکانی عێراق سارێژ بکات، یان بەســـەر گرێ دەروونییەکانی کورد و عەرەب و شـــیعەو ســـوننەدا زاڵبێـــت، بۆیە ســـەبارەت بەم لایەنە پرســـیارمان لەپســـپۆری یاســـایی و شرۆڤەوانی سیاســـیی عێراق تاریق حەرب کرد، ئـــەو لەوەڵامی گوڵاندا وێڕای ئـــەوەی بوونی جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی بە ئاســـایی وەسف کـــرد و جەختی لەســـەر ئەوەکـــردەوە کە دەبێت ئـــەو جیاوازیانە دانی پێـــدا بنرێت، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە کە هۆکاری شکستی عێراق تاکڕەوییە و لەم چوارچێوەیەدا وتی: (من ئەم جیاوازییەم لا پەسەندە، جیاوازییەکانی نێوان من و تۆ، جیاوازی لەدەوڵەمەنـــدی، ناتوانیـــن وا لەهاووڵاتییـــەك لە«هەولێر» بکەین بەهەمان شێوەی بیرکردنەوەی کەســـێك لە«عیمـــارە» بیربکاتـــەوە، هەروەها ناتوانین هاووڵاتییەك لە«ســـەلاحەدین» وا لێ بکەین وەك هاووڵاتییەکی «واست» بیربکاتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەنجامی ئەو جیاوازییانەیە کە ئەمـــڕۆ گفتوگۆ و وتووێژ دەکرێت، من وەك پیاوێکی دیموکراسی زۆر پشتگیری لەجیاوازی دەکـــەم لەبەرئەوەی وازمان هێناوە لەڕای تاکڕەو، ئەوەی ئێمەی کوشـــت ڕای تاکڕەو و سەرکردەی تاکـــڕەو و پارتی تاکڕەو بووە، با ڕێگە بەخەڵکی بدەیـــن دەنگیان بەرزبکەنەوە، با دەمامك نەخەینە ســـەر زار و مێشك و دڵیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە دیموکراســـییەتەکەمان بەهێزتر دەکات ئەم دەوڵەمەندییەمانـــە لەڕووی جیاوازییەکانمان و جیـــاوازی لەبیر و بۆچوونەکانمـــان و بەڵکو بەپێچەوانـــەوە لەبەرئـــەوەی جیـــاوازی دەبێتە مایەی مشـــتومڕ و وتووێژ و دانوســـتان لەسەر مەسەلەکان، لەبەرئەوەی ئەگەر بهاتبا و لەنێوان قەوارەکان تەوافـــوق و ڕێککەوتن هەبوایە، ئەوە ئەوکات مافەکان دەفەوتان و ئازادییەکان پێشـــێل دەکران)).

## مەترسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

ئەو بارودۆخەی پەرلەمانتار و شرۆڤەوانەکانی عێراقی لـــەم ڕاپۆرتـــە ئاماژەیـــان پێکردووە، گواســـتنەوەی ئەو واقیعەیە کە ئێســـتا عێراقی پێ تێپەڕدەبێت، بۆیە ســـەبارەت بەکشـــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جیرال ڕۆساتی ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیـــەکان لەزانکۆی باشـــووری کارۆلینا کرد، ســـەبارەت بەم پرســـە گرنگە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ســـەرەتا من لەوەوە دەست پێدەکەم کە ڕەنگە هەڵوێســـتی من جیاوازتر بێت لەهەڵوێســـتی ئەو توێژ و پســـپۆڕانەی بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە باس لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن و بەم دواییەش لەلایەن

بەبۆچوونی من ئەو کشانەوەیە بریتییە لەتەنیا «کشـــانەوەیەکی جوزئـــی»، و ئەمریکا عێراق جێناهێڵێت.

ئەگەر ئێستا بچیت بۆ بەغدا و بۆ ناوچەی سەوز «گرین زۆن» کە پێشتر کۆشك و تەلاری سەرۆکایەتی سەدام حوسێنی لێبوو، بەڵام ئێستا گەورەتریـــن باڵیۆزخانـــەی ئەمریکای لەهەموو جیهاندا لێیە، لەڕاســـتیدا ئەمە شـــارێکە لەناو شـــارێکدا کە پێکهاتووە لەزیاتر لە٣٠ باڵەخانەی هەوربڕ کە کەوتۆتە سەر ڕووباری دیجلە. کەواتە، ئەوەندەی مـــن ئاگاداربم، ئەمریکا بەڕاســـتی ناکشـــێتەوە، بەڵکو پلان بۆ مانەوە دادەڕێژێت بۆ ئاییندەیەکـــی نزیك. ژمارەی ئەو ســـەربازانەی بەڕەســـمی دەمێننەوە کەم دەبێتـــەوە لە٥٠هەزار ســـەربازە بۆ نزیکەی ٢٠ بۆ ٣٠ هەزار سەرباز، بـــەڵام من پێـــم وانییە بۆ کەمتر لـــەو ژمارەیە ڕێکخـــراوی دیکەی حکومـــەت لەخۆدەگرێت، هەروەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد، ئەم باڵیۆزخانەیە شـــارێکە لەناو شاردا، کە بەمەبەستی پاراستنی ئەمریکا و پاراســـتنی بەرپرســـەکانی ئەمریکا لەحاڵەتـــی خراپبوونی بارودۆخەکـــە بنیاتنرا. مەســـاحەی ئەم باڵیۆزخانەیە حـــەوت ئەوەندەی مەســـاحەی بـــارەگای نەتـــەوە یەککگرتووەکانە لەنیویۆرك، واتە ئەوەندە گەورەیە و هیچ شتێکی دیکـــە هێندەی قەبـــارەی ئەم نابێـــت. کەواتە بوونێکی ســـەربازی گەورە لەئـــارادا دەبێت کە زۆربەی ســـەربازەکان لەناو باڵیۆزخانەکەدا نابن، بەڵکو لەناو بنکەکاندا دەبن، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەمریـــکا بوونێکی چالاکی دەبێـــت لەهەندێ بنکەدا ئەگەرچی وادانـــراوە کە گەڕێنراونەتەوە بۆ حکومەتی ڕەســـمی عێراق. دووەمیان ئەوەیە ئەمە لەبنەڕەتـــدا فەرمانبەرە حکومیەکان کاری تێـــدا دەکەن، هەروەك ئاماژەم پێکرد لەئاژانســـە جیاوازەکانـــەوە ســـەرچاوە دەگـــرن، لەنێوياندا وەزارەتـــی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەی ئای دی و دەتوانیـــت بەردەوام بیـــت لەناوهێنانیاندا، من نازانم تـــا چ ڕاددەیەك ڕێگە دەدەن بەبوونی کەســـە ناحکومیەکان، بەڵام جێی سەرســـوڕمان نابێت، ئەگەر بەڵێندەرەکان ئامادەبوونێکی چڕیان هەبێـــت. ئەمریکاش بـــەردەوام دەبێت بەتایبەتی لەبواری مەدەنیدا، بۆ ئەوەی گرێبەســـت بکات کە زۆربەی کاریگەریەکانی بەئاڕاستەی ئەوەی ئێـــوە ئاماژەتان پێکرد کە بریتییـــە لەپەرپێدانی «پرۆســـەی بنیاتنانی نەتـــەوە» و پەرەپێدانی «سیســـتمێکی پتر دیموکراسی»، کەواتە یەکەم خاڵێـــك کە من دەمەوێت بیڵێـــم ئەوەیە ئەمریکا بەڕاستی ناکشێتەوە، بەڵکو لەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە. ئەویـــش بەلەبەرچاوگرتنی ژێرخانی ئەم باڵیۆزە زەبەلاحە. من تازە لەکۆلۆمبیـــا گەڕوامەتەوە، کۆلۆمبیا سێیەم گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەجیهاندا لەخۆدەگرێت، بەبینینی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا باڵیۆزخانـــەی کۆلۆمبیا وەك منداڵێکـــی تازە لەدایك بـــوو دەردەکەوێت، واتە ئەگەر بەراوردیان بکەیـــت بەیەك زۆر بچووکە. هەروەها ئەمە ڕێگـــە بەئەمریکا دەدات دووبارە دەســـتێوەردان بکاتـــەوە و بوونێکی فیزیکی زۆر گەورەتری هەبێت لەئاییـــندەدا- من ناڵێم ئەمە ڕوودەدات- هەم بەهـــۆی بوونی باڵیۆزخانەکەوە و هەم بەهۆی ئەوەی بەردەوام دەســـت بە هەندێ بنکەی سەربازی گەورە دەکات، کە هەروەك ئێوە دەزانن بەوڵاتەکەدا بڵاوبۆتەوە)).

پرۆفیســـۆر جیرال کە گرەو لەسەر ئەوە دەکات ئەمریکا نەخشە بۆ مانەوەی هێزەکانی دەکێشت، بەڵام لەهەمانکاتدا بەفەرمیـــش ڕایدەگەیەنێت کە دەکشـــێتەوە و خۆی لەخۆیدا جۆرە هاودژیەك دروســـت دەکات، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دووبارە لەپرۆفیســـۆر جیرالمان پرســـیەوە، ئایا چۆن ئەم دووحاڵەتە پێکـــەوە گرێدەدرێتەوە؟ لەوەڵامدا پرۆفیســـۆر جیرل بەمجـــۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (لەڕاســـتیدا هۆکاری ئـــەوەی ئەمریکا بەڕەسمی دەکشێتەوە ئەوەیە حکومەت یەککگرتوو نییە، من نازانم ئێوە چۆن وەســـفی دەکەن، بەڵام یەکدەنگ نییە و لەسەر ئەم ئەساسەش کارناکات، بەڵکـــو لەچەنـــد لایەنێکی جیـــاواز پێکهاتووە، ئامانجـــی بنەڕەتـــی، بەلای کەمـــەوە لەلایەن ئەمریکاوە بریتییە لەگەیشـــتن بەڕێککەوتن، کە دەرفـــەت بەئەمریکا دەدات بوونێکی ڕەســـمی هەبێت دوای کۆتایی ساڵ، کە ئەمە باڵیۆزخانە و دەستگەیشتن بەبنکەکان و ڕاهێنان دەگرێتەوە، بەهەمان شـــێوە چالاکیەکانی دیکە، لەبەر ئەوە پێموایە ئۆباما کشـــانەوەی هێزەکانی ڕاگەیاند، کە پێموایە زۆربەی ئەو ڕاگەیاندنە زیاتر خیتابە، لەبـــەر ئەوەی هـــەروەك ئاماژەم پێکـــرد، ئەوان بەتەواوەتی ناکشـــێنەوە، ڕەنگە بەشێکی سیاسی

## کازم شەمەری بۆ گوڵان:



# ئەم حکومەتەی ئێستا ناتوانێت برینەکانی عێراق ساڕێژ بکات، یان بەسەر گرێ دەروونییەکانی کورد و عەرەب و شیعەو سوننەدا زاڵبێت

دابەزێت، لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ســـوپای عێراقی و پۆلیســـی نیشتمانی عێراق-کە ئەمەش مانایەکی گشتی هەیە، لەبەر ئەوەی ڕوون نییە تا چ ڕاددەیەك ئەمە ســـوپا و پۆلیســـی ناوچەی ئێوە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێوە وەك هەرێمی کوردســـتان لەبنەڕەتدا نیمچە ســـەربەخۆن، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەناوچەکانی شیعە و سوننەکانەوە هەبێت، ئەوا هێشتا بوونێکی ســـەربازی گـــەورەی دەبێـــت لـــەم ناوچانەدا، ئـــەو باڵیۆزخانەیە دەبێتە شـــوێنێك بۆ زۆربەی بەرپرســـەکانی ئەمریکا، ئەوانەی بەردەوام دەبن لەبینینی ڕۆڵێکی چالاك لەعێراقدا، کە ئاشکرایە ئەمە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت، ئاژانسی ئەمریکی بـــۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و چەندین

## تاریق حەرب بۆ گوڵان:



# ئەوەی ئێمەی کوشت ڕای تاکڕەو و سەرکردەی تاکڕەو و پارتی تاکڕەو بووە، با ڕێگە بەخەڵکی بدەین دەنگیان بەرزبکەنەوە

بێت، کە بەچەشنی زۆرێك لەلێدوانەکانی دیکەی ڕابردوو بەئامانجی ئەوەیە، حکومەتی مالیکی، حکومەتی عێراق، هەر ناوێکی لێدەنێیت، باشتر لەنێو خۆیدا کاربکات. بەلای منەوە ئەمە جۆرێك لەکاردانەوە لەبەرامبـــەر هەندێ ڕووداودا کە نە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت و نە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئەمریکادان. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بـــۆ کارەکانی ئەمریـــکا لەماوەی ئـــەو چەند ساڵەی لەعێراق بووە، دەبینین هەر لەو کاتەوەی پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو کۆتایی هات، حکومەتی ئەمریکا زۆرباش ئامادەبوو بۆ ئەوەی کە پێی دەوترێت بنیاتنانەوەی دوای شـــەڕ، کە بریتییە لەقۆناغی چوارەم لەزمانی ســـەربازیدا کاتێك دووچاری شـــەڕ دەبیت، بەڵام ســـەرۆك



ئۆباما و ڕاوێژکارەکانی، وەك جێگری سەرۆك چینی، وەزیری بەرگری ڕامسفیلڈ و جێگری وەزیری بەرگری وۆلفیتز، لەبنەڕەتدا ئامادەباش نەبوون بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕ. ئەو دیراسەتانەی کرابوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوە، لەلایەن ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و لەلایەن سوپای ئەمریکا و لەلایەن هەموو کەسێکەوە لەبارەی ئەو ڕاستیەی کە سەرکەوتن لەڕووخاندنی سەددام حوسێن و داگیرکردنی وڵاتەکە قورس نییە، بەڵکو ئەرکی قورس گێڕانەوەی نیزام و ئارامیە بۆ عێراق، بەڵام لەهەوڵەکانی گێڕانەوەی ئەم سەقامگیریەدا ،بوش و چینی، و ڕامسفیلڈ و وۆلفیتز بەتەواوەتی هاوڕانەبوون، ئەوان هاوڕابوون لەسەر داگیرکاریەکە. وۆلفۆیتز وەك موحافیزکاری نوێ ئاماژەی پێدەکرا، گەشبینترین کەس بوو لەهەموو کەس زیاتر بایەخی بەدروستکردنی عێراقێکی لیبراڵ دەدا، کە عێراقی لیبراڵیش بەمانای عێراقێکی دیموکرات و سەرمایەدار بوو، پێموانییە ڕامسفیلڈ بەو ڕاددەیە بایەخی بەو مەسەلەیە دابێ، ڕامسفیلڈ زیاتر بایەخی بەوە دەدا کە پێی دەوترا وەرچەرخانی سەربازی، واتە گرنگی بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی خێرا دەدا و بایەخێکی کەمتری بەدۆخی دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکە دەدا. ڕەنگە ئەمە لەبەشێکیدا پێوەندی بەئەفغانستانیشەوە هەبێت، کە وا پێشبینی دەکرا بەهێنانی حامید کارەزای وەك سەرکردەیەك بەئاسانی ئەنجام دەدرێت، کە ئاشکرایە ئەمە لەئەفغانستاندا ڕووینەدا و بەدڵنیاییەوە ئەمە لەعێراقیشدا ڕووینەدا، بوش ئەزموونی نەبوو لەسیاسەتی دەرەوەدا و ئەزموونی نەبوو لەئاسایشی نەتەوەییدا و بەزۆری پشتی بەڕاوێژکارەکانی دەبەست و دیك چینیش پشتگیریەکی بەهێزی لەداگیرکاریەکە دەکرد. زۆر کەس سەریان لەهەڵوێستەکەی چینی دەرنەدەچوو، لەبەر ئەوەی لەشەڕی کەنداوی یەکەمدا چینی وەزیری بەرگری بوو و ئەو ڕازی نەبوو کە سوپای ئەمریکا بچێتە بەغدا بۆ ڕووخانی سەددام حوسێن، کە ئاشکرایە شتگەلێکی زۆر ڕوویاندا لەنێوان ئەو شەڕە و ساڵی ٢٠٠٣دا کە چینی و ڕامسفیلد و وۆلفۆیتز ببنە پشتیوانییەکی سەرسەختی داگیرکاریەکە و پاوڵیش کە ئەگەر بەرهەڵستی داگیرکاریەکەی نەکردبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە پشتگیری نەدەکرد و باوەڕی وابوو دەبێت تەرکیز لەسەر بنیاتنانەوەی دوای شەڕبکرێتەوە. کۆندۆلیزا ڕایس کە ئەو کاتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و بوو دواتر بووە وەزیری دەرەوە، ڕاوێژکارێکی باش و سەرکەتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەو هەماهەنگی کردن بوو بۆ گەیاندنی ڕاوێژکاریەکان بەسەرۆك و هەموو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی بیرۆکراسی کار بۆ سەرۆك بکات)).

# ئاكامەكانی ئیغتیالكردنی سەركردەی كوردی سوریا مەشعەل تەمۆ

پرۆفیسۆر مایكل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

مەشعەل تەمۆ (1957-2011)، كە تەمەن 53 ساڵ و كەسێكی ڕێزلێگیراوبوو لەلایەن خەڵكانێكی زۆرەوەو سەركردە(وتەبێژ)ی "بزوتنەوەی ئایندەی كوردی" سووری و هەروەها ئەندامی لیژنەی جێبەجێكاری ئەنجومەنی نیشتیمانی موعارەزە بوو كە ئەنجومەنێكی بنكەفراوانەو بەم دواییە پێكهات، لە 7ی تشرینی یەكەمی 2011 و لە شاری قامیشلۆ ئیغتیالكرا.

هەروەها هاوسەرەكەی و یەكێك لە شەش مناڵەكەی لە هێرشەكەدا بریندار بوون. تەمۆ ئامادەی كۆبوونەوەیەكی سیاسی بوو كاتێك هێرشەكە ئەنجامدرا. ئاشكرایە ئیغتیالەكە كاریگەری دەبێت لەسەر هەرێمی كوردستان لە باكووری عێراق. كێ بەرپرسیار بوو، بۆچی ئەم كارەیان كرد؟ ئاكامەكانی چی دەبن؟

گرووپە كوردیە سووریەكان ئۆباڵەكەیان خستەئەستۆی حكومەتی سووری، هەروەك مەحمود عوسمانیش، كە كەسایەتیەكی سیاسی ناسراوی كوردی عێراقە، ئەم بەرپرسیارێتیەی خستەئەستۆی حكومەتی سووری. هەرچۆنێك بێت، سوریا تێوەگلانی لەم كردەوەیەدا ڕەتكردەوەو ئۆباڵەكەی خستەئەستۆی نفوزی دەرەكی و مەزەندەی ئەوەی كرد توركیا لە پشت ئەم كارەیەوە بە ئامانجی هاندانی پشێوی تاوەكو ببێتەهۆی بەرپاكردنی ڕاپەڕینێكی چەكداری كوردی كە ڕوخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەدی لێبكەوێتەوە كە بۆ ماوەیەكی زۆرە دوچاری گێژاوی گرفت و دژواری بۆتەوە. هێشتا كەسانێكی دیكە بانگەشەی ئەوە دەكەن ئێران لە پشت ئیغتیالكردنەكەوەیە وەك پشتیوانیەك بۆ ئەل ئەسەد كە ماوەیەكی دوورودرێژە هاوپەیمانێتی و هەروەها لە ئەنجامی ترسی لە كەمینەی كوردی وڵاتەكەی كە نارەزاین و ئامادەیی ملكەچكردن نین.

تەنیا مانگێك پێشتر، تەمۆ بە زەحمەت لە هەوڵێكی كوشتن ڕزگاری بوو و لەو كاتەوە خۆی حەشاردابوو. لەو كاتەدا، بە دیاریكراوی ڕژێمی سوریای تۆمەتبار كرد بە ئەنجامدانی ئەو هەوڵە. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی تەواو نائاساییی و سەیرە- كە ئەمە درزتێكەوتوویی ئەو هاوپەیمانێتیە ڕوون دەكاتەوە كە بەلای كەمەوەلە 14 پارتی جیا جیا كوردی سووری پێكهاتووە- كە بە هەمان شێوە تەمۆ ئەوەی ڕاگەیاند هەوڵی پێشووتر بۆ كۆتایی هێنان بە ژیانی لە لایەن پارتی یەكێتی دیموكراتییەوە ئەنجامدراوە، كە گرووپێكی كوردی بچووكە و هاوپەیمانە لەگەڵ پارتی كرێكارانی كوردستانی (پەكەكە) توركیادا، بەڵام بە فەرمانی ڕژێمی سووریا ئەم كارەی كردووە. پاڵنەری پشت ئەم هەوڵەو هەوڵی جاری دووەم كە هەوڵێكی سەركەوتوبوو بریتی بوو لە بەرهەڵستیكردنی تەمۆ بۆ ڕژێمی سوریا، كە پەكەكە هەوڵی دەدا وەك پەناگەیەكی پاڵپشت (سووریا) بەكاری بهێنێت ئەگەر هاتوو گەریلاكانی لە چیا سەختەكانی قەندیل كە كەوتونەتە كوردستانی عێراقەوە دوورخرانەوە. بە هەمان شێوە پارتی یەكێتی دیموكراتی تۆمەتباركرا بە ئیغتیالكردنەكە لەبەر ململانێیەكەی بۆ هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندان. هەرچۆنێك بێت، تەمۆ ئەوەی بە ڕوونی ڕاگەیاند كە باوەڕی وایە ڕژێمی سووریا لە پشت كارەكانی پارتی یەكێتی دیموكراتیەوەیە.

نارەزایی دەربڕینی مەزن دژی ئیغتیالكردنەكە سەریكێشا بۆ مەزەندەكردنی ئەوەی كە پارتە كوردییەكانی سووریا كە بۆ ماوەیەكی دوورودرێژە بێدەنگن و دابەشبوونە لە نێو خۆیاندا، ئێستا بەلای كەمەوەو بەشێوەیەكی جوزئی یەكگرتوون و چوونەتەپاڵ موعارەزەی سووری دژی ئەل ئەسەد. لەبەر ئەوەی كورد لەسەدا 10 دانیشتووانی سوریا پێكدەهێنن و بەو پێیە گەورەترین كەمینەی سووریان، ئەم یەكگرتوییەی كورد ڕەنگە یارمەتیدەر بێت لەبەدەستهێنانی سەركەوتن لە لایەن موعارەزەی سووریەوە. ئەگەر وابێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت كوردەكانی سووریا بەسەر دوو ئاستەنگدا زاڵبن:

1) دابەشبوونە گەورەكانی نێو خۆیان

2) بێ متمانەیی قووڵیان بە حكومڕانی عەرەب كە بە درێژایی مێژوو مافەكانی كوردیان بێ بایەخ و بەكەم گرتووە.

تەمۆ لە شارۆچكەی سووری دەبەسیا لە دایك بووە و بڕوانامەی ئەندازیاری كشتوكاڵی هەبوو. خێزانداربوو و خاوەنی چوار كوڕ و دوو كچ بوو. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە كەسایەتیەكی گرنگ بوو لە ناو پارتی یەكێتی گەلان كە پارتێكی كوردی بوو لە سووریا. لە ساڵی 1999 ئەو پارتەی جێهێشت و بزووتنەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی سووری دامەزراند. لەوەش زیاتر، بزووتنەوەی ئایندەی كوردی و مەڵبەندی جەلادەت بەدرخانی لە قامیشلۆ دامەزراند بۆ زیندووكردنەوە و پەرەپێدانی كەلتوری كوردی. هەرچۆنێك بێت، دواتر مەڵبەندە كەلتورییەكە (كە بە ناوی یەكێك لە برا بە ناووبانگەكانی بەدرخانەوە ناونرا كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەرەی بە ناسیۆنالیزمی كوردیدا لە سوریا) داخرا، تەمۆش بەتۆمەتی ئەنجامدانی چالاكی دژی حكومەت دەستگیركرا. لە 11ی مایسی 2009، دادگای جینائی دیمەشق بە تاوانی "لاوازكردنی هەستی نەتەوەیی" (ماددەی 285 لە یاسای سزادان) و "بڵاوكردنەوەی هەواڵی ساختە یاخود زیادەڕەو كە بۆی هەیە كاریگەری هەبێت لەسەر ئیرادەی میللەت" (ماددەی 286) حوكمیدا. لە كاتی دەستگیركردنەكەیدا بەڵگەنامەكانی پارتەكە لە ئۆتۆمبێلەكەی تەمۆدا دۆزرانەوە وەك بەڵگە بۆ قەزییەكەی خرانەڕوو.


ژمارە (٨٥٢) ■ ٢٠١١/١٠/٣١




لە ئازاری 2011دا، یەکێك لە 13 زیندانیکراوەکانی ویژدان بوو (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەم نازناوەی لێنان) کە مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاندو بەیاننامەیەکیان ئیمزاکرد کە _تیایدا باسیان لەوەکرد کە حکومڕانی ئێستای سووریا- بە کودەتایەکی سەربازی (مەبەست لە بنەماڵەی ئەل ئەسەدە) باری نائاسییان ڕاگەیاندوە، کە لە ماوەی 48 ساڵی ڕابردوودا لە سووریا سەپێنراوەو ئێستاش هەر بەردەوامە. هەروەها بەیاننامەکە سەرنجی ئەوە دەدات کە 12ی ئازار حەوتەمین ساڵیادی قەسابخانەی کوردەکانە لە یاریگای تۆپی پێ لە قامیشلۆ. یاسا نارەواکان بەردەوام جێبەجێ دەکرێن لە سووریا و رژێمی سووریا بەهۆی هێزە ئەمنیەکانەوە پارێزراوە. دەسەڵاتی قەزائی ئازادی ڕاو بۆچوونی لە ناوبردوەو ڕکابەرەکانی تێکشکاندووە لە ڕێی تۆمەتی هەڵبستراوەو و حوکمی نارەواوە. لە کۆتاییدا، بەیاننامەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سەرکوتکاری ئەل ئەسەد دەکات لە چوارچێوەی ئەو باهۆزی گۆڕانە دیموکراتیەی بەسەر جیهانی عەرەبیدا هەڵیکردووە.

لە 2ی حوزەیرانی 2011دا، دوای دەرچوونی مەرسومی لێخۆشبوونی ژمارە 61 تەمۆ لە زیندان ئازاد کرا. لە دوایین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ دەزگایەکی هەواڵی کوردیدا، ڕووداو، تەمۆ پێشبینی ئەوەی کرد کە هەرگیز سووریا ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش ڕاپەڕینەکە لەبەر ئەوەی هەردوولا پاشەکشە ڕەتدکەنەوە:"خەڵکی بڕیاری بەردەوامبوونیان داوە تاوەکو ڕووخاندنی ڕژێمەکە، لە کاتێکدا ڕژێمی ئەسەد بڕیاری داوە بارودۆخەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرنەکات، لەبری ئەوە بڕیاری بەکارهێنانی هێزی داوە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕژێمەکە"(ڕووداو، 13ی ئەیلولی 2011).

دوای ئیغتیالکردنی تەمۆ، 50،000 خۆپیشاندەر ڕژانەسەر شەقامەکانی قامیشلۆ بۆ بەڕێکردنی تەرمەکەی. ڕەنگە ئەوە گەورەترین خۆپیشاندان بێت لە ناوچە کوردییەکاندا لە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە عەرەبیەکەوە لەدژی ئەسەد لە ئازاری 2011دا. هێزە ئەمنیەکان شەش کەسیان لێکوشتن. خۆپیشاندانی دیکە لە ناوچەکانی دەرەوەی شار لە ئەلێپۆ، لاتاکیا و حەسەکە ڕوویاندا. نارەزایی دەربڕینی بچووکتر لە بەردەم باڵیۆزخانەکانەی سوریا لە بەرلین، ڤیەننا، لەندەن و نوێنەرایەتی هەمیشەی سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکانلە جنێڤ ڕوویاندا. نارەزایی دەربڕینی دیکە وەك هاوسۆزییەك بۆ تەمۆ لە بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا ئەنجامدران کە بوونەهۆی ئەوەی مەزەندەی ئەوە بکرێت خاڵی وەرچەرخان بە قازانجی یەکێتی کورد لە سووریا و پشتیوانی بۆ ڕاپەڕینەکە دژی ڕژێمەکە بەدی هاتووە. لەبەر ئەم هۆکارەو ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، حکومەتی ئەل ئەسەد کە دووچاری گرفت و دژواری بۆتەوە تەنانەت بەم دواییە یاسای بەدناوی ژمارە 93ی ساڵی 1962ی هەڵوەشاندەوە کە 160،000 کوردی بیانی (ئەجانب) (بێدەوڵەت) لە ڕەگەزنامە بێبەشکردبوو و هەروەها 75،000 کوردی دیکەی سووریا بە ناوی مکتومین (شاردراوەکان).

هەروەك توێژەرێکی فەرەنسی بە ناوبانگ جارێك سەرنجیدا کە: بە دەگمەن شۆڕشەکان ئەو کاتە دەستپێدەکەن کە دۆخەکە خراپە، بەڵکو ئەو کاتە ڕوودەدەن کە دۆخەکە بەرەو باشتر دەچێت.

لە مانگەکانی دواییدا تورکیا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەسەددا پچڕاند بەهۆی سەرکوتکاری خوێناوییەوە کە ڕژێمی سووریا ئەنجامیدەدا. بەو پێیە، هەڵوێستی نوێی تورکیا بووە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ دژی ئێران بوەستێتەوە کە هاوپەیمانێکی درێژخایەنی ئەسەدە. بەو پێیە، ئێران کردەوەکانی تورکیا وەك تەحەددیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی سەیر دەکات. لەوەش زیاتر، دەکرێت لە بەشێکیدا کردەوەکانی تورکیا وەك خواستێك بۆ لە شێوەدانی ڕووداوەکانی سوریای دوای بەشار ئەسەد لە بەرژەوەندی خۆی سەیر بکرێت، بە پێچەوانەوەی شکستیەوە لە ئەنجامدانی ئەم کارە لە عێراقی دوای سەددامدا کە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەری لێدەکرا سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی کوردی بەهێز بوو و ئەمەش ڕوویدا. تاوەکو ئەم دواییە، تورکیا، بە توندی ( توندییەك کە زیاتر لە تورەییەوە سەرچاوەی گرتبێت نەك لە بیرکردنەوەیەکی وریایانە) بەرهەڵستی بزووتنەوە کوردییەکانی دەکردو وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر وجودی خۆی سەیری دەکردن. هەرچۆنێك بێت، بەم دواییە، سیاسەتی تورکیا هەنگاو بە هەنگاو گۆڕا بەهۆی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی لەگەڵ کوردستانی عێراقداو بەهۆی چاکسازییە ناوخۆییەکانی کە لەبەشێکدا بەئومێدی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا ئەنجامیدان. هێشتا تورکیا بەلای کەمەوە دەیەوێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەر ڕۆڵێك کە کوردەکانی سووریا لە ئایندەداو لە سووریای دوای ئەسەددا دەیبینن، ئەو ڕۆڵەی ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر کوردەکانی تورکیا کە کێشەو گرفتیان هەیە. لەبارەی پرسی هێشتنەوەی کوردەکانی سووریا لە ژێر ڕکیفی خۆیدا، ڕەنگە تورکیا بکەوێتە گرفتەوە لەگەڵ هاوپەیمانە کوردییە تازە دەرکەوتووەکەیدا، هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق. لە کۆتاییدا، ئێستا ئەوە ڕوونە کە ئیغتیالکردنی تەمۆ نەبۆتەهۆی یەکخستنی بزووتنەوەی درزتێکەوتووی کوردی سوریا.



ئامۆژگای (EURAC) یەکێکە لەئامۆژگا بەناوبانگەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و لەساڵی ١٩٩٢ و لەهەرێمی بۆلزانۆ/ بۆزنی ئیتاڵیا دامەزراوە، ئەم ئامۆژگا تایبەتمەندە بەبواری داهێنان و زانست و پێنج بواری سەرەکی لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە: پراکتیکی لینگوستیك، کەمینەکان و حکومڕانی لۆکاڵی، پەرەپێدانی بەردەوام، کارگێڕی و ڕۆشنبیری کۆمپانیاکان، زانستە مرۆییەکان، سەبارەت بەو کێشانەی ڕووبەڕووی فیدرالیزم دەبێتەوە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی بەشی پێوەندییەکانی ئامۆژگای (EURAC)، بۆ ئەوەی ئامۆژگای ناوبراو کەسێکی پسپۆر دەستنیشان بکات بۆ وەڵامدانەوەی، بەسوپاسەوە ئاگاداریان کردینەوە کە خاتوو دۆت ئەلیزابێس توێژەی باڵا لەئامۆژگای (EURAC) دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی بەفەرمی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان بداتەوە، هەروەها ئاگاداریان کردینەوە کەوا خاتوو دۆت ئەلیزابیس توێژەری باڵایە لەئامۆژگای ناوبرا و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کەمینەکان و حکومڕانی لۆکال، ئێستاش کاندیدی دکتۆرایە لەزانکۆی ئینسبرەك (Innsbruck) و تێزی دکتۆرارەکەشی کە ئامادەی کردووە لەسەر بەراوردکاری نێوان سیستمە فیدراڵیەکانە، ئەم دیمانەیەش کە ئامۆژگای (EURAC) بەسوپاسەوە بۆ گوڵانی ڕێکخستووە، دوای ئەوەی دەقەکەی بەکوردی لەگۆڤاری گوڵان بڵاو دەکرێتەوە، بەزمانی ئینگلیزیش لەبەشی ئینگلیزی گوڵان میدیا و وێبسایتی (EURAC) بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش دەقی وەڵامەکانی خاتوو دۆت ئەلیزابیس ئەلبەرە بۆ گوڵان.

## دۆت ئەلیزابیس ئەلبەر بۆ (گوڵان):

# فیدرالیزم نە سەرچاوەی ناکۆکییەو نە چارەسەریشە بۆ هەموو کێشەکان، بەڵکو بەرهەمی کۆمپرۆمایزی سیاسییەکانە

**گوڵان:** ئەوە ئاشکرایە کە فیدرالیزم ڕێگایەکە بۆ پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لەوڵاتەکەدا، بەڵام ئەزموونە سەرکەوتووەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی بێ بوونی دیموکراسی فیدرالیزم بەئاسانی سەرکەوتوو نابێت، وەك ئەوەی لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیمان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی فیدرالیزم لەغیابی دیموکراسیدا سەرکەوتوو نابێت؟

**دۆت ئەلیزابیس:** فیدرالیزم بەچەندین شێوە ڕاڤەکراوە، لێگەڕێن با ئەوە شیبکەینەوە کە ئێمە لەئەنستیتیوتی یوراك (EURAC) بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی فیدرالیزم و پێکهێنانی هەرێمەکان چۆن پێناسەی فیدرالیزم دەکەین. فیدرالیزم بەمانا گشتیەکەی، فۆرمێکە لەدابەشکردنی دامەزراوەییانەی دەسەڵات کە هاوبەشی هەیە لەدەسەڵات و، دەسەڵات لەنێوان چەند ئاستێکی (بەلای کەمەوە دوو ئاست) حکومەتدا بەسەر هەمان خەڵك و لەهەمان ناوچەی جوگرافیدا دابەشکراوە. بەپێچەوانەوە دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا یەك سەرچاوەی دەسەڵاتی هەیە، هەربۆیە بەتێڕوانینی ئێمە، ئەرکی سەرەکی سیستمی فیدرالی فرەئاست بریتییە لە بەنامەرکەزیکردنی دەسەڵات (یەکەم گرنگترین هۆکاری بوونی فیدرالیزم) و خولقاندنی میکانیزمی هاوبەش لەو سیاقانەدا کە فرە ئیتنی تێدایە (دووەم گرنگترین هۆکاری بوونی فیدرالیزم). هەردوو

> **لەسیستمی فیدراڵیدا دەسەڵات و داهاتەکان (سەرچاوەکان) دادپەروەرانەتر دابەشکراون، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ پێکەوە هەڵکردنی جیاوازەکان لەڕێی پرۆسەکانی بڕیاردانەوە کە هەمووان بەشداری تێدا دەکەن**

ئەم ئامانجە، ئەگەر بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێن، دەبنە زەمانەتی پێکەوەژیانی بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەسایەی یەك سەقفی هاوبەشدا.

لەسیستمی فیدرالیدا دەسەڵات و داهاتەکان (سەرچاوەکان) دادپەروەرانەتر دابەشکراون، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ پێکەوە هەڵکردنی جیاوازیەکان لەڕێی پرۆسەکانی بڕیاردانەوە کە هەمووان بەشداری تێدا دەکەن. ئاستەکانی حکومەت نزیکتر لەیەك و لەهاووڵاتیان کار دەکەن. بەو پێیە سیستمە فیدرالیەکان جیاوازییە شەرعییەکان (جیاوازییە ئیتنی، کەلتوری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و جوگرافی) لەنێو هەرێمەکاندا باشتر دەپارێزن بە بەراورد بەحکومەتە مەرکەزیەکان، کە لە-یەکەم تیڕوانیندا- ڕەنگە کەمتر ئاڵۆز دەرکەون.

توخمە سەرەکییەکانی سیستمی فیدرالی (یان بەفیدرالیکردن) لەنێو سیستمەکانی دیکەدا بریتین لەشەفافیەت، بەرپرسیارێتی، بەهەمان شێوە ئامادەیی و توانا بۆ دارشتنی

## شەفافیەت و بەرپرسیارێتی تەنیا بەهۆی بوونی فیدرالیزمەوە نایەنەدی، بەڵام فیدرالیزم ئامرازێکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە و بۆ بەدەستهێنانی حکومڕانیێتی باش

ئەو سیاسەتانەی تایبەتن بە پڕکردنەوەی پێداویستییە مەحەلییەکان و خواستەکانی خەڵك (جێبەجێکردنی ئەوەی پێی دەوترێت بنەما لاوەکییەکان). شەفافیەت و بەرپرسیارێتی تەنیا بەهۆی بوونی فیدرالیزمەوە نایەنەدی، بەڵام فیدرالیزم ئامرازێکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەو بۆ بەدەستهێنانی حکومڕانیێتی باش. حکومڕانیێتی باش خۆی لەخۆیدا تەنیا توخمێکی دیموکراسیە لەپاڵ مافەکانی مرۆڤ، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئازادی ڕاو بۆچوون، ئازادی ئایینی و مافی گشتی و یەکسان بۆ دەنگدان. هەرچەندە دەکرێت دیموکراسی لەسایەی هەر سیستمێکیاندا، فیدرالی یان مەرکەزی، گەشە بکات ئەوا جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان هەردوو جۆرە حکومەتەکە لەپێوەندیدا بەزەمانەتکردنی یاساییانەی پێکەوە هەڵکردنی جیاوازییەکان و خواستە مەحەلییەکان. بۆ نموونە لەبەریتانیا دەسەڵاتی کۆتایی بەسەر هەموو شتەکاندا لەچوارچێوەی شانشینی یەکگرتوودا لەدەستی حکومەتە مەرکەزیەکەدایە، تەنانەت ئەگەر دوایین بەرەوپێشچوونەکانی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەبەرچاوبگرین (یاسای سکۆتلەندی ١٩٩٨، یاسای باکووری ئێرلەندی ١٩٩٨، یاسای وێڵزەکان ١٩٩٨ کە بەیاسایی وێڵزەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا هەموارکرا).

بەپێچەوانەوە لەئەمریکادا کۆنگرێس دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتەکانی نییەو ویلایەتەکانیش ناتوانن ئەو دەسەڵاتە بگرنەدەست کە دیاری کراون بۆ حکومەتە نیشتیمانییەکە. دەستووری ئەمریکا سەرچاوەی دەسەڵاتی هەردوو ئاستە دیموکراتیەکەی حکومەتە، لەبەرامبەردا دەستوورەکە دوایین دەسەڵات لەدیموکراسیدا دەداتە دەستی خەڵك.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە پێناسەی دیموکراتی بەبیربهێنمەوە کە بریتییە لە «حکومەتی خەڵك و لەلایەن خەڵك و لەپێناو خەڵکدا» کە پێناسەی ئەبراهام لینکۆڵنە و پێناسەی فیدرالیزم وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای یەکگرتنی «خوبەڕێوەبردن لەگەڵ حکومڕانی هاوبەش» بنیاتنراوە (دانییەڵ ئەلازار). ئەم پێناسانە ئەوە پیشان دەدەن کە مۆدێلی سەرکەوتووی فیدرالیزم ناکرێت دیموکراسی نەبێت، ئەگەرچی تەنانەت تەنیا بوونی سیستمی فیدرالیزم مەرج نییە بەمانای ئەوەبێت ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی دیموکراتییە. فیدرالیزم بەبێ دیموکراسی بەردەوام نابێت ئەگەر توخمە دیموکراتیە بنەڕەتییەکان ڕێزیان لێنەگیرا، ئەوا توخمە سەرەکییەکانی فیدرالیزم وەك چوارچێوەکانی هاوکاری دوو لایەنە و دڵسۆزی سەرکەوتوو نابن. لێگەڕێن بەشێوەیەکی دیکە گوزارشتی لێبکەم، فیدرالیزم شکست دەهێنێت لەبەر ئەوەی توخمە بنەڕەتییە دیموکراتیەکان غائیبن، نەك لەبەر ئەوەی ئەو ئاڵۆزییەی لەحکومڕانییەکەدا هەیە، ئەوەی دووەمیان لەبەهەڵەتێگەیشتنەکان لەبارەی مانای فیدرالیزم و لەبارەی ئەو دەرفەتانەی دەیڕەخسێنێت بۆ حکومڕانیێتی باش سەرچاوەی گرتووە. نەیجیریا و پاکستان نموونەگەلێکی کاریگەرن بەم هەڵەتێگەیشتنانە و ئاستە نادیموکراتییە ناسەرکەوتووەکان.

هەم فیدرالیزم و هەم دیموکراسی پەیوەستن بەدابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیەکانەوە، هەروەك پێوەندیان بەهاوکاری و هەماهەنگی لەنێو ئاستەکانی حکومەت و خەڵکەکانیانەوە هەیە. باشووری ئەفریقیا و ئەسیوبیا نموونە گەلێکن بۆ کەلتورێکی سیاسی کە زەمینەیان تیاڕەخساوە بۆ جێبەجێکردنی بونیادە فیدرالیەکان.

بەم شێوەیە فیدرالیزم نە سەرچاوەی ناکۆکییە و نە چارەسەریشە بۆ هەموو کێشەکان، بەڵکو دەرئەنجامی سازشە سیاسییەکانە بەئامانجی هەم پێکەوەهەڵکردنی جیاوازەکان و هەم بنیاتنانی یەکێتی، بەهەمان شێوە هاوکاری لەنێوان هەرێم و خەڵکە جیاوازەکاندا. هەم سازشی سیاسی و هەم یەکێتی لەکۆمەڵگەیەکی هەمەچەشندا بەتەنیا بەهۆی ڕێوشوێنە یاساییەکانەوە بەدەست ناهێنرێن و ناپارێزرێن ئەگەر ئەو توخمە سەرەکییانەی دیموکراسی کە ئاماژەم پێکردن غائیب بن.

**گوڵان:** یەکێتی ئەوروپا کە فیدراسیۆنێکە و لە٢٧ وڵات پێکهاتووە، پێشمەرجی بەئەندامبوونی ئەوەیە وڵاتەکە دیموکراتی بێت، هەروەها دەستووری یەکێتی ئەوروپا چەند مەرجێکی داناوە کە بناغەی لیبرال دیموکراسین، ڕاڤە و لێکدانەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**دۆت ئەلیزابیس:** یەکێتی ئەوروپا نموونەیەکە بۆ سیستمێکی حکومڕانی دوورتر لەدەوڵەت (مۆدێلێکی نوێی نیمچە باڵاتر لەنەتەوە بۆ حکومڕانیێتی)، کە لەسەر ئەساسی بەهاکانی ڕێزگرتن لەکەرامەتی ئینسانی، ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی و سەروەریی یاساو ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، لەنێویاندا مافی ئینتیمابوون بۆ کەمینەکان (ماددەی ٢ لەپەیماننامەی یەکێتی ئەوروپا) بنیاتنراوە. کە تاوەکو ئەمڕۆ کاراترین سیستمی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤی خوڵقاندووە: دادگای یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان کە وەك چوارچێوەیەك بۆ مافە بنەڕەتییەکان کاردەکات، بۆتەهۆی ئەوەی یەکێتیەکە ببێتە دەستەیەك دریژکراوەی یاسایەکی نیمچە دەستووری، کە زەمانەتی ئازادییە بنەڕەتییەکان دەکات (ئازادی هاتوچۆی کرێکاران، ئازادی دامەزراندن، ئازادی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئازادی هاتوچۆی کاڵا و سەرمایەکان) هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی یاسا ئینتیقالیەکانی ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی لەساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٧دا چوونە پاڵ یەکێتیەکە. لەئێستادا یەکێتی ئەوروپا ٢٧ دەوڵەتی ئەندامی هەیە. ئەوەی پێوەندی بەسروشتی ئەم یەکێتیەوە هەبێت، ئەوا مشتومڕێکی بەردەوام هەیە لەنێو توێژەران، دادوەران، سیاسییەکان و هاووڵاتیانەوە لەبارەی ئەوەی ئایا یەکێتی ئەوروپا دەوڵەتێکی فیدرالییە، فیدراسیۆنە، کۆنفیدرالییە، کۆمەڵەی دەوڵەتانە یان..... دەوڵەتە ئەندامەکان

## ئەو وڵاتانەی فیدرالیزمیان هەڵبژارد وەك سیستمی حکومڕانی بەتەنیا بەڵگەی ئەوە نییە کە فیدرالیزم دەرمانی هەموو دەردێکە، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە فیدرالیزم ئەو ئامرازانەت دەداتێ کە بەهۆیانەوە ئیدارەیەکی سەرکەوتووی کێشەکان بکەیت

لەنێو یەکێتی ئەوروپادا ناتوێنەوە. تایبەتمەندی خۆیان دەپارێزن، بەو پێیە یەکێتیەکە شەرعیەتی خۆی لەحکومەت و هاووڵاتیە نیشتمانییەکانەوە وەردەگرێت، هەروەك لەبونیادە دووانەییەکەی دەسەڵاتی یاسادانەکەیەوە دیارە (ئەنجومەنی وەزیران وەك ئەنجومەنی وەزیرەکانی دەوڵەتەکان و پەرلەمانی ئەوروپا وەك ئەنجومەنی گەلان). لەڕووی یاساییەوە، سروشتی یەکێتی ئەوروپا لەدوو حوکمدا لەلایەن دادگای عەدالەت لەساڵی ١٩٦٣ (Van Gend & Loos) و ١٩٦٤ (Costa v Enel)کە پێوەندیان بە یەکێتی ئابووری ئەوروپی ئەوکاتەوە هەبوو، بەڵام تا ئێستاش کاریان پێدەکرێت. ئەو دەرئەنجامەی دەکرێت لەم کەیسانەوە پێی بگەین، لەپێوەندیدا بەکەیسی (Van Gend & Loos)ـەوە، یەکێتیەکە نیزامێکی یاسایی نوێ بۆ یاسای نێودەوڵەتی دەخوڵقێنێت و

سـوودەکەی ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی لەڕووی سـەروەرییەوە مافیان سـنووردارە، ئەگەرچی لەچەنـد بوارێکی کەمـدا، بابەتەکانی نیزامە یاساییەکە نوێیە نەك تەنیا لەدەوڵەتە ئەندامەکان، بەڵکو لەنەتەوەکانیشـیان پێکهاتـووە، هەروەها لەپێوەندیدا بەکەیسەکانی. (Costa v Enel)، ئەوا وەرچەرخانی دەوڵەتان لەسیسـتمە یاساییە ناوخۆییەکانیانەوە بۆ سیسـتمی یاسایی ماف و ئەرکەکان لەسـەر ئاستی یەکێتیەکە لەسایەی پەیماننامەکەدا لەگەڵ خۆیدا سنووردارکردنێکی هەمیشەیی سەروەریی هەڵدەگرێت، کە ناکرێت لەبەرامبەریدا کارە تاکلایەنەکان کە نەگونجاوبن لەگەڵ چەمکـی یەکێتیەکەدا باڵادەسـتبن. بەشـێوەیەکی گشـتی، یەکێتیەکە گرنگترین نموونـەی هاوکاریـی دامەزراوەییـە لەنێوان دەوڵەتان و ئامانجـە بەراییەکەدا «خولقاندنی یەکێتیەکـی نزیکتـر»، کە ئەمـەش دەیکاتە پرۆژەیەکـی تەواونەکراو کە لەبەرەوپێشـچوون و گەشـەکردنێکی بەردەوامدایە. ئەو کارانەی لەلایەن حکومەتە نیشـتمانییەکانی یەکێتیەکە، بانکـی ناوەندی ئەوروپی و کۆمیسـیۆنەکەوە ئەنجام دەدرێن بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی داراییـی و ئابـووری جیهانی بەڵگەن لەسـەر ئەمـە. دامەزراوەکانی ئەوروپـا هەماهەنگی لەنێویـان کاردانـەوە نیشـتمانییەکان دەکەن و بەدوای سـتراتجیەتی هاوبەشـدا دەگەڕێن بۆ گێڕانـەوەی متمانە بەپیشەسـازی دارایی و گەشـەی ئابـووری، بەتایبەتـی لەپێوەندیدا بەدەوڵەتانـی پێگس-ەوە (پورتوگال، ئایرلەندا، یۆنان و ئیسـپانیا و ئیتاڵیا). مشتومڕ لەبارەی ئەجێنـدای چاکسـازی ئابـووری و دارایی ئەوروپییەوە ئەوە لەدەوڵەتە ئەندامەکان دەخوازێت بەشـدارییەکی تەواویان هەبێت لەچاکسـازییە ئابـووری و کۆمەڵایەتیەکانـدا. هەمەڕەنگی ئابووری و جیاوازی ئەولەویەتە سیاسـییەکانی نێـوان دەوڵەتـە ئەندامـەکان میکانیزمەکانی حکومڕانـی یەکێتـی دراوی ئەوروپی و ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی یەکێتی ئەوروپا دەخاتە بەر تاقیکردنەوە کە مامەڵە بەیۆرۆ ناکەن. هاوکاری یەکێتیەکە هاوشێوەی مۆدیلێکی سەرکەوتووی فیدرالیزمە لەسەر ئاستی ئەوروپی، کە پێدەچێت سەرکەوتوو بووبێت لەڕێبەریکردنی ئەندامەکانی بۆ جێبەجێکردنی باشترین نەریتێك کە لەئەوروپادا ئەزموونکرابێت، لەپاڵ پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکاندا. بێگومان بەدەستووریکردنی ئەم فەلسەفە فیدرالیەی هاوکاریکردن یارمەتیدەرە لەمامەڵەکردن و چارەسـەرکردنی هەر قەیرانێك کە کاریگەری هەبێت لەسەر حکومڕانێتیەکە - جا ناوخۆیی بن یـان دەرەکی. ئەوەی پێوەندی بەمەرجەکانی ئەندامێتیەوە هەبێت، ساڵی ١٩٩٣ ئەو ساڵە بوو کە یەکێتی ئەوروپا لەئەنجومەنی ئەوروپی کۆپنهاگن هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی

**لەئەمریکادا کۆنگرێس دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتەکانی نییە و ویلایەتەکانیش ناتوانن ئەو دەسەڵاتە بگرنەدەست کە دیاری کراون بۆ حکومەتە نیشتیمانییەکە**

هەڵگرت بەئاڕاستەی پێنجەمین بەرفراوانکردندا (وڵاتانی ئەورووپای ناوەند و ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە خواسـتی ئەوەیـان هەبوو ببنـە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا» و لەهەمان کاتدا، پێوەرەکانی ئەندامێتـی دیاری کرد. ئـەوەی پێی دەوترێت پێوەرەکانی کۆپنهاگن ئـەوە لەهەر دەوڵەتێکی پاڵێـوراو دەخوازێـت کە پێوەرێکی سیاسـی جێبەجێ بکات (سەقامگیری ئەو دامەزراوانەی زەمانەتی دیموکراسـی دەکەن، سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و پاراسـتنی کەمینەکان)، لەگەڵ پێوەرێکی ئابووری (بوونی بازاڕێکـی ئابووری سـەرکەوتوو کـە توانای خۆگونجاندنـی هەبێت لەگەڵ گوشـارەکانی ململانێکردن و هێزەکانـی بازاڕ لەچوارچێوەی یەکێتیەکەدا) و پێوەرێکـی وەرگیران (توانای بەجێهێنانـی ئەرکەکانی ئەندامێتـی لەنێویاندا پابەندبـوون بەئامانجـە سیاسـی، ئابووری و دراوییەکانـی یەکێتیەکەوە). کەواتە پێوەرەکانی ئەندامێتی ئەوە دەخوازێت کە وڵاتە پاڵێوراوەکان هەڵبسـتن بەخولقاندنـی هەلومەرجێـك بـۆ ئاوێتەبوونیـان لەڕێی هەمواركردنـی بونیادە ئیدارییەکانیانەوە، هەروەك ئەوەی لەئەنجومەنی ئەوروپـی مەدریـد لەدیسـەمبەری ١٩٩٥دا ڕوونکراوەتەوە. هەموارکردنەکە پێشـمەرجە بۆ جێبەجێکردنێکـی کارای یاسـاکانی یەکێتی ئەوروپا لەڕێـی بونیادی ئیـداری و قەزائی گونجـاوەوە. هەلومەرجـی ئەمـری واقیع بۆ دەوڵەتێـك بـۆ ئـەوەی ببێتە ئەنـدام بریتییە لەپابەندبوونی بەبنەماکانی یاسای ئەنجومەنی ئەوروپـی (دیموکراسـی فرەیـی، ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و سـەروەریی یاسـا. کە لەسـاڵی ١٩٤٩دا دامەزراوە وەك ڕێکخراوێکی ئەوروپـی بۆ هـاوکاری نێـوان حکومەت و پەرلەمانەکان، پاڵنەری سـەرەکی دروستکردنی بریتـی بوو لەپاراسـتنی دیموکراسـی لەبەر ڕۆشنایی ئەو تۆتالیتاریزمە ڕاستەقینەیەی بەم دواییە سـەریهەڵدا، ئەویش لەڕێی پاڵپشتکردن لەچاکسازی سیاسی، تەشریعی و دەستوورییەوە و بۆ ڕێگرتـن لەدووبارەبوونەوەی پێشـێلکاری مافەکانی مرۆڤ، کە حاڵی حازر ٢٧ دەوڵەت ئەندامە تێیدا.

**گوڵان:** بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە ئیتنییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا هەوڵدەدەن ئەم گروپـە ئیتنییە جیاوازانە لەیەك وڵاتدا و لەسـایەی فیدرالیدا کۆبکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی وڵاتەکە ناتوانێت دیموکراسی بەرهەم بهێنێت و دوای ئەوەی توندوتیژی و کوشتارێکی زۆر دروست دەبێت، وەك لەیوغسلافیای پێشوودا بینیمان، ئەوا دەبینین کـە ئەو گروپە ئیتنیانە دابـەش دەبن و جیادەبنەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرسـی لەئەزموونی یوغسلافیای پێشـوو وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لەسـەدەی بیسـتداین و نابێت ناچاریان بکەین پێکەوەبـن، ئەگەر خۆیان خوازیاری ئەمە نەبن، لەبەر ئەوەی ئەمە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە؟

**دۆت ئەلیزابیـس:** ئەوە ڕاسـتە کە زۆربەی خوێنڕێژیـە ئیتنییەکانی ئەوروپـا بەم دواییە لەسـێ دەوڵەتی فیدرالیدا ڕوویاندا کە بەشێك بـوون لەئەوروپای کۆمۆنیستی-یوگسـلافیا، یەکێتی سـۆڤیەت و چیکسلۆفاکیا، سەرەڕای ئەوە، دەوڵەتە فیدرالیەکان نـەك مەرکەزیەکان ئەو فۆرمەی دەوڵەت کـە زیاتر گرێدەدرێنەوە بەدیموکراسـیە فرەنەتەوەییەکانـەوە. تەنانەت ئەگەر بەشـێوەیەکی گشتیش قسەبکەین، ئەوا دەوڵەتگەلێکی زیاتر هەن کە خاوەنی سیستمی سـادەی حکومڕانیـن و تەنیـا ٢٥ دەوڵەتی فیدرالی هەن (واتـس ڕۆناڵد)، دەبێت ئەوەمان لەیادبێـت، کـە نزیکەی نیوەی دانیشـتوانی جیهان لەدەوڵەتـی فیدرالیدا دەژین و فیدرالیزم وەك ڕێکخسـتنێکی سیاسـی لـەو وڵاتانەدا باڵادەسـتە کە جوگرافیایەکی گەورەیان هەیە و ژمارەیەکـی گەورەی دانیشـتوانیان هەیە، هەروەها خاوەنی هەمەڕەنگی و هەمەچەشـنین (بۆ نموونە، هیندستان و کەنەدا). ئەو ڕاستیەی ئـەو وڵاتانـەی فیدرالیزمیان هەڵبـژارد وەك سیسـتمی حکومڕانی بەتەنیـا بەڵگەی ئەوە نییە کە فیدرالیزم دەرمانـی هەموو دەردێکە، بەڵام بەڵگەی ئەوەیە فیدرالیزم ئەو ئامرازانەت دەداتێ کە بەهۆیانەوە ئیدارەیەکی سەرکەوتووی کێشەکان بکەیت، ئەو کێشانەی بەهۆی ئاستێکی باڵای فرەیی زمانەوانی و ئیتنییەوە دروسـت دەبن. ئەو دەرسـەی دەکرێت فێری بین لەپرۆژە شکستخواردووەکانی فیدرالیزم ئەوەیە فیدرالیزم

**نموونەی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا ئەوە دەردەخات کە دامەزراوە فیدرالیەکان و تەرتیباتی تایبەت بەتەنیا زەمانەتی سەرکەوتن ناکەن لەئیدارەکردنی ناکۆکی و هێنانەدی بەدیموکراتیکردندا**

زیاتره لەتەنیا دانانی دامەزراوەکان و داڕشتنێکی دەستووری. داڕشتنی دەستوور تەنیا بەشێکە لەپێکهاتەکانی سیستمێکی فیدرالی سەرکەوتوو. زۆرێك لەپێکهاتەکانی دیکە پێکهاتەی بنەڕەتین بۆ ئەوەی فیدرالیزم سەرکەوتوو بێت، کە سروشتێکی یاسایی و کەلتوریان هەیە. ئەوەی پێوەندی بەدامەزراوەکانیشەوە هەبێت، ئەوا ڕۆڵی دادگاکان و سیستمی حزبی زۆرترین گرنگیان هەیە کە هەردووکیان کاریگەریان هەیە لەسەر توخمە کەلتوریەکان و کاریگەر دەبن بەم توخمە کەلتوریانە. هیچ سیستمێکی فیدرالی دیموکراتی سەرکەوتو نابێت بێ بوونی کەلتورێکی فیدرالی گونجاو، کەلتورێك کە لای پارتە سیاسییەکان و لای خەڵك بوونی هەبێت. ئەگەر هەندێ لەوڵاتانی ئاسیا ببنە وڵاتگەلێکی دیموکراتی سەقامگیر، ئەوا ڕەنگە فیدرالیزم (یاخود بەلای کەمەوە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی تایبەت وەك هەنگاوی یەکەم) بەدڵنیاییەوە ئامرازگەلێك بخوڵقێنێت بۆ پێکەوەگونجاندنی هەمەچەشنییەکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. دەرسێکی دیکە کە دەکرێت فێری بین ئەوەیە «چارەسەرێك نییە بتوانرێت بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا بچەسپێنرێت» بۆ پێکەوەگونجاندنی جیاوازییەکان، ناکرێت مۆدێلەکان بگوازرێنەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانرێت سوود لەتەکنیکەکانیان وەربگیرێت. کردنی پرسیاری ڕاستی پێش گەیشتن بەوەڵامی ڕاست دێت.

دەرفەت بدەن قسەی بەڕێوەبەری ئەنستیوتی یوکا بۆ فیدرالیزم و ڕیجناڵیزم، پرۆفیسۆر پالیمارۆ بهێنمەوە، کە داوای یاسای هەمەچەشنی دەکات کە بریتییە لەوەی کە «فیدرالیزم نەك تەنیا پێکهاتووە لەدامەزراوگەلێکی جیاوازی یاسایی، سەرچاوەگەلێکی یاسایی و ئاستە پێکەوە پێوەندیدارەکانی ئاڵۆزی، بەڵکو ژمارەیەکی گەورەی لایەنەکان کاریگەریان لەسەر داڕشتنی هەیە. سەروەری یاسای هەمەچەشنی بەشێوەیەکی حەتمی پێداچوونەوەی بەردەوامی بۆ دەکرێت لەپێوەندیدا بەگونجاوی، کارایی و بەردەوامبوونییەوە. واتە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی ڕێکی دەخەن».

**کات ئەوە دەردەخات**
**کە بەهاری عەرەب چ**
**ئاڕاستەیەك دەگرێتەبەر:**
**ئایا بونیادە کۆنەکانی**
**دەسەڵات بەتەواوەتی**
**لەبەریەکهەڵدەوەشێنرێن**
**یاخود بەشێوەیەکی دیکە**
**خۆیان بەیان دەکەنەوە؟**

## باشووری ئەفریقیا و ئەسیوبیا نموونەگەلێکن بۆ کەلتورێکی سیاسی کە زەمینەیان تیاڕەخساوە بۆ جێبەجێکردنی بونیادە فیدرالیەکان

هەروەها ئەوەش ڕاستە هیچ سیستمێك ئەو زەمانەتەی نییە کە بۆ هەمیشە سەقامگیر بێت. هەمیشە هەموو سیستمێك لەداڕشتنیدا کەموکوڕی هەیە. تەنانەت ئەگەر سیستمێك سەقامگیر دەرکەوێت لەپێوەندیدا بەسیاقی کێشەکانەوە، ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی تەحەددی ببێتەوە کاتێك سیاقەکە دەگۆڕێت، هەروەك لەهەندێ لایەنی فیدرالیزمی ئەڵمانیا و سویسرادا بینیمان. فیدرالیزم ئەو ئامرازانەت دەداتێ کە لەڕێیانەوە ئیدارەی کێشەکان بکەیت. لەئێستادا و لەدیراسەتەکانی فیدرالیزمدا، ئیجابیەتە گرنگترەکان بوونەتە جێی سەرنجی توێژەر و ئەو کەسانەی شارەزایی پیشەییان هەیە، ئەمەش باشترکردنی توانای فێربوون لەبەفرەییکردنی سەنتەرەکانی حکومەت: واتە ئەو سیاسەت و تەکنیکی حکومڕانیانەی لەشوێنەکانی دیکە و لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حکومەت ئەزموونکراون چارەسەرگەلێك بۆ کێشەیەکی دیاریکراو دابین دەکەن. بەفرەییکردنی گروپەکانی بەرژەوەندی لەسیستمە فیدرالیەکاندا ڕێگرە لەبەردەم پێکهاتنی زۆرینەیەکی هەمیشەیی کە ئەگەری ئەوە هەیە مافەکانی کەمینە پێشێل بکات. هەروەها ئەوەی زۆر گرنگە، توانای توێژەران، داڕێژەرانی سیاسەت و لەکۆتاییدا هاووڵاتیانە بۆ بەراوردکردنی ئەدای حکومەتەکانیان بەئەدای حکومەتەکانی دیکە.

**گوڵان:** هەندێ لەشارەزایان پێیانوایە باشترین چارەسەر بۆ ناکۆکیە ئیتنییەکان بریتییە لەجیاکردنەوەی گروپە ئیتنییەکان لەیەکتر بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان هەبێت خۆیان دیموکراسی بنیات بنێین، بۆ ئەوەی دواتر خۆیان لێکنزیك ببنەوە و فیدرالیزم پێکبهێنن، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا؟

**دۆت ئەلیزابیس:** من هاوڕانیم. ئەمە سادەکردنەوەیەکی تەواوە و ئەمە سەرکەوتوو نابێت. گۆڕینی سیستم ئەرکێکی قورسە و ناکرێت گەلان تەنیا وەك پارچەیەکی سەر ڕوقعەی گەمەکە کورت بکەیتەوە. یەکڕەنگکردنی هەرێمێك بەگرووپێکی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی نە شتێکی واقیعیەو نە شتێکی خوازراویشە. لەڕوانگەیەکی فەلسەفیشەوە، ئێمە ئەتوانین کەلتور، ناسنامە و جیاوازییەکان پێناسە بکەین وەك جەوهەرێك بۆ پیشاندانی ئەوەی خەڵکی خاوەنی خاسیەتگەلێکی جیاوازن لەپێوەندیدا بەگرووپە کەلتووری - ئیتنییەکانەوە کە ئەم خاسیەتانەش وەك ڕێبەر ڕۆڵ دەبینن، بەڵام لەهەمان کاتدا توخمێکی گەشەکردوو هەیە لەکەلتور و ئیتنییەتدا. ئیتنییەت دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکداچوونێکی ئاڵۆز لەنێوان لایەنەکانی ڕابردوو، ئێستا و ئاییندەدا. لەبەر هەمان هۆ ناکرێت یاسا وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستنی سیاسی تەنیا لایەنێکی مێژوویی یان کەلتوری لەبەرچاو بگرێت، بەڵکو دەبێت ئاستێکی دیاریکراو مرونەتی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی پێداویستیە جیاوازەکان بداتەوە. فیدرالیزم زیاتر پەیوەستە بەپرۆسەکانەوە، نەك بەئامانجەکانەوە. پەیوەستە بەهێنانە ئارای ئامرازگەلێکی دینامیکی کە لەسەر ئەساسی چوارچێوەگەلێکی وردی هاوکاری کردن بنیاتنرابێتن. ئەوەی پێوەندی بەگروپە ئیتنییەکانەوە هەبێت، ئەوا ژمارەیەکی زۆری سیستمە فیدرالیەکان ڕێگا بەتەرتیبێکی تایبەت دەدەن (بۆنموونە، کەنەدا و هیندستان). هەرچۆنێك بێت، تەرتیباتی تایبەتی ئەمری واقیع و تەرتیباتی تایبەتی یاسایی خاسیەتی جیاکەرەوەی نەك تەنیا دەوڵەتە فیدرالییەکان، بەڵکو هەرێمەکانیشە (لەفیدەریشنی ئیتاڵیان بڕوانە کە لەپێکهاتندایە، هەروەها لەدەوڵەتی نیمچە فیدرالی ئیسپانیا). تەرتیباتی تایبەت پێوەندییەکی سەرەکی هەیە بەم مەسەلەیەوە کاتێك باسی پێکەوە گونجاندنی هەمەچەشنی کەلتوری دەکەین، بەتایبەتی لەکۆمەڵگە دابەشبووەکاندا، کە چیتر ئامرازە تەقلیدییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی کەمینە بەس نین بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵۆزی ڕوو لەزیادی پلانەکانی حکومەت و بانگەشەی تێکڕای لایەنەکان. لەڕاستیدا، ئایا بیرۆکەی «کیملیکا» لەبارەی فیدرالیزمی فرەنەتەوەییەوە ئاماژەیە بەنموونەکانی تایبەتبوونی ئەو گروپە ئیتنیانەی مافگەلێکی هەرێمی تایبەتیان پێدراوە، هەروەك لەهەرێمی کەتولۆنیا و باسکی ئیسپانیا، کیوبیکی کەنەدی و تریولی باشوور لەئیتاڵیا دەیبینین. ئەوەی ڕوونە، جێبەجێکردنی هەردوو مۆدێلی ئاسایی و تایبەت گرنگن. ئەو هاوسەنگکردنەی لەنێوان یەکێتی و هەمەڕەنگی دەکەوێتەوە جیاوازی دروستدەکات لەهێنانەئارای چارەسەرگەلێکی سەرکەوتوو و پێوەندیگەلێکی نەرم کە لەتوانایدا بێتە ئاسانکاری بۆ هاوکاری نێوان یەکە خوار نەتەوەییەکان و گرووپە هەمەڕەنگەکانیان بکات و بەرەوپێشیان ببات. ئەو لایەنەی کە گرنگە بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی تەرتیباتی تایبەت وەك باشترین (یەکێتی لەهەمەڕەنگیدا) یاخود خراپترین شێواز (کە سەربکێشێت بۆ مەیلی جیابوونەوە) و

خاوکردنەوەی ناکۆکیەکان بریتییە لەو ئاستەی کە دەچێتە بواری ئەندازەی دەستووریی و سیاسی دەوڵەتەکەوە. پرســی ئەوەی هەرێمەکە توانای ئەوەی هەیە یاخــود دەبێت چ جۆرە تەرتیباتێك و چ ئاســتێکی لەتەرتیباتی تایبەتی پێبدرێت پەیوەســتە بەچەندین گــۆڕاوی چوارچێوەی سیاقەکەوە کە لەسیستمە یاسایی و سیاسییەکەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها لەڕاستیە دیارەکانەوە. نموونەی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا ئەوە دەردەخات کە دامەزراوە فیدرالیەکان و تەرتیباتی تایبەت بەتەنیا زەمانەتی سەرکەوتن ناکەن لەئیدارەکردنی ناکۆکی و هێنانەدی بەدیموکراتیکردندا.

ئەوەی پێوەنــدی بەئیتاڵیــاوە هەبێت، ئەوا تەرتیباتی تایبەت دەرئەنجامی بەرەوپێشــچوونە مێژووییەکان، بەرهەمی گفتوگۆ سیاســییەکان (بەتایبەتــی لەپێوەندیدا بــە٥ هەرێمی تایبەت لەکــۆی ٢٠ هەرێم کــە دەوڵەتــی ئیتاڵیایان پێکهێناوە) و ڕێگایەکی ناچاری- لەبەر بوونی کەمینەکان- (بڕوانە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی

**ڕەنگە ڕژێمە ئیستبدادیەکان بەرێککەوت حکومڕانییەکی زۆر باش بڕەخسێنن، بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە حکومڕانییەیان نەهێنایە ئاراوە، ئەوا تەنیا لەرێی هێزەوە دەتوانرێت بگۆڕدرێن**

لەبارەی پاراســتنی ئەو کەســانەی بەئەڵمانی قسە دەکەن لەتریولی باشــوور)، ئەرکی دەست واڵابوون لەسەر ئاســتی هەرێمەکە (لەپێوەندیدا بە١٥ هەرێمە ئاساییەکەوە) و ئەو پرۆسەیەیە کە دەسەڵاتێکی تەقدیری گەورە دەدات بەدادگای دەستووری. گرنگترین دەســتکەوتی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری بۆزان/بەلزانۆ (تریۆلی باشوور) کە ئەنســتیویتی یورکا دەکەوێتە ئەم هەرێمەوە، بریتییــە لەپرۆســەی لەســەرخۆی بنیاتنانی متمانە کە لەسەر ئەساسی تەرتیباتێکی یاسایی زۆر موفەسەڵ و میکانیزمگەلێکی زۆر وردی گفتوگۆکردنی لەگەڵ مەرکەز لەسەر ئەساسی ئەوەی پێی دەوترێت ئەرکە هاوبەشەکان بنیاتنراوە: ئەمانە دەقی ئەو مەرسومانە ڕوون دەکەنەوە کە بەمەبەســتی جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان دەرکران (کە ئەو کاتە لەلایەن حکومەتەوە و بێ تێپەڕبوون بەپەرلەماندا دەرکران). هەم دەرکردنی ئەو مەرســومانە و هەم پێوەندی نێوان ئاســتی مەرکەزی و تریولی باشوور خاسیەتی تایبەتیان هەیە، یەکــەم تایبەتمەندییەکــی جیاکەرەوەیان هەیە وەك ســەرچاوەی یاســا و دووەم لەســەر

ئەساسی یەکسانی بنیاتنراون (هەموو لایەنەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن و بەیەکسانی گوێیان لێدەگیرێت).

**گوڵان:** تایوان نموونەیەك لەبارەی حکومەتی دیموکراتی تایوان و حکومەتی خۆسەپێنی چین، کــە بەم دواییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تایوانی بەبەشێك لەچین دانا و خوازیاری ئەوەبوو دووبارە لەگەڵ چیندا ئاوێتەبێتەوە، پرســیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانێت حکومڕانییەکــی دیموکراتی و خۆسەپێن لەوڵاتێکدا بەڕێوەببەیت؟

**دۆت ئەلیزابیــس:** ناکرێــت ئــەم پێوەندیانە بەئاســانی ئیدارە بکرێن. گرنگترین ئامانجی ڕژێمێکی ئیســتبدادی بریتییە لەپاراســتنی دەســەڵات و خۆدەوڵەمەندکــردن لەســەر حســابی وڵات و خەڵکەکــەی. ڕەنگە ڕژێمە ئیســتبدادیەکان بەرێککەوت حکومڕانییەکی بــاش بڕەخســێنن، بــەڵام ئەگەر ئــەم جۆرە حکومڕانیێتەیــان نەهێنایە ئــاراوە، ئەوا تەنیا لەرێی هێزەوە دەتوانرێــت بگۆڕدرێن. دەرفەت بدەن قسەیەکی شین ئەمارتیا بهێنمەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی دیموکراســی لەســەر ڕژێمە ئیستبدایەکان. «پاڵنەرە سیاسییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو حکومەت و کەس و گرووپانەی لەدەســەڵاتدان. حکومڕانەکان پاڵنەری ئەوەیان هەیە بزانــن خەڵکی خوازیــاری چین ئەگەر بیانەوێــت ڕووبەڕووی ڕەخنەکانیــان ببنەوە و لەهەڵبژاردنەکاندا پشتیوانیان بەدەست بهێنن».

بەپێی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی فریدەم هاوس بۆ مافە سیاســییەکان و ئازادییە مەدەنییەکان لەجیهاندا، ئەوا ئازادی جیهان بۆ ساڵی پێنجەم لە٢٠١٠دا لەپاشەکشەدایە. ژمارەی ئەو وڵاتانەی بەوڵاتی ئازاد پۆلێنکراون لە٨٩ وڵاتەوە بۆ ٨٧ وڵات دابەزیــن، هەروەها ژمارەی ئەو وڵاتانەی دیموکراســی هەڵبژاردن پیــادە دەکەن بۆ ١١٥ وڵات دابەزی، کە لەساڵی ٢٠٠٥دا ١٢٣ وڵات بوو. لەوە زیاتر، ڕژێمە ئیستبدادیەکان بەچەشنی ڕژێمی چین، ڕوســیا و فەنزویلا بەردەوام بوون لەگرتنەبەری ڕێوشــوێنی ســەرکوتکاری کە ڕووبەڕووی بەرهەڵستیەکی کەم بوونەوە لەلایەن جیهانی دیموکراســیەوە، کە ئاشــکرایە ئەمە لەبنەما فیدرالیەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

لەپێوەندیدا بەتەحەددیاتەکانی ئەم دواییە کە ڕووبــەرووی ڕژێمە ئیســتبدادەکانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەوە، ئەوا ڕۆڵی ڕۆژئاوا لەپرۆســەی بەدیموکراتیکردنی عەرەبــدا پێداچوونــەوەی بــۆ دەکرێت. پێش ســەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان خاسیەتی سیاسەتی جیهانی باڵادەســت بریتی بــوو لەتۆکمەبوونی دەوڵەتــە ئیســتبدادیە ســەرەکیەکانی جیهان. کات ئــەوە دەردەخات کە بەهــاری عەرەب چ ئاڕاستەیەك دەگرێتەبەر: ئایا بونیادە کۆنەکانی دەســەڵات بەتەواوەتی لەبەریەکهەڵدەوەشــێنرێن

یاخود بەشێوەیەکی دیکە خۆیان بەیان دەکەنەوە؟ ئێمە ئەتوانین قسە لەبارەی «شەپۆلی چوارەمی بەدیموکراتیکــردن» بکەیــن (دوای ئــەوەی ســامۆییل هانتگتۆن دەســتەواژەی شەپۆلی بەدیموکراتیکردنــی بەکارهێنــا)؟ وەرچەرخان ئەرکێکــی قورســە و مــەرج نییــە بەمانای دیموکرای بێت (بۆ ئەو بونیادانەی شــێوەیەکی فیدرالیان هەیە بۆی هەیە ئامرازێکی گونجاو بێت بۆ پێکەوەگونجاندنی هەمەچەشنی ئایینی و ئیتنــی). هــەروەك ئەزموونــی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتــی و یەکێتی ســۆڤیەتی پێشــوو دەریدەخەن، ئەوا لەقۆناغی ئینتیقالیدا چەندین دەرفەت بۆ توندڕەو و هەلپەرستەکان دەڕەخسێن. لەنێو ئەو وڵاتانەی پێشتر لەژێر ڕکێفی یەکێتی ســۆڤیەتدا بوون، تەنیا ١٣ وڵاتیان وەك وڵاتی ئازاد لەلایەن فریدەم هاوسەوە پۆلێنکراون.

**گــوڵان:** لەعێراقــدا کە فرە نەتــەوە و فرە ئیتنییە، دوای ڕووخانــی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشــوو لەڕووی نەزەرییەوە دەســتووری عێراق

**تەنیا لەدیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو و کارادا فیدرالیزم دەبێتە فۆرمێکی کارا و سەقامگیری حکومەت. بەپێچەوانەوە، لەدەرەوەی سیاقی دیموکراسیدا، فیدرالیزم فۆرمێکی ناسەقامگیرە**

لەســەر بنەماکانی فیدرالیزم نووسرایەوە، بەڵام هەشت ساڵە تێپەڕیوە و هێشتا حکومەتی عێراق ئەیەوێت مەرکەزیانە کاروبارەکانی بەڕێوەببات، پرســیارەکە ئەوەیە ئەگەر وڵاتەکە فیدرالیزمی نەوێت ئایا هێزە دەرەکییەکان ئەتوانن کارێك بکەن فیدرالیزم سەرکەوتوو بێت تێیدا؟

**دۆت ئەلیزابیــس:** ئەمە مەحاڵ نییە، بەڵام ئەگەری ئیمکانیشــی زۆر زەحمەتە. کەلتوری سیاسی فیدرالی پێویستە، لەبەر ئەوەی فیدرالیزم ڕێکخستنی سازشە سیاسییەکانە. لەفیدرالیەتی ڕاســتەقینەدا حکومەتی فیدرالــی ناتوانێت یەکلایەنە دابەشــبوونی ئاسۆییانەی دەسەڵات دەســتکاری بکات. دابەشبوونی سەڵاحیەتەکان پێویســتی بەڕەزامەندی هەموو ئاســتەکانی حکومــەت هەیــە. فیدرالیزمی ســەرکەوتوو پێویســتی بەدامــەزراوەی دیموکراتــی کارا، سیســتمی قەزائی و پارتە سیاسییە نەتەوەییە ئاوێتەکان و پاڵنەری هەڵبژاردنی گونجاو هەیە کە بەهۆی ململانێی سیاســییەوە ئەو پاڵنەرانە بخوڵقێنرێن. ئەو ڕاستیە بنەڕەتییەی لەئەدەبیاتی پەیوەســت بەم بوارەوە لەئارادایــە ئەوەیە تەنیا



لەدیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو و کارادا فیدرالیزم دەبێتە فۆرمێکی کارا و سەقامگیری حکومەت. بەپێچەوانەوە، لەدەرەوەی سیاقی دیموکراسیدا، فیدرالیزم فۆرمێکی ناسەقامگیرە، کە بەشێوەیەکی مەنتیقی سەردەکێشێت یان بۆ پارچەپارچەبوونی خاکی وڵاتەکە یاخود تەنیا وەك ڕەسمیاتێکی دەستووری (بۆ نموونە ڕوسیا). تەنیا ئەو کاتە فیدرالیزم سەرکەتوو دەبێت کە هەمووان ڕۆڵیان هەبێت لەگەمەکەدا و هەموو لایەنەکان لەبەرچاوبگیرێن (جیاوازی ئیتنی، دیموگرافی و ئایینی، هەروەها دابەشبوونی دیموگرافی ئەم جیاوازیانە لەوڵاتەکەدا). هەروەها زیاتر ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت ئەگەر دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لەئارادا نەبوو و ئەگەر سروشتی سیاسەتەکان بەچەشنێك بێت سنووری گرووپ و دابەشبوونەکان ببڕن. لەدامەزراندنی بونیادە فیدرالیەکاندا دەبێت خۆمان لابدەین لەبەهێزکردنی زیاتری ئەو پارتانەی لەسەر ئەساسی ناسنامە بنیاتنراون. ئامانجی فیدرالیزم بەهێزکردنی جیاوازیەکان نییە، بەڵکو ئامانجی دەرختستنی ئەو جیاوازانە و پەرەپێدانی میکانیزمگەلێکە بۆ پێکەوەگونجاندنیان لەڕێی هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا.

پرسی ئەوەی ئایا دەوڵەتێك ئەتوانێت پەرە بەسیستمێکی فیدرالی دیموکراتی کە ئەگەری سەرکەوتنی لێبکرێت لەکۆتاییدا دەوستێتەسەر شێوازی سیستمەکە، دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا چاکسازییەکان جێبەجێ دەکرێن یان نا، کە ئەمەش پێویست بەبەشداری هاوبەش دەکات لەکەلتوری سیاسی فیدرالیدا. بەهاکانی وەك متمانە، لێبوردەیی و شەفافیەت بەهاگەلێکی بنەڕەتین بۆ ئەوەی هەر سیستمێکی فیدرالی سەرکەوتووانە کاربکات. فیدرالیزم ئامرازەکان ئەهێنێتە ئاراوە، بەڵام مەسەلەکە پەیوەستە بەجێبەجێکردنیانەوە، کە دەبێت گۆڕاوەکانی سیاقەکەش لەبەرچاوبگیرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن. ڕەنگە هێزە دەرەکیەکان یاخود تاکلایەنخوازی سەرکەوتوو بن لەدامەزراندنی هەندێ لایەنی فیدرالیزمدا، بەڵام ناتوانن ببنەهۆی ئەوەی فیدرالیزمی دیموکراتی لەمەودای دووردا سەرکەوتوو بێت.

# جەژنی قوربان..
# جەژنی ژیانە، نەک مەرگدۆستی



عەبدولڕەحمان سدیق

هێشتا زۆربەمان زۆرمان ماوە لە مانای ڕاستەقینەی جەژنەکانمان بگەین!

لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکەمی جەژنی قورباندا گوێبیستی زۆربەی وتاربێژی مزگەوتەکان دەبین کە بەیەك شێوە لە وتاری جەژندا دەڵێن:موسڵمانان ئەمڕۆ جەژنی قوربانە، ئەو جەژنەیە کە(ئیبراهیم) سەلامی خوای لەسەر ئامادەبوو کوڕی خۆی بکاتە قوربانیی و سەری ببڕێت، چونکە خوای گەورە لە خەونیدا فەرمانی پێکرد ئیسماعیلی کوڕی سەر ببڕێت. ئینجا دەڵێن:موسڵمانان بڕوانن ئەوە ئیمانی ڕاستەقینەیە، دەبێت ئیمانی ئێمە وەك ئیمانی ئیبراهیم بێت!!

ڕاستە ئامادەبوون بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خودا ئەرکی سەرشانی مرۆڤی موسڵمانە، بەڵام ئەمە یەکێکە لەماناکانی ئەم ڕووداوە، بۆیە ئەگەر ئەمە تەنیا مانای ئەم ڕووداوە بێت، ئەوسا ئەم گوتارە تاك ڕەهەندە، دەبێت چ ترسێك بخاتە دڵی ئەو منداڵانەی کە لەگەڵ باوکیاندا دەچنە نوێژی جەژن و، گوێیان لێ دەبێت کە دەشێت باوك کوڕی خۆی سەر ببڕێت!

هەر ئەم گوتارە چەند ڕێخۆشکار دەبێت بۆشەرعییەتدان بە بیرۆکەی سەربڕینی مرۆڤ و بیردۆزی بەقوربانیکردنی مرۆڤ لە لایەن تیرۆریستانەوە؟!

تێگەیشتن لە دەقی قورئان و فەرموودە بەدەر لە ڕووداو و ژێرخانەکانی پەیوەست بەو دەقانەوە، هەمیشە کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئیسلام و خواو پێغەمبەری خوای لەبەر چاوی زۆر کەسدا خراپ خستۆتە ڕوو.

بۆ تێگەیشتن لە جەژنی قوربان دەبێت بگەڕێینەوە پێش چوار هەزار ساڵ، بۆ سەردەمی ئیبراهیم، کە کاتێك خەڵك بڕوایان وابوو کە ڕووبار خوای خۆی هەیەو، باران و بومەلەرزەو هەورەتریشقەش هەروەها، بۆیە دەهاتن بۆ ڕازیکردنی ڕۆژ و مانگ و ڕووبارو هەر دیاردەیەکی سروشتی، لاوێکی جوانیان دەکردە قوربانیی.

خوای گەورە ئیبراهیمی نارد و ویستی بە کردەوە ئەم داب و نەریتە لەناو بەرێت، هات و لەبەر چاوی خەڵکەکەدا بڵێت:منیش خوای گەورەو تاك و تەنیام فەرمانی پێکردوم کوڕی خۆم سەرببڕم، پاش پیشاندانی ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی خەونەکەیشی، بەخەڵکەکەی گوت: خوای گەورە فەرمانی پێکردم کە لە جیاتی کوڕەکەم، بەرانێك بکەم بە قوربانیی و، خوای گەورە قوربانیدانی بە مرۆڤ حەرام کرد و قەدەغەی کرد.

ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەم پەیمانە گەیشتە پێغەمبەرانی دوای خۆی و هەتا(محەمەد) درودی خوایان لەسەر .

ئەم پەیامە مرۆڤدۆستانەیەو، ئەم جاڕنامە ژیاندۆستانەیە لە ئیبراهیمەوە پێی وتین: پرۆسەی قوربانیکردن بە مرۆڤەکان ڕابگرن.

ئەو ڕۆژە جەژنی ژیانیان بۆ ئیسماعیل گێڕاو، لەو ڕۆژەشەوە تا ئەمڕۆ ئێمە کە جەژنی قوربان دەگێڕین و ئاژەڵ دەکەین بە قوربانیی، بەم کارەمان ئەوە بەبیرخۆماندا دێنینەوە کە:

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە ڕێگەی ئیبراهیمەوە پرۆسەی ترسناکی بەقوربانیکردنی مرۆڤی ڕاگرت و، لەجیاتی مرۆڤ، خەڵکی فێری ئەوە کرد ئاژەڵ بکەنە قوربانیی و ببەخشنە هەژار و کەم دەرامەتەکان.

کەواتە جەژنی قوربان،جەژنی ژیانە، نەك نەمان، جەژنی ڕاگرتنی پرۆسەی بەقوربانیکردنی مرۆڤەکانە، بە فەرمانی خودایەك کە ناوی خۆی (الحي)یە و ڕەحمان و ڕەحیمەو، هەر خۆیشی پەیامی (ولا تقتلوا اولادکم..)ی پێ ڕاگەیاندوین.

# تورکیا و
# هەنگاونانی بەرەو دەستوری پێنجەم

چاوەڕوان دەکرێ تورکیا لەنیوەی یەکەمی ساڵی داهاتوو پرۆژەی دەستورێکی تازەی بۆ ڕاپرسی ئامادە کردبێ. خودی سەرەك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەکۆتایی ئەیلولی ڕابردوودا بەرۆژنامەنوسەکانی ڕاگەیاند کەپێی باشە لەنیوەی یەکەمی ساڵی داهاتوودا پرۆژەی دەستورێك ئامادە کرابێ. بەدڵنیاییەوە یەکێ لەگرنگترین ئەو مەسەلانەش کەدەبێ دەستورەکە خۆی لەقەرەی بدا، مەسەلەی کوردە. موراد یەتکین «لەحورییەت دەیلی نیوز» نەیشاردەوە کەمەسەلەی کورد لەدەستوری داهاتوودا بە بەراورد لەگەڵ مەسەلەکانی تری وەك ملکەچکردنی سوپا بۆ سەرکردایەتیی سیاسی و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دەسەڵاتی دادوەری و ڕۆڵی داهاتوی دەوڵەت لەئابووریدا، زۆرتر سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بەمەسەلەی ئاشتییەوە هەیە.

بەڵام ورژاندنی مەسەلەی دەستور هەر لەسەرەتاوە کێشەی لێ کەوتەوە. لەئابی ڕابردوودا سەرۆکی پەرلەمان جەمیل چیچك نوێنەرانی کوردی لەلیژنەی نووسینی دەستور دوور خستەوەو ئەوەی کردە بیانوو کەپەرلەمانتارانی بەدەپە پشتگیریی پەکەکە دەکەن.

دیارە لەرابردوودا کورد هیچ ڕۆڵێکی لەنوسینی چوار دەستورەکەی ساڵانی ١٨٧٦و ١٩٠٨و ١٩٢٤و ١٩٨٠دا نەبووە. پەراوێز خستنی کورد لەهەردوو دەستوری ١٩٢٤و ١٩٨٠ ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان کوردو تورك بەجێ هێشت. ئەگەر ئەمجارەش، لەنووسینی دەستوری پێنجەمدا، کورد هیچ ڕۆڵێکی نەبێ، دەبێ چاوەڕێی ئەوە لەکورد بکرێ کەدەنگی پێ نەدا. مەرج نییە بەشداریی کورد لەنووسینی دەستووردا بەو ئاکامە بگات کەکورد هەموو ویستەکانی خۆی تێدا بەدەست بێنێ بەڵام ئەم بەشداری پێکردنە لانی کەم بەو واتایە دێت کەدەوڵەت ئاورێکی لەکورد داوەتەوەو ڕاوێژی پێ کردووە.

لەتورکیا هێشتا بەرچاوڕوونییەك سەبارەت بەشێوەی تاوتوێ کردنی مەسەلەی کورد لەدەستوردا بەدی ناکرێ. ئەوەی کەشەقامی کوردی ئومێدی لەسەر هەڵدەچنێ ئەوەیە کەدەستوری تازە بەئاشکراو بەڕوونی، دان بەبوونی مافی نەتەوەیی کورددا بنێ و لەوەش واوەتر بەو هیوایەوەیە کەدەستور بەئاشکرا ناوی کورد بێنێ. تائێستاش ئەوە ڕوون نییە کەچینی سیاسیی تورك تا چ ئەندازەیەك ئەو ئامادەییەی تێدایە کە بەبێ سڵکردنەوە ناوی کورد لەدەستوردا بێنێ و مافە ڕۆشنبیرییەکانیان بسەلمێنێ. بەڵام ئەگەر ئەم مەسەلەیە تەگەرەی تێکەوت، لانی کەم دەبێ دەستور تورکیا وەك «دەوڵەتێکی فرە رەگەز» بناسێنێ. ئەم ناساندنە، سەرەڕای ناونەهێنانی کورد، دەرگا لەبەردەم حکومەتدا بۆ هەڵهێنانی زۆر هەنگاو بەوالایی دەهێڵێتەوەو پشتیوانییەکی دەستووریشی بۆ پێشنیارکردنی زۆر تەگبیر پێ دەبەخشێ.



فەرید ئەسەسەرد

تورکیا لەم ڕووەوە دەتوانێ سوود لەدەستوری ساڵی ١٩٢٥ی عێراق وەرگرێ، بەتایبەتی لەماددەی ٦ کەبەناوەڕۆك عێراقی وەك دەوڵەتێکی فرە رەگەزو فرە ئاین و فرە زمان ناساندووە. بەڵام ئەگەر تورکیا بیەوێ هەنگاوی هەراوتر لەم بارەیەوە بۆ پێشەوە بنێ و بناغەیەکی پتەو بۆ سەقامگیرییەکی درێژخایەن دابنێ، پێویستی بەشتێکی زێدەتر لەناساندنی دەوڵەت وەك دەوڵەتێکی فرە رەگەز دەبێ. دەستوری داهاتوو یەکەم دەستورە لەمێژووی کۆماری تورکیادا کەمەدەنییەکان ڕۆڵی سەرەکی لەدارشتنیدا دەگێڕن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەرفەتێکە بۆ پەیدابوونی کۆماری دووەم لەمێژووی تورکیا کە لەکۆماری پێشوو لێبوردەترو مەدەنیتر دەبێ. چارەنووس و ئایندەی تورکیا لەدەستوری داهاتوودا ڕەنگ دەداتەوە. پشت گوێ خستنی ئەو لایەنانەی کەهەر چوار دەستوری پێشوو پشت گوێیان خستبوو، نەك هەر هەمان گرفتەکانی پێشوو بۆ تورکیا دەهێڵێتەوە بەڵکو گرفتی تریشی بۆ زیاد دەکا.

ئەنوەر جەبەلی شابو وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بۆ (گوڵان):

# بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاتوچۆی هەولێر بەنیازین ساڵی داهاتوو دەست بە پرۆژەی ترام بکەین

## مامەڵەو کاری هەردوو کۆمپانیای کۆرەک و ئاسیاسێڵ پێوەندی بە ئێمەوە نییە



**ئەنوەر جەبەلی شابو وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لە دیمانەیەکی گوڵان دا باسی لەهەردوو بواری گواستنەوەو گەیاندن کردو ئاماژەی بەوەشدا: (کێشەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن زۆرن..) سەبارەت بەهەردوو کۆمپانیای کۆرەك و ئاسیاسێلیش وەزیری گواستنەوەو گەیاندن وتی: (لەتوانای وەزارەتدا نییە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دوو کۆمپانیایە بکات و نرخی پێوەندیکردنیان پێ کەم بکاتەوە، چونکە ئەوان باج و رسومات بەبەغدا دەدەن و مامەڵەیان لەگەڵ بەغدایە) ئەمە لەکاتێکدا بەغدا یاسای وەزارەت و دەستەی گەیاندنی نییە. هاوکات لەبواری گواستنەوەی زەمینیش پێی وابوو هەرێمی کوردستان لە گواستنەوەی زەمینی پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە.**

*** ئایا کاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن چۆن بەڕێوەدەچێت و چەند کۆمپانیا لەم بوارەدا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن؟**

- پێشتر وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە یەکتریی جیابوون و هەریەکەو وەزارەتێکی سەربەخۆبوون، لە پاشان کە نزیکەی دوو ساڵە هەردوو وەزارەت بوونەتە یەك وەزارەت، لەسەرەتای دەستبەکاربوونم پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کردو ماوەی دوو هەفتە دەبێت لە پەرلەمان پەسندکراوەوە، ماوەی ١٨ مانگیش لە چاوەڕوانی پەسندکردنی ئەو پرۆژە یاسایەدا بووین، چەند ساڵێك پێش ئێستا کێشەی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان هەبوو، لەلایەکەوە گواستنەوە سەر بەئیدارەی پێشووی سلێمانی بوو، گەیاندنیش سەر بە هەولێر بوو، هەر بۆیە لەگەڵ یەکگرتنەوەی وەزارەت پێویستمان بە یاسایەك هەبوو تاوەکو بتوانرێت چارەسەری کێشەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بکرێت، ئەو یاسایەش گرنگ و پێویست بوو بۆ بڕیاردان و کارکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە کێشەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە کوردستان زۆرن، هەر بۆ نموونە فڕۆکەخانەی سلێمانی سەر بە ئیدارەی سلێمانی بوو، هاوکات فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی سەر بە ئیدارەی هەولێر بوو، ئیدارەی هەردوو فڕۆکەخانە تەنیا هەر بەناو سەر بە وەزارەت بوون، بەڵام لەم یاسایەدا بەفەرمی هەردوو فڕۆکەخانەکە سەر بەوەزارەت دەبن، بۆ ئەو مەبەستەش لە وەزارەت دەزگایەك دادەمەزرێت کە ئیش و کاری هەردوو فڕۆکەخانە ڕادەپەڕێنێت، ئەو دەزگایەش ڕاستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبێت.

سەبارەت بەبڕگەی دووەمی پرسیارەکەتان کە تایبەتە بە کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن، ئێستا لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا کار دەکەن، ئەو کۆمپانیایەی کە دەیەوێت لەبواری گەیاندن لە کوردستان کار بکات ئەوە دەبێت لە وەزارەتەوە مۆڵەتی هەبێت، ئەو مۆڵەتەی کە پێیان دەدەین بەپێی گرێبەستێکەو مەرج و ڕێنمایی لەسەر کۆمپانیاکە دادەنێت و دەبێت ئیشێکی ڕێکوپێك و خزمەتێکی گونجاو بە کوالێتییەکی بەرزەوە پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن، لە هەر کاتێکدا هاووڵاتیان گلەییان هەبوو ئەوە وەزارەت هەقی هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکان لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات و نابێت لە دەرەوەی مەرج و ڕێنمایەکانی ئێمە کڕین و فرۆشتن لەسەر مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گەیاندن بکرێت.

**لە هەموو کات و سەردەمێك تەلەفۆنی نۆرماڵ هەرزانترە و ئیستیغلالکردنی تێدا نییە، ئەگەر خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتییشی هەبێت ئەوە هەرزانترو خێراترە**

*** هەست دەکرێت نرخی قسەکردنی مۆبایل گرانە، هەر بۆنموونە کاتێك هەردوو کۆمپانیای (کۆرەك و ئاسیاسێڵ) خاوەنی نزیکەی ١٠ هەزار هێڵ بوون نرخی پێوەندیی کردن تەنیا ٢ سەنت بوو، ئێستا هەر کۆمپانیای نزیکەی ١ملیۆن هێڵی هەیە؛ کەچی نرخی پێوەندیکردن بۆ ٦ سەنت بەرز بۆتەوە، ئایا ئێوە ئاگادارن؟**

- کۆمپانیاکانی ئاسیاسێڵ و کۆڕەك تلیکۆم، ئەو دوو کۆمپانیایە پێش پرۆسەی ئازادی عێراق مۆڵەتیان لە وەزارەتی گەیاندنی هەرێمی کوردستان هەبوو، کە



مۆڵەتیشت هەبێت ئەوە دەبێت گرێبەستێکت هەبێت، بەپێی ئەو گرێبەستەش دەبێت پابەندی ڕێنمایی و مەرجەکانی وەزارەت و ناو گرێبەستەکە بێت، بەڵام لە دوای ڕووخانی رژێمی عێراقی هەردوو کۆمپانیا ناچارکران کە مۆڵەت لە بەغدا وەربگرن، چونکە بواری فرۆکەوانی و کارکردنی مۆبایل و پۆستەو..تاد سیادین، ئەو بوارو کارانەش تا ئێستاکە لەگەڵ حکومەتی ناوەند یەکلانەکراونەتەوەو خۆشیان واتە لە بەغدا تا ئێستا یاسای وەزارەت و دەستەی گەیاندنیان نییە، بەڵام لە کاتێکدا یاساکانیان پەسندکراو دەرچوو ئەوە دەتوانن کاریگەری زۆریان لەسەر دەسەڵاتی گەیاندنی هەرێمی کوردستان هەبێت. ئێمە لە بواری گەیاندن کە ئێستا پرۆژە یاساکەیشمان پەسند کراوە، دەستمان لە کارو ئیشەکان زۆر کراوەیە، لەکاتێکدا بەغدا ڕێگامان پێ بدات، بەڵام مامەڵەو کاری ئەم دوو کۆمپانیایە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو مامەڵەیان لەگەڵ بەغدایە، باج و ڕسومات و هەرچییەکی هەیە بە بەغدای دەدەن و بەشی کوردستانیش لە باج و ڕسوماتی ئەو کۆمپانیانە وەکو هەموو بوارەکانی تر لە(١٧٪)ی دەگەڕێتەوە بۆ سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆیەش باج و ڕسوماتی ئەو کۆمپانیانە بە بەغدا دەدرێت، چونکە هێڵەکانیان لەسەرتاسەری عێراق کار دەکات، بەڵام لە کاتێکدا ئەو کۆمپانیانە تەنیا لە هەرێمی کوردستان کاریان بکردایە ئەوە باج و ڕسومات و هەرچییەکی تر هەبووایە تەنیا و ڕاستەوخۆش بە کوردستان دەدرا، سەبارەت بە گرانی نرخی پێوەندیکردن و نەبوونی سیستەمی فرۆشتنی سیمکارت، ئێمە هیچ توانیایەکمان بەسەریاندا ناشکێت و ناتوانین ڕێنماییان بکەین یا مەرجیان بۆ دابنێین، چونکە ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای ئاسیاسێڵ و کۆڕەك تلیکۆم نییە، ئەو مۆڵەتەی پێشتر لەگەڵ ئێمە هەیانبوو لە دوای ئازادی عێراق نەماوەو مۆڵەت و گرێبەستیان کەوتە سەر بەغدا، لەلایەکی ترەوە ئەو کۆمپانیانەی مۆبایل یا نۆڕماڵ یا ئەنتەرنێت کە تەنیا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، وەکو نەورۆز تیلیکۆم و کوردتێل ئەوە هەموو هەڵسوکەوت و مامەڵەو کارو ئیشێکیان لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی هەرێمی کوردستانە، چونکە مۆڵەت و گرێبەستیان لەگەڵ ئێمەیە و دەتوانین بەدواداچوون و ڕێنمایشیان بکەین. هەروەها پۆستە ئەوەش مەسەلەیەکی سیادیە، ئەوە لەهەرێمی کوردستان ماوەی ساڵێك زیاترە بودجە تەرخانکراوە بۆ دانانی (پۆست کۆد)، بۆ ئەو مەبەستەش قسەمان لەگەڵ وەزیری گەیاندنی عێراق کردووە کە کۆدێکمان بۆ دابنێن، چونکە عێراق تەنیا یەك کۆدی هەیە و دەبێت کۆدی کوردستانیش هەر لە ڕێگای ئەوانەوە بێت و لەسەر ئەم مەسەلەیە رازیبوون و بەقسە وتیان باشە و بەکردار لە بواری پراکتیکی وەڵامیان نەداینەوە، بۆیە کارەکەمان دواکەوت، بەڵام لەم ڕۆژانەدا کۆدیان بۆ دیاری کردوین لە ژمارە(٨٥) هەزار تا(٩٩)هەزار کە دەتوانین لە ڕێگای ئەو ژمارانەوە دەست بە پرۆژەی پۆست کۆدەکە بکەین.

**لە وەزارەت دەزگایەك دادەمەزرێت کە ئیشوکاری هەردوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی ڕادەپەڕێنێت. ئەو دەزگایەش سەر بە وەزیر دەبێت**

*** ئێستا بەدەستهێنانی (سیم کارت)ی مۆبایل بۆتە شتێکی ئاسایی و هەرزانە و زۆرجار بەخۆڕاییە، ئایا ئەمە نەبۆتە هۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و کەوتنەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی؟**

- زۆرجار ئەم پرسیارە کراوە کە هەرزانی سیم کارت یا مۆبایل کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، ئەمە بۆ مۆبایل و خزمەتگوزارییەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خراپ بەکارهێنانی و نەزانین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەکنەلۆژیایە دەگەڕێتەوە، زۆرجار لاوازی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو کێشانە، تەنانەت زۆرجار کێشەکە پەیوەندی بە لایەنی ئەمنییەوە هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمپانیاکانی مۆبایل دەتوانن لە ڕێگای دادگاوە یا لایەنی ئەمنییەوە ڕووبەڕووی هەموو کێشەیەك بێتەوە کە بۆتە هۆی بێزارکردنی هاووڵاتیان، بۆ ئەمەش کۆمپانیاکان ڕێنمایی و سیستەمی تایبەت

**نابێت لە دەرەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی ئێمە، کڕین و فرۆشتن لەسەر مۆڵەتی کۆمپانیاکانی گەیاندن بکرێت**

بەخۆیان هەیەو هاوکات شێوازی یاسایشیان هەیە کە ڕووبەڕووی کەسانێك بێتەوە کە مۆبایل خراپ بەکاردەهێنن.

*** بۆچی کۆمپانیاکانی گەیاندن باج نادەن و کاری خێرخوازی و پرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستیان نییە؟**

- لە بیزنس خێرخوازی چەمکێك نییە، کەرتی تایبەت و کۆمپانیا سەرقاڵی بەدەستهێنانی قازانج و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتەکانیانن، زۆرجار لە دنیای پێشکەوتوو حاڵەتی لەمشێوەیەی بەڕێزتان دەبینین بەڵام ئەمە زیاتر پێوەندی بە ڕێکلام و ناساندنی کۆمپانیاکەوە هەیە واتا شێوازی ڕێکلامەکە زیاتر مۆرکێکی خێرخوازی و خزمەتی پێوەدیارە وەکو چۆن لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەبینین کە خاوەنی چەندین پرۆژەی خێرخوازی و تەندروستییە، لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا پێشتر سەرمایەداری گەورەمان هەبوو کە پرۆژەی خێرخوازییان هەبوو. دنیای ئەمڕۆ زۆر جیاوازترە لە جاران(دەوڵەمەندی ئێستا

**لەبواری گواستنەوەی زەمینی، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە. هەر بە تەکسی و پاس هاتوچۆ دەکرێت**

چەندی دەستکەوێت و قازانج بکات تێر نابێت و هەر زیاتری دەوێت)، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدام و پاڵپشتی ئەوەش دەکەم کە پێویستە سەرمایەداری کوردو کۆمپانیاکان کاری خێرخوازی بکەن.

*** ئایا کاتێك سەرجەم هێڵەکانی تەلەفون لەشاری هەولێر درا بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت لەسەر چ بنەمایەك بوو کە ئەو هەموو بینایەو ئامێرە درایە کۆمپانیایەك کەچی بەپێی پێویست نەتوانرا ئەو خزمەتگوزارییە ببوژێنێتەوە؟ واتای چییە مۆبایل بایەخی نۆرماڵ نەهێڵێت، لەکاتێکدا لە ئەمەریکاو ئەوروپاو دنیای پێشکەوتووشدا خەڵکی خاوەنی هێڵی نۆرماڵن و بەکاری دەهێنن؟**

- کوردتێل و نەورۆزتێل هەردووکیان گرێبەستێکیان لەساڵی ٢٠٠٦وە لەگەڵ وەزارەتی گەیاندنی هەرێمی کوردستان لە هەولێرو سلێمانی کردووە، بەڵام لە سلێمانی تەنیا ناو سەنتەری شاری سلێمانییەو لە هەولێرو دهۆك شاروشارۆچکەکانیش دەگرێتەوە، پێشتر لەساڵی ٢٠٠٦ هیچ کەس و کۆمپانیاو سەرمایەدارێك نەبوو بێتەوە کوردستان و تاکە ١دۆلار بخاتە وەبەرهێنانەوە، ئەو کات دامودەزگای حکومیش بەتەواوی ڕووخابوو هیچی نەمابوو لەکوردستان و لە عێراقیش لە هەموو دنیاو لە وڵاتانی ئەورووپاش بواری گەیاندن کۆمپانیا ئەهلییەکان و لەڕێگای سیستەمی کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت، چونکە سەرکەوتنی زیاتری بەدەستهێناوە، لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەهەرێمیشەوە زۆر زەحمەتە گەیاندن لە



ڕێــگای کەرتی حکومییەوە ســەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئەزموونیشمان لەو بوارەوە هەبووە، بۆیــە کەرتی تایبەت باشــترین چارەیــە بۆ پەرەپێدانــی کەرتی گەیاندن، پێدانــی گەیاندنیــش بەکەرتــی تایبەت لەســەر ئەو بنەمایە بووە کە حکومەت لە ڕووی بودجــەو داهات و تواناوە نەیتوانیوە ئەم بوارانە ببات بەرێوەو پێشــیان بخات، کاتێکیــش درا بە کۆمپانیــاکان ئەوە لە هەولێرو دهۆك لە ٣٠٪ی و لە ســلێمانیش لە ٢٨٪ی لە داهاتەکەیان دەدەن بە وەزارەت و گرێبەســتەکەش بۆ ماوەی ١٥ســاڵە، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە گرێبەستانە ناکەین، چونکــە وەزارەت و حکومــەت لەهەموو ڕوویێکــەوە تواناو ئیمکانیاتی لە ســاڵی ٢٠٠٦ باشتر و زۆرترەو ئەو گرێبەستانەی پێشــووش پێداچوونەوەی پێویســتە، بەڵام لەکاتێك گرێبەستەکان هەڵبوەشێنینەوە، ئەوە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئەو بەربەست و زەرەرانەی دێتە پێشەوە لە ئەستۆی بگرێت،

**چارەسەری کێشەی گواستنەوەی لەناو سەنتەری شار تەنیا بە ڕێگای میترۆ دەبێت. ئەمەش خەرجیەکی زۆری دەوێت بۆیە لەم قۆناغەدا هێڵی ترام دادەنێین**

چونکە گرێبەســتەکان لە ڕێگای ئەوانەوە کراوەو هەندێ مەرجیش لە گرێبەستەکە هەیە کە لە کاتی هەڵوەشانەوەی حکومەت زۆر زەرەری تێدا دەکات. بەڵام لە لایەکی ترەوە پێویستە ئەوە بزانین لە هەموو کات و سەردەمێك تەلەفۆنی نۆرماڵ هەرزانترە و ئیستیغلالکردنی تێدا نییە، ئەگەر خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتییشی هەبێت ئەوە هەرزانترو خێراترە، بۆیە لــە وڵاتانی ئەوروپا و پێشــکەوتوو زۆرترین جار بەتایبەتی لەماڵــەوە خەڵك نۆرماڵ بەکاردەهێنن، لەئەوروپا کەسێك نییە نۆرماڵی هەبێت و بچێت بە مۆبایل قسە بکات، لەبەر ئەوەی نایانەوێت پارە بەهەدەربدەن گەرچی ئەوە لە لای خۆمان وانییە.

*** بۆچــی کاتێك باس لە گواســتنەوە دەکرێت ڕاســتەوخۆ هــۆکاری تەقلیدی گواستنەوەی (پاس–بەشــێوازە کۆنەکــە) بەرگوێمــان دەکەوێت؛ ئایا پرۆژەکانی ترام و میترۆی کارەبایی و دامەزراندنی هێڵی شــەمەندەفەرو هێنانی پاسی پێشکەوتوو بەکوێ گەیشت؟**

- لەبواری گواستنەوەی زەمینی هەرێمی کوردستان پێشــکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە، چەندین کێشــەمان لەبواری گواســتنەوە هەیە هــەر لەکۆنی پاســەکان و نەبوونی کۆمپانیا لەمبوارەدا، کە ئێستا کۆمپانیای پێشــکەوتوو هەیە بەڕێگای پاسی باش و مۆدێرن و بەسیستەمی ڕێکوپێك دەتوانێت چارەسەری ئەم کێشــەیە بکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهەزارەها خێزان هەیە باری بژێوی ژیانیان لەســەر ئەمبوارەیەوە کاریگەری خراپیان لەسەر دروست دەکات و

**لەئەوروپا کەس نییە نۆرماڵی هەبێت و بچێت بە مۆبایل قسە بکات، لەبەر ئەوەی نایانەوێت پارە بەهەدەربدەن کەچی ئەوە لە لای خۆمان وانییە**

ئەمرۆ کاتی ئەوە نییە، لەکابینەی پێشوو پــرۆژە هەبوو بۆ هێنانی پاســی نوێ و وەرگرتنەوەی پاسە کۆنەکە، بەڵام ئەمەش جێبەجێ نەکراو بەڕای من چارەســەریش نییە، چارەسەری کێشــەی گواستنەوەی لەناو ســەنتەری شــار تەنیا بە ڕێگای (میترۆ) دەبێت بەڵام ئەمەش خەرجی زۆری دەوێت، هەر بۆیە ئێستا بیر لە هێڵی (ترام) کراوەتەوە کە تێچوونی هەرزانترە شەقامی شــارەکانیش بەتایبەتــی شــەقامەکانی شــاری هەولێر بۆ ئەم کارە لەبارەو بودجە بــۆ دیزاینی پرۆژەکە دانــراوەو لەکۆتایی ئەمساڵ تەندەرەکە ئامادە دەبێت و دەکەوێتە سەر دابینکردنی بودجەیە ئەو کات چەندین کۆمپانیا ئامادەیە بێتە پێشەوە، من باوەڕم وایە حکومەت ناتوانێت ئەو بودجەیە دابین بکات، دەتوانێت لە ڕێگای وەبەرهێنان ئەم کارە بکرێــت، ئەمەش تا ڕادەیەك زەحمەتە چونکە قازانجەکەی کەمەو درێژخایەنە.

سەبارەت بە هاتوچۆکردن لەنێوان شارەکان باشــترین ڕێگا بۆ پێشخســتنی ئەمبوارە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەرو



ئەم بوارەش تەنیا بیرۆکەیەو هیچ بودجەو دیزاینی بۆ ئامادەنەکراوە، کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان ئامادەن ئەو کارە بکەن چونکە قازانجی باشی تێدایە بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی کەلوپەل، کە دەکرێت لە نێوان زاخۆو هەولێرو سلێمانی و پێنجوین و ئێران سەرجەم ئەم ناوچانە پێکەوە ببەسترێنەوەو ئێمە ٦ مانگ زیاترە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە لەگەڵ کۆمپانیاکان رێکبکەوین بۆ ئەنجامدانی ئەمبوارە بەڵام تا ئێستا رەزامەندی لەسەر نەدراوە.

*** های وەی (هێڵی خێرا) لەکوردستان بەکوێ گەیشت؟ لەکاتێکدا رۆژانە بەهۆی خراپی رێگاوبان و یەك سایەتەوە رووداوی دڵتەزێن روو دەدات؟**

- لەهەموو وڵاتانی دنیا رێگاوبان سەر بەوەزارەتی گواستنەوەیە، کەچی لە کوردستان رێگاوبان سەر بەوەزارەتی

## ماوەی ١٨مانگ لە چاوەڕوانی پەسندکردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بووین

ئاوەدانکردنەوەیە، هەربۆیە ئێمە ئاگاداری ئەوە نین بۆچی ئەو هێڵە خێرایە دواکەوتووە. بەراستی دەبوایە هێڵی ( های وای ) لەنێوان شارەکان هەبوایە کەچەندین سوودی هەبوو هەر لە کەمکردنەوەی ماوەکان و کەمکردنەوەی خەرجی هاتوچۆو کەمکردنەوەی کارەساتی ئۆتۆمبێل کەچی ئەم پرۆژە گرنگە پشتگوێخراوە.

*** ئایا هێنانی ئەو هەموو تەکسییە تاچەند لەگەڵ ژمارەی هاووڵاتیان و ئەوانەی بە تەکسی هاتوچۆ دەکەن دەگونجێت، لەلایەکی ترەوە هێنانی تەکسی قۆرخ نەکراوە ؟ باس لەوە دەکرێت ئۆتۆمبێلی وا دەهێنرێتە ئەم هەرێمەوە فوول بێ مواسەفاتە؟**

- ژمارەی تەکسییەکان بەپێی پێویستی و داواکاری کریارە کە وا لەکۆمپانیاکان دەکات بیهێننە هەرێمی کوردستان، دواتر ئەوە پێداویستی خەڵکە وا دەکات تەکسی لە هەرێمی کوردستان زۆر بێت یاخود کەم، بۆ نموونە پێدانی مۆڵەتی هێڵ هەیە بۆ ئەو تەکسیانەی لە نێوان شارەکاندا یا لەنێوان شارۆچکەکان کار دەکەن ئەمەش مەرج و رێنمایی خۆی هەیە کە بەپێی پێویستی

## ئەو رسوماتانەی لە کۆمپانیاکانی گەیاندن وەردەگیرێن بەراورد بە بەغدا شتێکی زۆر کەمە و رەمزییە

هێڵەکە ژمارەی تەکسییەکان مۆڵەتیان پێدەدرێت. ئەمەش گرفتی خۆی هەیە کە بۆتە هۆی کڕین و فرۆشتنی هێڵەکان بۆ چارەسەرکردنی هەڵساین بەدانانی مەرج کە ئەو مۆڵەتە بدرێتە خاوەنی هێڵەکە نەك ژمارەی ئۆمبێلەکە کەچی ئێستا مۆڵەت دەدرێت بە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە، پێویستە هێڵ بدرێتە مرۆڤ نەك ژمارەی ئۆتۆمبێل ئەمەش وایکردووە ئۆتۆمبێلە کۆنەکان لە هێڵەکان بمێنێتەوەو پارەیەکی زۆریش بکات، هەر بازاڕێك ئازاد نەبێت ئەو گرفت و کێشانەی تێدەکەوێت، بۆیە پێداچوونەوە بە رێنمایی و مەرجەکان و هێڵەکانی گواستنەوە پێویستەو کێشەی گواستنەوە پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە و بەم تەکسی و پاسانە چارەسەری ئەو کێشە ئاڵۆزە ناکرێت.

*** بەرنامەی تەکسی ئافرەت بەکوێ گەیشت؟**

- ئاگاداری ئەو بەرنامەیە نیم، گەرچی کارێکی باشە بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا ئەمە شتێکی بەربڵاو نییە، من جارێکیان لە وڵاتی سوید داوای تەکسیەکم کرد پێم سەیر بوو ئافرەتێکی سۆماڵی موسڵمانی موحەجەبە شوفێری تەکسییەکە بوو زۆر بەرێکوپێکی و باش شوفێری دەکرد.

*** لە پێدانی رووبەری زەوی و هاوکاری بۆ کۆمپانیاکان کێ بەرپرسیارە، ئایا کاتێك رووبەرێکی زەوی بۆ کۆمپانیایەك دابین دەکرێت کێ لە بڕیارەکەو دیاریکردنی شوێن و رووبەری زەوییەکە ئاگادارەو خاوەن بڕیارە؟**

- زەوی بێخاوەن نییە، زەوی یا زەوی شارەوانی یە یان زەوی هاووڵاتیانە، ئەگەر زەوییەکە هی هاووڵاتی بێت بەپێی

## ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر گرانی نرخی پەیوەندیکردن و نەبوونی سیستەمی فرۆشتنی سیمکارتەوە ناشکێت

گرێبەست کرێ وەردەگرێت، ئەگەر هاتوو هی شارەوانیش بێت نووسراویان بۆ دەکرێت و لەگەڵ شارەوانی رێك دەکەون، سەبارەت بەو خانووانەی تاوەریان لەسەر دادەنرێت بە رەزامەندی خاوەن خانووەکەیەو لەگەڵ کۆمپانیاکە رێك دەکەون.

*** بەڕێوەبەرایەتی پۆستە بۆچی تا ئێستا بەشێوازێکی کۆن دەچێت بەڕێوە؟ ئایا دەکرێت بزانین داهاتی پول لە هەرێمی کوردستان چەندە؟**

- پۆستە لەناوەوەی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزمدایەو دەبێت ئاستی بەرز بکەینەوە، هەرچەندە تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەری لەسەر پۆستە هەبوو بۆ نموونە (نامە) بەشێوە تەقلیدییەکەی نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوود وەرگرتن لە خزمەتی پۆستە هەر بەهای خۆی ماوە، بۆ نموونە بۆ ناردنی هەندێك مامەڵەو نووسراو

## کێشەی گواستنەوە پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە و بەم تەکسی و پاسانەی ئێستا چارەسەری ئەو کێشە ئاڵۆزە ناکرێت

کەلوپەل، لەلایەکی ترەوە ئاستی پۆستە بۆ دەرەوەی وڵات چوون و هاتن لە ئاستێکی باشدایە، تەنیا ئەمساڵ ٤٩ تەنمان ناردووەو لەهاتنەوەش زیاتر پۆستەمان بۆ هاتووە، رۆژانە لە هەرێمی کوردستان لە رێگای هێڵی مەلیکی هاشمی ئوردونی پۆستە رەوانەی دەرەوەی دەکەین بۆ هەموو وڵاتانی جیهان، هەر پۆستەیەك بۆ هەر وڵاتێکی جیهان بنێرین لە هەفتەیەك زیاتری پێ ناچێت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم نرخەکانیش گران بێت، داهاتمان لەبواری پۆستە ١ملیار دینارە، بەڵام خەرجیەکانمان ٥٧ ملیار دینارە واتە پۆستەی هەرێمی کوردستان لە قازانجدا نییە و ئەرکی خەرجییەکانی لەلایەن حکومەتەوە خراوەتە ئەستۆ.

*** سەبارەت بە کەشناسی و پێشبینی کردنی بارانبارین و بڵاوکردنەوەی پێشوەختەی کەشوهەوا ئایا بیر لەوە نەکراوەتەوە بەسیستەمێکی پێشکەوتو تر ئەمبوارە رێکبخرێت؟**

- لەهەرێمی کوردستان چەندین وێستگەی کەشناسیمان هەیە کە ١٥ وێستگەی ئۆتۆماتیکین، بەڵام بەشێوەیەکی مۆدێرنکی کۆن و تەقلیدی بەستراونەتەوە بەسەنتەرەوە،



نەك هەر سێ كاتژمێرجارێك فەرمانبەرێك داتاكان بنێرێت، ئێستا دەزگا هەیە راستەوخۆ بەستراونەتەوە بەسەنتەرەكان و راستەوخۆ زانیاری وردو داتاكانمان بۆ دەهێنن. لەلایەكی ترەوە داوامانكردووە بەشداری لە سەتەلایت بكەین كە راستەوخۆ هەموو زانیارییەكانی نەك هەرێم بەڵكو زانیاری و داتای ئەو وڵاتانەشی كەبەشدارییان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بەدەزگایەكە كە تێچوونی زۆرە پێویستە بۆ ئەمساڵ بودجەی بۆ تەرخان بكرێت، چونكە پێشخستنی سیستەمی كەشناسی لە هەرێمی كوردستان پێداویستیەكی سەردەمەو فڕۆكەخانەكەنیشمان لەبەرئەوەی پێویستیان بەداتاو زانیاری هەستیارو دەم ودەست هەیە بۆیە ئەوانیش كەشناسی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە بەشی بوومەلەرزە ئێمە ئەو بەشەمان هەیە، بەڵام ئەو ئامێرانەی نییە كە بتوانین پێشبینی پێشوەختەی كەوتنەوەی بوومەرزە بكەین.

*** ئایا پێت وا نییە هێشتا هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە لە بواری گواستنەوەی ئاسمانی بەتەواوەتی پێشبكەوێت، ئایا بۆچی لە ناوخۆی كوردستاندا بەرنامەی هێڵی ئاسمانی بە فڕۆكەی بچووك جێبەجێ ناكرێت؟**

- من پێم وا نییە گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمی كوردستان خراپ بێت، بەڵكو لە ئاستێكی باشدایە. ئەوەتا لە فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەموو رۆژێك هێڵی ئاسمانی نەمساوی هەیەو هێڵەكانی ئوردونی توركیش بەبەردەوام گەشتیان هەیە، هەرێمی كوردستان بەو رووبەرە بچووكەی كە هەیەتی دوو فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی لێ دامەزراوەو فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی دهۆكیش بڕیاری دروستكردنی بۆ دەرچووە، گەرچی من پێم وایە دامەزراندنی فڕۆكەخانەیەك بۆ دهۆك پێویستی نەدەكرد، چونكە بوونی دوو فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی لە هەرێمی كوردستان لەم قۆناغەدا كارێكی باشەو دەكرا لە رێگای دروستكردنی هێڵی خێرای (های وای) یەوە هاتوچۆو ماوەكانی نێوان شارەكان كەمتر بكرێنەوەو تەنانەت ماوەی نێوان هەولێرو دهۆك لە رێگای (های وای) كەمكرێتەوە بۆ تەنیا كاتژمێرو نیوێك. سەبارەت بە هێڵی ئاسمانی ناوخۆ پێویست نییە چونكە وەكو باسم كرد دروستكردنی هێڵی خێرا ماوەكان لە نێوان هەرسێ شارەكەی هەولێرو سلێمانی و دهۆك زۆر كەم دەكاتەوە.

# هەندێک ئەنجام بۆ هەڵسەنگاندنی بەهاری عارەبی



بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەك لەدوای یەكتر، بەرپا بوونی شۆڕشەكانی بەهاری گەلانی ناوچەكە، جەخت كرنەوەی ئەو گەلانەیە لەسەر چەند خاڵێكی هاوبەشی نێوانیان، چ لەبەرانبەر موعانات و چ لە بەرانبەر سەروەرێتی توندی ڕژێمە ستەمكارییەكانیان كە بە پیادەكردنی ستەم و تاوانەوە دامودەزگا ئەمنییەكانیان كردۆتە دەزگای داپڵۆسین و بەهۆی گشت بەشە هەمەچەشنەكانی سوپاكانیانەوە تەنانەت بە فڕۆكەو تانك و تۆپی دوورهاوێژیشەوە دریغییان نەكردووە لەبەكارهێنانی زەبرو زەنگی كەمەرشكێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوونە میللییەكان، هەواڵەكانی ئەشكەنجەدانی گیراوەكان تا ئاستی ڕۆحدەرچوونیان و ڕەشبگیریی بەرفراوان و ڕفاندنی هاوولاتیان و هەتككردنی ناموس و تەمسیل كردن بە تەرمی قوربانییان و لەت و پەتكردنی دەست و قاچی مانگرتووان لە ڕێگەی شەبیحەو بەڵتەجەو هاوشێوەكانیانەوە ڕۆژانە لە زیادبووندان..

گاڵتەبازاڕیی ئەو ڕژێمانە لە بەرانبەر جەماوەردا لە كامڵتركردنی ڕاگەیاندێكی سواوی دواكەوتوودایە كە هەموو شێوازەكانی دەربڕینی ئازادانەی ئاشتیانەی جەماوەر سووك دەكات، حزب و كۆڕو كۆبوونەوە مەدەنییەكان یاساغ دەكات، هەروەها مافی ڕەوای گرووپە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەكان ڕەت دەكاتەوە..

سەرەڕای ئەمانەش دابەزینی ئاستەكانی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و نزم بوونەوەی ئاستی پێداویستییە هەنووكەییەكانی ڕۆژانەی خەڵكی لە خزمەتگوزاری و تەندروستی و خوێندن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ناهەمواریدان، لەپاڵ ئەمانەشدا دابەزینی ئاستەكانی پەرەپێدان و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەزانی و ناهۆشاری ڕەنگدانەوەی لەسەر قەیرانەكان دروست كردووە..

ئەم بەهارانە، شۆڕشی گەلانی بەخێرایی هێنایە پێشەوە، تا بە هۆیەوە چەندین دەسكەوتی لێ وەدی بێنێت، دەسكەوتەكان بە پێی ئەم خاڵانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدرێت دەست نیشان دەكەم:

*بەربەستەكانی ترس و تۆقاندنی تێك و پێكشكاند، ئەو بەربەستانەی لە لایەن ڕژێمە سیاسییە ستەمكارەكان و دامودەزگا تاوانكارییە داپڵۆسێنەرەكانیانەوە بنجیان داكوترابوون..

*دەسەڵاتی توندوتیژییانەی ئەو ڕژێمە ستەمكارانەی ئاشكرا كرد كە چەندە بۆ خۆیان فشەڵ و لەرزۆكن..

*مەرجەعیەتی دامودەزگایی گشتی چەسپاند، كەئەم مەرجەعیەتە تایبەتمەندە بە گەلەوە نەك بەدیكتاتۆرەكانەوە، بەو شێوەیە هەیبەتی ئەو دیكتاتۆرانەی تێك و پێكشكاند كە خەڵكییان كردبووە كۆیلەو ملیان بە جەماوەر شۆڕدەكرد

*ئەم بەهارانە هاوپەیمانێتی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و ڕژێمە سەركوتكارەكانی لێك دابڕان و شتێكی وای كرد هاوكاری نێونەتەوەییانەی گەلانی ناوچەكە و شۆڕشەكانی مسۆگەر بكرێت.

> **ئەم بەهارانە هاوپەیمانێتی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و ڕژێمە سەركوتكارەكانی لێك دابڕان و شتێكی وای كرد هاوكاری نێونەتەوەییانەی گەلانی ناوچەكە و شۆڕشەكانی مسۆگەر بكرێت**

*بەرپەرچی گەندەڵكاران و تاوانەكانیانی دایەوە بەوەی چیتر درێژە بە كاری تاوان نەدەن، هەر بۆ نموونە چەندین كەسایەتی و گرووپی سەر بە سیستمە كۆنباوەكەی دابڕاندن و لێیانی دوورخستنەوە، بە تایبەتی هەندێك كەسایەتی دپلۆماسی گرنگ لە ناو حكومەتەكان و سوپاو دەزگا ئەمنییەكانەوە كە لە ڕژێمەكان دابڕێنران، نموونەكانیش زۆرو زەبەندن..

* بەهاری گەلان بەرەنگاری ئەو ڕێساو یاسایانە بووەوە كە پێشتر مافەكانی مرۆڤ و ئازادییەكانی سنووردار دەكردن، ئەو ڕژێمانەی ناچاركردن بەڵێن بدەن بە چاكسازیی كردن((گەرچی بەڵێنەكان لە ساتەوەختی بەفیڕۆچوودا دەدران)) هەروەها یاساكانی حاڵەتی كتوپڕی و باری نائاسایی پێ ڕەت دەكردنەوەو هەندێك یاسای تریشی بە تەوقیع پێ دەگۆڕین..

*لەڕووی مەیدانی و پراكتیكییەوە دەرفەتی زیاتری بۆ هاوكاری میللی ڕەخساندو بەهۆی سووربوون و حەماسەتی هێزە میللییەكانی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، هێزە دیموكراتی و تێكۆشەرە پێشكەوتووەكان دەچوونە پاڵیان، لە پێناوی باوەش كردنەوەیان بۆ ئازادی، لەو پێناوەدا بەسەر هەموو كۆسپە فكری و سیاسییەكانی خۆیاندا زاڵ دەبوون

* بەهاری گەلان جەختی خستە سەركردنەوەی دەرفەتێكی زێڕین بۆ هاوولاتیان تا لە پێناوی گەل و نیشتمانەكەیاندا تێبكۆشن و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی داموودەزگایی كراو كاربكەن، سروشتییە لەم ڕووەوە ئاماژە بدەین بە مەسەلەی پێوەندی تاك بە كۆمەڵگەو دەوروبەری و نەهێشتنی ڕۆحی سلبیانە لە بەرانبەر كێشە گشتییەكان بەوەی تاك بەرزبێتەوە بۆ ئاستی ئەوەی ببێتە بەشێكی بونیادنەرو ئەكتیڤ لەناو دەوڵەت و كۆمەڵگەو دوور بكەوێتەوە لە تەمەڵێتی و پشت نەبەستن بە خۆی..

* ئەم بەهارانە ڕۆڵی ڕێكخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەكانی ژیاندەوەو هاوبارگەی كردن بە شۆڕشەكانەوە، لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی گونجاوی ڕێكخراوە نێونەتەوەییەكان و ڕێكخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی و ئەنجوومەنی مافەكانی مرۆڤ سەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان دەدەین هەروەها كۆمكاری عارەبی و ڕێكخراوەكانی تری مەدەنی لۆكاڵی كە ڕۆڵیان دەگێڕا لە پشتگیری كردن، بە نموونە هەڵوێستی ڕاست و دروستیان لە بەرانبەر شۆڕشەكانی گەلی لیبیاو سووریا. گەرچی ڕۆڵیان ڕێژەییانەش بوو.

* گەلان بە بەهاری شۆڕشەكانیانەوە داخوازی و مەسەلەكانی مافە ڕەواكانیان دەگەیاندە ئاستی جددی بوون و بن گوێی ڕێكخراوە نێو دەوڵەتییەكان و ئەوانیش بە پێی یاسا مرۆییەكان هاوبارگە دەبوون لەگەڵیان، ئەو یاسایانەی پێوەندییان بە مافی هاوولاتی بوونی نەتەوەكانی ناوچەكەوە بوون، كە بۆ ساڵانێكی زۆربوو بە بەستەڵەك كرابوون، ئەكتیڤ كرانەوە ..

*گەلانی بەهاری شۆڕش تازەترین تەكنیك و هۆكاری ڕاگەیاندنیان سوود لێ وەرگرت، بۆ ئاشكرا كردنی تاوان و ڕیسوابوون و گەندەڵییەكانی ڕژێمە سەركوتكارییەكان و بە شێوەیەك لە شێوەكان لەهۆیەكانی ڕاگەیاندنیان تێپەڕاند، گەرتا دوێنێ تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدرا، هیچ ئامڕازێك و شتێك لە ئارادا نەبوو بۆ ئاشكرا كردن و گەیاندنی جینۆسایدەكە بە دنیا، ئێستا تەكنەلۆژیا لە ئامڕازێكی بێگیان بێ هەستەوە بوو بە ڕەگەزێكی هۆشیاری و زانیاری گەیەنەری وا كە لە چوارچێوەی بەكارهێنانیدا كاریگەرێتی و تایبەتمەندی بۆ پەیدا بێت، مژدەی جۆرایەتی و هەمەچەشنێتی تەكنەلۆژیای

بۆ قۆناغە زیندووەکانی ئایندەش هێنایە بەرهەم..

*هێزە شۆڕشگێڕەکان ئێستا داخوازی و پێداویستیی مافەکانی خۆیان لەتۆڵەی ئەو هەموو ساڵانەی پێشووی چەپاندنی مافی بەهاووڵاتی بوونی گەلانی ناوچەکە فەرز کردەوە، بە تایبەتی کاتێك لە مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرگری کردن و دژایەتی دوژمنە چاوەڕوانکراوەکاندا، چەندین سەدەیە ڕژێمە سەرکوتکارەکان ئەو ئاسایش و بەرگریکارەیان لێ کردونەتە هەنجەت بۆ بێدەنگ کردنی گەلان و بەهۆیەوە مافەکانی خەڵکیی لەوتێنراون..

*لەم ساتەوەختە مێژووییەدا هیچ هێزێك لە توانایدا نەماوە خیتابەکانی بکاتە هۆیەك بۆ پێشێلکردنی ئازادییەکان و مافەکانی هاووڵاتیان، بۆیە لە قۆناغەکانی بونیادنانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی مەدەنی تازەو هاوچەرخدا چیتر ئەو شێوازانەی خیتاب نابیستینەوە کە بەربەستی بەردەم مافە گشتی و مەدەنییەکان بێت، بەڵکو خیتاباتێکمان گوێ لێ دەبێت کە پێشەنگایەتی بە ئازادییەکان و مافە ڕەواکان بدات، تەنانەت خیتاباتی ئەو هێزانەشی کە فکری سیاسییان ناسراون بەوەی وابەستەییان بۆ ڕابردوو هەیە، ئەوەش نەك بۆ چاوڕاوکردن و داپۆشین بەڵکو لەبەرخاتری ئەوەی ئەندامانێکی میللی بەمیتۆد دروستیان هەیەو ناچارن لەچوارچێوەی گشتی ئەو بزاڤە نوێیانەدا خۆیان بدۆزنەوە تا لە تازەگەری و هاوچەرخایەتی بەجێنەمێنن ئەوانیشی بە پێشی باهۆزەکە دەخستن.

*بەهاری گەلان لە لایەکەوە جەخت کردنەوەیە لە پیادەکردنی شێوازە مەدەنی و دیموکراتیەکان و هەروەها پێوەندی توندوتۆڵی بە تازەگەری و میکانیزمەکانی پێشکەوتن و بونیادنانەوە هەیەو لەلایەکی تریشەوەو بە تەئکید پێوەندی ڕاستەوخۆی بەخیتابی ڕێنیسانسەوەهەیە، بۆیە زۆر لەچەمکەکانی ئەو بەهارە بە واتاکانی ئازادییەکان و مافە مەدەنییەکان دەگەنەوە بە تایبەتی ئەو مافە ڕەوانەی کە پێوەندیدارن بەگرووپە ئیتنی و ئاینیەکانەوە کە ئێستا ئەوانیش واتە ئەو نەتەوەو گرووپانەش داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن یا ئەوانەی کە خولیای سەربەخۆییان هەیە، ئەم مافانەش زۆر لەگەڵ ئەم شۆڕشانەی ئەم دواییە تەبایە، هەروەها دەرفەتێکی باش و گونجاویشە بۆ پتەوبوون و بەهێزبوونی ئیرادەی گەلانی ناوچەکە، هەروەها بۆ هاوپەیمانێتی کردنیان لە خاڵەکانی بەهێزییەوە نەك لە خاڵەکانی لاوازییەوە، گەلانی ناوچەکەش شێوازەکانی هاریکاری و پێوەندی توندوتۆڵیان بە دراوسێکانیانەوە لەسەرشێوازی پێکەوەژیانی ئاشتیانە خۆدەبینێتەوە، هەروەکو چۆن لەم نموونەیەدا حاڵی کورد دەهێنینەوە کە یەکێکە لەو حاڵانەی پێوەندی هەیە بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەیەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی و دەوروبەری، ئەوانیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر لەناو وڵاتانی ناوچەکەدا پێویستیان بە دروست بوونی ئەم هاوکاری و پێوەندییە توندو تۆڵەیە..

بەگشتی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەرئەنجامانەدا ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی دیمەنەکەدا بزر نابێت ئەگەری ئیختیراقی ناوخۆیی و دەرەکی وهاوپەیمانێتیەکانیەتی دژ بەو ئەرکانەی کە جەماوەر دەیانەوێت بە ئەنجامی بگەیەنن کە ئەرکەکان بە پێی لۆژیکی یاسایی و تەشریعی خۆیان لەدامەزراندن و بونیاتنانی دەوڵەتی هاوچەرخ و تازەدا دەبیننەوە، بەشێوازێك لە شێوازەکان جەماوەر دەیانەوێت پێوەندیی ئێستای خۆیان بە ڕابردووی سەرکوتکاری بپچڕێنن و ئامرازەکانی چەوسانەوەو میکانیزمی قۆرخکردن لە لایەن دامودەزگای گشتییەوە وەلاوەبنێن.

لە سەرەتادا ئیختراقێکی نێوخۆیی لە ڕێی هێزە کۆنەباوەکانی پێشووەوە دەکرێت بەتایبەتی ئەوانەی بە هەموو ڕێبازو ڕەنگ و شێوازەکانەوە لایەنگیریی کەهنوتەیی سیاسی دەکەن، ئایین بۆ مەرامی تایبەتی و چەسپاندنی خیتابی تایفەگەری و ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەی خیتاب لە فیکرو میکانیزمەکانیاندا قۆرخ دەکەن، بەتایبەتیش مەرامێکی تاریکبین و توندوتیژیان لەم قۆرخکارییەی ئاییندا هەیە، ئەگەر ڕاست بێت و ئەو هێزانە ناچار بووبن بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ڕواڵەتی و دیکۆرئاسا بە ڕەوڕەوەی گۆڕانکارییە نوێیەکانەوە خۆیان هەڵبواسن، ئیتر لە ژێر هەرپەردەیەك و واتایەکی تایبەت بەخۆدەرخستن و داپۆشین و خۆشاردنەوەدا ئەم کارە بکەن، یان ئەگەر لە ڕاستێتی فکرو بوونی خۆیان بە گومان کەوتبن، یان ئەوانە بە ڕاستی دەیانەوێت واتاکانی دەوڵەتی یاساو لیستی هاوڵاتیبوون و پارتی نەهزەو دادپەروەری و پەرەپێدان و ئازادی و واتاو ناوەکانی تر هەزم بکەن، بەڵام حەقیقەتێك لە سروشتی ئەم هێزانەدا شاردراوەیە، ئەویش ئەوەیە کەهەردەم لە ئامادەباشیدان بۆ دەرفەت دروستکردنێکی فراوان یان لە هەل دەگەڕێن بۆ گەڕانەوەیان بەرەو دابینکردنی ڕووبەرێك، تا هێزو وزەی توندڕەویی و تاریك بینی خۆیانی تێداچەکەرە بکەنەوە، ئەمەش لەم کاتانەی هەڵایسانی شۆڕشی بەهاری ناوچەکەدا ڕێگای تێ دەچێت، بۆیە دەبێت ئاگاداربین و بۆ پشتگیریکردنی ڕەگەزە ئیجابییەکان بەباشی کار بکەین، چونکە ئەو کەسانەشی کە بەڕاستی و دروستی لە پرۆژەکانی مەدەنییەوە نزیکن، هەموویان لەگەڵ ئەم هێزانەدا کەوتوونەتە ڕێ و لە ناو یەك تەوەرو بازنەدا داخوازییان بۆ پرۆسەی مەدەنی بەرزکردۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئیختراقێکی دەرەکی هەیە کە بەکۆمەڵێك گەمەو پارەو نفووزی سیاسی دەجووڵێنرێت، لەو گەمەیەدا بەکڕینی هێزو ئەندامانی نەفس نزمەوە خەریکن، هەروەها هەندێکی تریان کەسانی پەیوەستن بە بەرژەوەندی هاوبەشی گرووپی گومڕاوە، ئەم هێزانەش ئەندامەکانیان لەژێر فشاری سوپاو کاریگەرێتی کارو توانای موخابەراتی ئەفسوناویدایە، جگە لەو ئامادەباشییەیان لەسەر زەوی کە لە ناو بەوتەقەی نەزانی و نەفامی سیاسیدا دەژین و بە پاڵ هێزە بەرژەوەندخوازە ئینتیهازی و مشەخۆرەکانەوە وەستاون و ئامادەن بەشێوازێکی نەخۆش و بەکەمترین نرخەوە هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەرەوە ببەستن.

کاردانەوەی میللی و نیشتمانی لەبەرانبەر ئەم هێزانەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕێگاکانیان لێ بگرێت و نەهێڵرێت یەکبوونی نیشتمانی و هاوبارگەیی ئیجابییانەی یەکگرتنی میللی لەتوپەت بکەن، هەندێك هێزی سەر بەتەوژمی ئیسلامی سیاسی میانڕەو هەن، ئەوانەیان کە بەهۆی نیشتەجێ بوونیان لە تاراوگەدا ئەزموونێکی مەدەنییان بۆپێکەوەژیان لا دروست بووە، یان ئەوانەی لەژێر فشاری ڕاپەڕینە میللیەکاندا بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی نوێ و هاوچەرخ دەگەڕێن و، ئامانجەکانیان ڕوونبین و شەفافە، ئەمجۆرە هێزانە ڕێی تێدەچێت بە ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەییەوە ئیحتیوا بکرێنەوە.

لێرەوە یەکبوونی نیشتمانی دەرفەتێکی جیددیە بۆ دابڕاندن و پچڕاندنی هەموو ئەو هێزانەی کە لەڕووی ناوەکی و دەرەکییەوە خەریکن ئیختراق دەکەن، لە لایەکی ترەوە یەکبوونی نیشتمانی جەخت کردنەوەیە لەسەر تەوژمە هاوچەرخە مەدەنیەکە بۆ دامەزراندنەوەی ماناکانی ئازادی و مافەکان و دابینکردن و وەڵامدانەوەی داخوازییە میللییە گشتی و تایبەتیەکان، کە پێك دێن لە خزمەتگوزاری و تەندروستی و خوێندنی هاوچەرخ و نوێ لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

**کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تری ناوچەکە پێویستیان بە هاوکاری و پێوەندی توندوتۆڵە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە**

**یەکبوونی نیشتمانی جەخت کردنەوەیە لەسەر تەوژمە هاوچەرخە مەدەنیەکە بۆ دامەزراندنەوەی ماناکانی ئازادی و مافەکان و دابینکردن و وەڵامدانەوەی داخوازییە میللییە گشتی و تایبەتیەکان، کە پێك دێن لە خزمەتگوزاری و تەندروستی و خوێندنی هاوچەرخ**

پارێزگای سلێمانی گەرچی لەرووی ئیداریی هەرێمی کوردستانەوە تەنها سلێمانی و ئەو قەزاو ناحیانە دەگرێتەوە کەسەر بەو پارێزگایەن، بەڵام بەهۆی باری سیاسی ئیدارەی گەرمیانیش وەك سنووری پارێزگای سلێمانی سەیر دەکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئێستا لە سنووری پارێزگای سلێمانی دوو ئیدارەی سەربەخۆی دیکە دروستکراون، ئەوانیش ئیدارەی هەڵەبجە و ڕاپەڕینن، بۆیە ئەم سنوورە فراوانە لە چوارچێوەی یەك ئەنجوومەنی پارێزگا نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام ئەم ئەنجوومەنی پارێزگایە پێوەندیی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی نییە، بۆ قسەکردن لەسەر کارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەیی و هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تیمی (گۆڤاری گوڵان)سەردانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کرد و لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەم تەوەرانەی تاوتوێکرد، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

## کاوە عەبدوڵڵا عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ(گوڵان):

# ئێمە وەک ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوین نەک بۆ تا هەتایە، بۆیە چەند هەڵبژاردن زووتر بکرێتەوە باشترە



*** ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەموو کات رۆڵی پەرلەمانێکی بچووك لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەگێڕن، با سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەین، ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەکەیەوە بوونیان هەیە؟**

- دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادی عێراق و وەك هەنگاوێك بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، بیر لەوەکرایەوە عێراق لە سیستمی مەرکەزیەوە بگۆڕێت، کە دەسەڵاتەکانی تێدا دابەشکرا بێت و لامەرکەزی بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو سیستمی لامەرکەزی یەکێکە لە سیستمە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، هەر بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حکومەتی عێراق نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر پارێزگاکان و بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گیروگرفتەکان، ئەوەبوو ئەو کاتەی پۆل بریمەر سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی بوو لە عێراقدا یاسای ژمارە ٧١ بە ناوی یاسای پارێزگاکان دەرچوو، دواتر بەپێی ئەو یاسایە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٥/٥/٣١ لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنیش بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، ئێمەش لەو کاتەوە وەك ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەست بەکارین.

*** ئەگەر ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە**

## دامەزراندنی ئەمجارە بە هەموو کەموکوڕیەکانییەوە لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانە ئەگەر بەراوردی بە سیستەمی پێشووتر بکەین ئەوە زۆر باشترە و هەنگاوێك نراوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و لە٩٩٪ رزگارمان بووە لە کەموکوڕییەکانی پێشتر

**چوارچێوەی ئەو لامەرکەزیەتە سەیر بکەین، ئەوا پێویستە لەسەر ئاستی پارێزگاکان رۆڵی پەرلەمانێکی بچووك بگێڕێت، بەڵام هەست دەکەین نەتانتوانیووە ئەو رۆڵە بگێڕن، یان ساردو سڕییەك بە کاروبارەکانتانەوە دیارە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- من حەزدەکەم وشەی ئەنجوومەنەکان لە یەکتری جیابکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنەکان جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ دامەزراندن، مەسەلەی ئەنجوومەنەکان دامەزراندن نییە بەڵکو بە هەڵبژاردن بووە، لەلایەکی دیکەوە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش جیاوازییان لەگەڵ پارێزگاکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق هەیە. لەبەر ئەوەی لەوێ هەڵبژاردنێکی دیکە کراوە لێرە نەکراوە، ئەوجا ئێمەش وەك ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە، بەداخێکی زۆرەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان ونکرد، هەر بۆیە ئێمە تەنیا توانیمان پارێزگارو جێگری پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەو یاسایە دابنێین. هەر لەم چوارچێوەیە چەندین بەڵگەم بە دیکۆمێنت لایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەتا ئێستا بەپێی رێنمایی جۆرێك لە لامەرکەزیەتیان جێبەجێ کردووە، بەڵام یاسای پارێزگاکانیان ونکردووە. ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان تەنیا بۆ رازیکردنی ئەمریکیەکان و بۆ ئەوەی پێی نەڵێن لە دەستووری عێراق لایداوە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە هەموو عێراق بگرێتەوە، دەنا نە لە دوور نە لەنزیك، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بڕوای بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان نەبووە، هەر بۆیەش تا ئێستا هەڵبژاردن نەکراوەتەوە. ئێنجا تەنیا ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان ئەوا لێ نەکردووە، بەڵکو ئەنجوومەنی شارەوانییەکانیشیان والێکردووە، ئەوانیش تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٠ یەك هەڵبژاردنیان کردووە و هەڵبژاردنی دیکەیان بۆ نەکراوەتەوە، دواین نووسراویش کە لە وەزارەتی ناوخۆوە هاتووە، دەڵێت ئێمە لە هەرێمی کوردستانە کار بە یاسایی ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ دەکەین تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، هەر چەندە من پێموایە لە راستیدا ئەمە ئیشی بەڕێز وەزیری ناوخۆ نییە، بەڵکو دەبێت ئەو یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە و لە پەرلەمانەوە بڕیار دەربچێت کە کار بە چ یاسایەك بکەین.

*** لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی هەست بەوە دەکرێت لە نێوان ئەنجوومەن و پارێزگادا هاریکاری و هەماهەنگی نییە، ئایا بۆ وەك ئەنجوومەن هەوڵ نادەن ئەو هاریکاری و هەمانگییە دروست بکەنەوە؟**

- بەهۆی ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان بۆشاییەکی گەورەی یاسایی هەیە، ئەوە پێوەندییەکانی ئێمەو پارێزگاری والێکردووە پێوەندییەکی نا تەندروست بێت، گەرچی پێویستە پێوەندی دەزگاکان تەندروست بێت و بە یاسا رێکبخرێت، بەڵام پێوەندییەکان لە هەرێمی کوردستان نە بە یاسا نە بە سیستەم رێك نەخراوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات لە کوردستان هەرچی یاسایەك لە قازانجی خۆی بێت کاری پێ دەکات و ئەوەی لە قازانجیشی نەبێت کاری پێ ناکات، سادەترین نموونەشتان بۆ دێنمەوە، تاکە پارێزگایەك کە پارێزگارەکەی بە ئەمری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە و ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا دەنگمان پێ نەداوە، پارێزگاری سلێمانی یە، لەبەر ئەوەی پاش ئەوەی پارێزگاری پێشووی سلێمانی خانەنشینکرا ئەم پارێزگارەی ئێستای سلێمانی لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە نا یاسایی دامەزرا و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگایە بە ٢٨ دەنگ بەرامبەر بە چەند دەنگێك، رەتکرایەوە(ئەو کۆبوونەوە و دەنگدانە بە دیکۆمێنت هەیە)، بەڵام پێشتر پارێزگار لە رێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵبژێردراوە، ئەگەر باس لە کەموکوڕی هەڵبژاردنی پارێزگارەکان بکرێت ئەوە ئێمەش هەندێ سەرنج و تێبینیمان هەیە.

*** ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجوومەنێکە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسیەکانی تێدایە، بۆیە دەکرێت لە ناو ئەنجوومەن هاودەنگی و نزیکی لەنێو بۆچوونە جیاوازەکان هەبێت، ئایا بۆ هەوڵتان نەداوە بە رێگەی ئەنجوومەن پارێزگار بانگ بکەن و راشکاوانە قسەی لەگەڵ بکەن؟**

- هیچ ئەنجوومەنێکی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی تێدا نییە، بەڵکو سەپاندنی تێدایە، ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوامانکرد کە پارێزگار بێتە ئەنجومەنی پارێزگاو موسائەلەی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەو رەفزیکردەوە و دەڵێت من هیچ یاسایەك بە ئەنجومەنی پارێزگام نابەستێتەوە و بەیاسای ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ دانراوم، ئەم یاسایەش یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو یاسایەکی کۆنی رژێمی پێشووی عێراقە.

*** بەڵام وەك باسدەکرێت ئەوە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەڕێوەیە، پێت وا نییە ئەم هەڵبژاردنانە ئەم کێشانەی ئێستا چارەسەر بکات؟**

- بەش بەحاڵی خۆم بەرامبەر بەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان زۆر بێ ئومێدم، تا ئێستا چەند جارێك کات بۆ هەڵبژاردن ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکراوە و بەبۆنە و هۆکاری جیاجیاوە هەڵبژاردنەکان نەکراوە، لەسەرەتاوەش

## چەندین بەڵگەم بە دیکۆمێنت لایە کە حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە بەپێی رێنمایی جۆرێك لە لامەرکەزیەتیان جێبەجێ کردووە. بەڵام یاسای پارێزگاکانیان ونکردووە

باسمکرد دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە دوور و نزیك بڕوای بە لامەرکەزیەت نییە و نایەوێت دەسەڵات دابەش بکات بۆ خوارەوە، بەڵام بارودۆخی ئێستا لەگەڵ پێشان جیاوازە، پێشتر دەسەڵاتەکان پەنجا بە پەنجا دابەشکراون، ئەمەش واتە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجومەن و پارێزگای هەولێر دەبات بەڕێوە و لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەسەڵاتی نییە، لە هەولێریش یەکێتی نیشتمانی بەهەمان شێوەیە، هەربۆیە ئەگەر ئێستاش سەیر بکەین هەست دەکەین لە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە دوو ئیدارەیی هەیە، هەر بۆ نموونە لەسەرتاسەری پارێزگای هەولێر و دهۆك یەك قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە یەکێتی نییە، لە سلێمانی بۆی هەیە هەندێ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لایەنی تر بن وەکو سۆشیالست، بەڵام هیچیان پارتی نین.

*** سەبارەت بە کەموکورتی خزمەتگوزارییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی کە ئێستا سنوری چەند ئیدارەیەکی سەربەخۆش دەگرێتەوە وەك ( گەرمیان، راپەرین، هەڵەبجە)، ئایا ئێوە وەك ئەنجوومەنی**

# ئەو کەموکوڕیانەی لە تونێلی پێشڕەو هەیە ئێستاش دەتوانرێت بۆ سەلامەتی خەڵك چارەسەر بکرێت

**پارێزگا کە نوێنەری ئەو خەڵکانەن چیتان کردووە؟**

- مەسەلەی ئیدارەی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان پرسێکی زۆر گرنگە، بۆیە لێرەوە لە مینبەری گۆڤاری گوڵانەوە داواکارم بابەت و تەوەرە لەسەر ئیدارە سەربەخۆو لامەرکەزیەتی ئیداریی و دارایی بنووسرێت، بۆ ئەوەی هەم خەڵك هەم رۆشنبیران رۆڵی خۆیانی تێدا ببینن، هەروەها خەڵکیش ئاشنابن بەو بابەتە گرنگانە، من نامەوێت باسی ئیدارەی گەرمیان بکەم، چونکە ئیدارەی گەرمیان ئیدارەیەکی سیاسییە و پێویستە هەر هەموومان بەوپەڕی تواناماتەوە پاڵپشتی و هاوکاری بکەین بۆ سەرکەوتن و قایمکردن و بەرەوپێشوەچوونی، لەبەر ئەوە ئەم ئیدارەیە زیاتر پەیوەستە بە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان و ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە و، من قەت حەق بەخۆم نادەم قسە لەسەر ئیدارەی گەرمیان بکەم و ئومێد دەخوازین و داواکارین کە ئیدارەی گەرمیان لەو ئاستەی دابێت کە بتوانن خزمەتی تەواوی ناوچەکەیان بکەن.

بەلام لێرەدا وێرای ئەوەی دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی حکومەت دەکەم لە پرسی سەربەخۆیکردنی ئیدارەی راپەڕین و هەڵەبجە، وەك ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پرسمان پێکراوە و بە فەرمی وەڵامماندایەوە، ئێمە لە باوەڕبوونمان بەلامەرکەزیەتەوە بە هیچ شێوەیەك لاریمان نەبووە لە سەربەخۆبوونی ئیدارەی هەڵەبجەو راپەڕین، بەلام لە نووسراوەکەماندا باسی ئەوەمان کردووە کە ئیدارەی سەربەخۆ دەبێت بە یاسا رێکبخرێت، بالەمبارەوە باسی یاسای ١٥٩ی ١٩٦٩ بکەین کە یاسای سەردەمی رژێمی پێشووە، لەم یاسایەدا بە هیچ شێوەیەك باسی لە ئیدارەی سەربەخۆ ناکات، ئەم یاسایە دەڵێت پێکهاتەی ئیدارە لە عێراق پێکدێت لە پارێزگا و قەزاو ناحیە و یاسای ٧١ی بریمەریش کە باسی لە لامەرکەزیەت کردووە باسی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان دەکات، بە هیچ جۆرێك باسی ئیدارەی سەربەخۆی تێدا نییە، هەروەها پاش ئەوەی یاسای ٢١ پش لە ساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە بۆ ئەو شوێنانەی رێکنەخراون بە هەرێم، پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە موسڵ تا بەسرا، لەمەشیاندا باسی ئیدارەی سەربەخۆ نەکراوە، بۆیە ئەگەر لێرەوە باس لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بکەین، ئەوا ئێمە لەسەر ئەو یاسایەش تێبینی زۆرمان هەیە، بەلام هەرچۆنێك بێت بوونی یاسا لە نەبوونی باشترە، هەر بۆیە ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە دەرچوونی ئەم یاسایە زۆر دڵخۆشبووین لەگەڵ ئەوەی چەند جاریکیش داوای هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەمان کردووە، بەلام لەم یاسایەشدا دەڵێت یەکەی ئیداریی لە هەرێمی کوردستان پێکدێت لە پارێزگاو قەزاو ناحیە باسی هەڵبژاردنەکانیشی کردووە، بەلام باسی ئیدارەی سەربەخۆی تێدا نییە، بۆیە پێویستە ئیدارەی سەربەخۆ لە رێگای پەرلەمانی کوردستانەوە بێت و بە یاسایەك رێکبخرێت و نابێت بە رێنمایی رێك بخرێت، چونکە یاسا لەسەرووی رێنماییەوەیە، بۆیە تێبینی و سەرنجمان لەسەر ئەو بەئیدارەکردنە کۆمەڵێك خاڵە، هەر بۆیە من دڵێم جێگەی دەستخۆشی یە هەڵەبجە و راپەڕین کراون بە ئیدارەی سەربەخۆ، بەلام ئێمە هەست دەکەین، ئەمە هەنگاوە بەرامبەر هەندێك شوێنی دیکە نادادپەروەریی تێدایە، وەك چەمچەماڵ و قەڵادزێ و چەند ناوچەیەکی دیکە، بۆیە ئەگەر ئیدارە سەربەخۆکان بە سیستەم و کۆمەڵێك مەرج و رێنمایی بکرێت لەو کاتەدا هەموو ئەو شوێنانەی دەتوانرێت بگونجێن و سیستەمەکەی لەسەر جێبەجێ بێت. هەروەها لە ٢٠١١/٣/١٦ کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان بینی، داوام لە بەڕێزیان کرد کە پێویستە یاسایەك هەبێت کە دەسەڵاتەکانی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان رێکبخات، بۆ ئەوەی ئەو هەموو دەستتێوەردانە نەبێت، چونکە ئێستاکە لە دەسەڵاتەکان دەستێوەردانێکی زۆر هەیە و هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە زیاتر رێکبخرێت.



*** دوای دروستبوونی ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە تاچەند کاریگەری لەسەر دابەشکردنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەبێت، ئایا ئەم بودجەیە یەکە ئیدارییە سەربەخۆکانیش دەگرێتەوە؟**

- ئێمە لەسەرەتای هاتنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە، وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەپێی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان کارمانکردووە و لەو رۆژەی بڕی بودجەکەمان بۆ هاتووە، هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کە ئەو کات ٤١ ئەندام بووین کۆبووینەوە بڕی بودجەکەمان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی قەزاو ناحیەکان دابەشکردووە، سلێمانیمان کردۆتە ٥ زۆن کە بریتیی بوون لە زۆنەکانی ( ناوشاری سلێمانی و دووروبەری و چەمچەماڵ و گەرمیان و شارەزوور و راپەڕین)، نوێنەری زۆنەکان دەچنە لای سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان هەر زۆنێك ئەو بودجەی بۆیان تەرخانکراوە بەسەر پرۆژەکانیان دابەشی دەکەن و رەچاوی ئەولەویەتی پرۆژەکانیش دەکرێت، لەم کاتەدا نوێنەری ئەنجومەنەکان و فەرمانگەکان و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان ئامادە دەبن، ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٥ هیچ بودجەیەکمان نەبووە، بەلام لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ بەهەمان شێواز کارمانکردووە، لەم بوارەشدا ئێمە لەسەر پرسی پارێزگار نەوەستاوین و ئێمە لە رێگای دەنگدانەوە هاتووین بۆیە پێویستمان بە پرسی پارێزگار نییە و بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بودجەی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا هەموو پرۆژەکانی خۆمان ریزبەندی دەکەین بەپێی ئەولەویەتی ئەنجومەنی پارێزگا و لە لایەن هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە دەنگی لەسەر دەدرێت و واژوو دەکرێت لە پاشان بۆ پارێزگاری سلێمانی دەنێردرێت بۆ جێبەجێکردن، هەروەها هەموو ساڵێك لیستی پرۆژەکان بۆ وەزارەتی پلاندانان دەنێرین تاوەکو پرۆژەکانی ئێمە لەگەڵ پرۆژەکانی ئەوان جیاوازی نەبێت، واتە ئێمە جگە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە تایبەتە بە بودجەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئاگاداری خەرجکردنی هیچ بودجەیەکی تر نین، نە بودجەی حکومەت و نە بودجەی وەزارەتەکان و مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ ئیدارە سەربەخۆکان و قایمقامیەت و ناحیەکان مامەڵەیەکی بەرپرسانە نەبووە، بەڵکو مامەڵەیەکی خزمەتکارانەبووە و ئێمە خۆمان بە

## پارێزگاری سلێمانی رەفزیکردەوە بێتە ئەنجومەنی پارێزگاو موسائەلەی لەگەڵ بکەین، ئەو دەڵێت من هیچ یاسایەك بە ئەنجومەنی پارێزگام نابەستێتەوە

خزمەتکاری هەموویان دەزانین، هەروەها ئەو پارەی بـۆ پرۆژەکان بە ئێمە دەدرێت پـارەی کەس نییە، بەڵکو پارەی خەڵکـەو دەبێت بۆ پرۆژە و خزمەتی ئەوان خەرج بکرێت.

*** هەندێـك مەسـەلەی گرنگ هـەن دەبێت ڕاستەوخۆ ئەنجوومەنی پارێزگا لێی ئاگادار بێت، لەوانە مەسـەلەی ماستەر پلانی شـارێکی وەك سـلێمانی، کە پێوەندی بە ئاییندەی سـلێمانییەوە هەیـە، ئایا تاچەند ئـاگاداری ماسـتەر پلانی سلێمانیت؟**

- ماستەرپلانیك هەیە بۆ شـاری سلێمانی کە پێوەندی بە ئەنجومەنی شـارەوانی سلێمانی هەیە، پێشـتریش کە دانـا ئەحمەد مەجیـد پارێزگاری سلێمانی بوو، ئێمە وەك ئەنجومەنی پارێزگا لە لایەن ئەنجومەنی شارەوانییەوە هیچ پرسێکمان پێ نەکراوە و وەڵامی ئەو پرسیارە لە لایەن ئەنجومەنی شارەوانییە نـەك ئەنجومەنی پارێزگاوە، چونکە ماسـتەرپلان



پێوەندی بەوانەوە هەیە. سـەرەڕای ئەوەش پێویست بوو شارەوانی سلێمانی داوا لە ئەنجومەنی پارێزگا بکات و لەسەرەتای دروسـتکردنی ماستەرپلانەکە ئەندامێکی ئێمەشی تێدابوو، بەڵام لە دوای ئەوەی پارێزگاری سلێمانی پێشـوو خانەنشینکرا لەبارەی ماستەرپلانەکە هیچ پرس بە ئێمە نەکراوە.

*** ئێسـتا لە ناوچە گەشـتیارییەکانی سنوری پارێـزگای سـلێمانی، هەسـت دەکرێـت زەوی گەشـتیاری بۆ شـوێنی تایبەت بەکاردەهێنرێت، ئایا ئێـوە وەك ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی هەڵویستان لەسەر ئەم پرسە چی یە؟**

- بەداخەوە وەکو پێشـتریش باسـمکرد دەبووایە پێوەنـدی نێـوان یەکـە ئیـداری و فەرمانگـە پەیوەندارەکان لە بەڕێوەبەری ناحیەوە تا سەرۆکایەتی هەرێم بەپێی یاسـا لەوپەری باشیدا بووایە، بەڵام بەداخەوە وانییە، لەم چوارچێوەیەشـدا دابەشکردنی ئەو زەویانەو دروسـتکردنی خانوو ڤێللای شەخسی تێدا دروسـتکراوە، ئەوە بەرپرسـیاریەتی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەسـتۆی قایمقـام و بەڕێوەبەری ناحیەو شارەوانییەکانی ئەو ناوچەیە و پێویست بوو بە فەرمی لە وەزیری شـارەوانی و گەشتوگوزار و ناوخۆ داوابکەن کە بە یاسـا کارەکان ڕێکبخرێت و چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانە بکەن و، لەوکاتەدا دەتوانرا هەموو ناوچە گەشتیارییەکان وەك( سیتەك و دوکان و هەموو ناوچە گەشتیارییەکانی تر باشترو جوانتر بکەن)، بەڵام ئەوە لە ڕێگای شـارەوانی و قایمقام و بەڕێوەبـەری ناحیەکانەوە دەکرێت و ئێمە لەدانـان و لابردنی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان ئاگادار نین، بەڵام هەڵسـوکەوت و پرسکردنێکمان هەیە تەنیا لەسـەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەگـەڵ ئـەو قایمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیانە کۆدەبینەوە.

*** یەکێك لە پرۆژە گرنگەکانی سلێمانی تونێلی ئەزمەڕە کە بەتونێلی پێشـڕەو ناسـراوە، ئەم تونێلە هەندێك کەموکوڕی هەیە وەك کێشەی دوکەڵکێش، ئایا وەك ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئێوە چیتان بۆ ئەو پرۆژەیە کردووە، یان پێشنیارتان چییە؟**

- مـن پێموایە لەسـەرەتادا ئـەو پرۆژەیە کە گرێبەسـتەکەی دراوەتە لایەنـی جێبەجێکار ئەوە لایەنـی جێبەجێـکار لەگەڵ ئـەوەی پرۆژەکەی دراوەتێ، بەڵام باسـی وردەکارییەکانی پرۆژەکەیان نەکردووە، بۆیە جۆرێك لە بێسەروبەری بێ یاسایی و ئیداریـی پێوە دیارە، ئەگینا ئەگەر ئێمە پێشـتر تونێلیشـمان دروست نەکردبێت ئەوە تونێلمان بینیوەو تونێلیشمان لە دەربەندیخان هەیە، ئەگەر تونێلیشمان نەبێت و نەمان بینیبێت ئەوە دەتوانین چەند کەسانێك بۆ دیتن و شارەزابوون لە تونێل بنێرینە دەرەوەی وڵات و ئەو شوێنانەی تونێلیان هەیە، ئەو کەموکوڕیانەی لـە تونێلی پێشـڕەو هەیە ئێسـتاش دەتوانرێت بۆ سەلامەتی خەڵك چارەسەر بکرێت.

*** مەسـەلەیەکی دیکە کـە پێوەندی بە ژیانی خەڵك و شارەکەوە هەیە، مەسەلەی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشـاك و چارەسـەر کردنیەتی بە ڕێگەی کارگەی ریسـاکلین، یان هەر شـێوازێکی دیکە، ئێوە وەك ئەنجوومەنی پارێزگای سـلێمانی تاچەند بەرنامەتان بۆ ئەم لایەنە گرنگە هەبووە؟**

- بـۆ هێنـان و دامەزراندنـی کارگەیەکی ریسـایکلین لەکاتـی پارێـزگاری پێشـوو کارو هەوڵێکـی زۆر هەبـووە، بـۆ ئەم مەبەسـتەش گرێبەسـتێکی لەگـەڵ کۆمپانیایەکـی ئیتاڵی ئیمزاکرد کە کارگەیەکی ڕیسـایکلین دابمەزرێنن و زەویـان بۆ دابین بکرێـت، ئەمەش بە ئاگاداری شارەوانی سلێمانی بوو، بەڵام ئەم پرۆژەیە تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەرپرسیاری یەکەم لە جێبەجێ نەکردنی ئەو کارگەیەی ڕیسـایکلینە سـەرۆکایەتی شارەوانی سـلێمانییە، لەبەر ئەوەی کاری ئەوانـە و ئێمـە هاوکاریانیـن، لەبەرئەوەی پاککردنەوەی شـار لە زبڵ و خاشـاك لەئەستۆی شارەوانییە . ئەو پرسەش پێویستە ببرێتە لای ئەوان و خۆیان وەڵام بدەنەوە باشترە . ئەگەر بڵێین ئەمبوارە پێشـتر کاری بۆ نەکراوە، ئەوە وا نی یە و پێشـتر چەندین کۆمپانیا هاتبوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو بەنووسـراو ئاگاداری ئەوان کراونەتەوە، بەڵام ئێستا ئاگاداری ئەوە نیم پرۆژەی کارگەی ریسایکلینی سلێمانی لە کوێ وەستاوە .

*** مەسەلەیەکی دیکە کە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە، کێشەی نیشتەجێی هاوڵاتیانە، ئایـا ئێوە وەك نوێنەری ئـەو خەڵکە چیتان بۆ ئەم لایەنە کردووە؟**

- مـن پێموایـە نەبوونـی سیسـتەمێك بـۆ دابەشـکردنی زەوی و دابەشکردنی خانوو، هەروەها نەبوونی سیسـتەمێك بۆ پێدانی شوقە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێك پشێوی لەبەرنامەکانی حکومەت لەبوارەکانی چارەسـەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون هەیـە، بۆیە پێویسـتە ئەم لایەنە بەسیسـتەمێك ڕێکخرێت. سـەبارەت بە دابەشـکردنی زەویش بە هەمـوو جۆرەکانییـەوە پێوەندی بـە ئەنجومەنی پارێزگاوە نییە، تەنانەت لە لیژنەکانیشـدا ئاگادار نیـن و ئەندامانی ئێمـەی تێدا نییە، ئێسـتاکە لیژنەیەك دامەزراوە بۆ چارەسەرکردن و تاپۆکردنی ناوچەی (یەك)ی پیشەسـازی سلێمانی زۆربەی لایەنە پەیوەنـدارەکان بانگکراون، بەڵام ئەنجومەنی پارێـزگای سـلێمانی بانگ نەکـراون، هەربۆیە دووبـارەی دەکەمـەوە چۆنیەتی هەڵسـوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا نامۆیە و ئەمەش بەتەئکید دەسـتێکی ئەنقەست هەیە کە بەحزببوونی ئیدارەیە .

*** کێشـەی زێدەڕۆیی لە تـەواوی پارێزگای**

**به هیچ شێوەیەك لاریمان نەبوو لە سەربەخۆبوونی ئیدارەی هەڵەبجە و ڕاپەڕین**

**داوامان لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد کە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە و سوپاس بۆ بەڕێزیان کە لیژنەیەکی دروستکرد**

**زەقترە بەتایبەتی لە قەزاو ناحیەکان، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوەو دەتوانین بڵێین هەنگاوی بەپێی پێویست بۆ چارەسەرکردنی نراوە؟**

- لەبەر ئەوەی لەم سیستەمەدا هەموو شتەکان بەکارهێنراوە بۆ خزمەتکردنی حزبەکانیان، بۆیە زیادەڕۆیی لە هەموو شارەکانی کوردستان و قەزاو ناحیەکانی هەیە، ئەگەر گوێبستی راگەیاندنەکانیش بین ئەوا لە شاری کەرکوکیش هەیە زۆرێك لەم زێدەڕۆییانە بۆ مەرامی حزبی بەکارهێنراوە . ئەمەش وەکو پێشتر باسم کرد بۆشایی یاسایی هەیە و پێویستە بەیاسا رێکبخرێت، ئێمە لە رووی ئیدارییەوە هیچ جۆرە گفتوگۆو پێوەندییەکمان لەگەڵ پارێزگاردا نییە، چونکە هیچ یاسایەك پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاکە بەیەکەوە نابەستێتەوە .

*** شاری سلێمانی شارێکی زیندووەو شاری ململانێی سیاسی و ئەدەبی و هونەری بووە، بەڵام ساڵی پار سلێمانی بووە شاری ململانێ سیاسی و خۆپیشاندان، ئایا تاچەند ئەم ململانێ و خۆپیشاندانانە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەبوو، ئایا بەدیوێکی تردا توندوتیژی ململانێکان زۆرجار بە ئاستەنگ بۆ ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری نەگەڕاوەتەوە؟ یا بە پێچەوانەوە ئەگەر بەپێچەوانەوەیە ئەی بۆچی دایمە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان**

**ئێمە جگە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە تایبەتە بە بودجەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئاگاداری خەرجکردنی هیچ بودجەیەکی تر نین**

**لاوازن؟**

- من پێم وایە مەسەلەی خزمەتگوزاری جیا بکەینەوە لە مەسەلەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی، مەسەلەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی هیچ پێوەندییەکی بە خزمەتگوزارییەوە نەبووە، هەندێك لەو لێدوانانەش کە باس لەوە کراوە گوایە ئەم خۆپیشاندانانە کاریگەری لەسەر خراپ بەڕێوەچوونی خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی هەبوو زیاتر لە لایەن بەرپرسانی شارەکەوە بۆ مەرامی سیاسی بوو، بۆ ناشرینکردنی داواکاری خەڵکەوە بوو، ئێمە بەهەموو لیستەکانەوە چووینە (بەردەرگی سەرا) و بەیاننامەمان خوێندەوە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئیمزایان کردووە بەهەموو سەرۆك لیستەکانەوەو من خۆم خوێندمەوەو پشتگیری تەواوی داواکارییەکانی خەڵکمان کرد، بەراستی خەڵك بۆ خزمەتگوزاری نەچووە سەر شەقام بەڵکو بۆ گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی کوردستان، باوی ئەوە نەماوە خەڵك باس لە گۆڕانکاری بکات، بەڕای من چاکسازی و گۆڕانکاری زۆر جیاوازە، بۆنموونە چاکسازی دەکرێت لەهەندێك سیستەمدا بکرێت بۆ گۆڕینی دەموچاوەکان نا، ئەمانەی ئێمە دەیانەوێت لە گۆڕینی دەموچاوەکانەوە چاکسازی بکەن من نازانم گۆڕینی بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامێك چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت .

*** هەندێك لە ئەندازیاران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو پرۆژانەی لەناوچەکانی سلێمانی ئەنجامدراون کوالێتیان بەرز نییە، ئایا هۆکاری خراپی هەندێك لە پرۆژە بۆچی دەگەڕێتەوەو تاچەند ئێوە بەدواداچوونتان بۆ کردووە؟**

- ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەڕێگای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە چاودێریی تەنیا پرۆژەکانی خۆمان دەکەین و بەدواداچوونمان بۆ ئەم پرۆژانەیە، ئێمە یاساکەمان وون کراوە ئیتر چۆن ئاگادارو بەدواداچوونی هەموو پرۆژەکان بکەین، جگە لە پرۆژەکانی خۆمان نەمانتوانیوە چاودێری پرۆژەکانی تر بکەین، هەرچی کەموکورییەك لە پرۆژەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان هەبێت ئێمە بەرپرسیارێتی دەکەین .

*** ئێوە تاچەند ئاگاداری ئیحالە کردنی پرۆژەکانن؟**

- لەبەر ئەوەی پارێزگاری پێشووی سلێمانی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵبژێر درابوو، ئەوا لە ئەنجومەنی پارێزگا لە ژووری ئیحالە و لیژنەی تەندەرکردنەوە نوێنەرمان هەبوو، بەڵام لەدوای هاتنی ئەم پارێزگارە لە هیچ یەکێك لە پرۆژەکان پرس بە ئێمە نەکراوە، بە تەئکید لەکاتی پارێزگاری پێشووش کەموکوڕی ئیداری هەبووە و قسەشمان لەسەری کردووە و ئێمەش لە ئیحالە و لیژنەی تەندەرین کەموکوڕیمان هەبووە، بەڵام ئەو کات ئاگاداری کەموکوڕیەکان بووین، بۆیە

**داوام لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد کە پێویستە یاسایەك هەبێت کە دەسەڵاتەکانی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆیەکان و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان رێکبخات، بۆ ئەوەی ئەو هەموو دەستێوەردانە نەبێت**

**ئەگەر بڵێین کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری نەکراوە ئەوە بەڕای من غەدرێکی گەورە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، چونکە پرۆژە کراوە و توانراوە جۆرێك لە گۆڕانکاری لە هەموو ئاستەکان بکرێت**



توانیومانە بەپێی ئەو سیستەمەی کارمان پێکردووە و لــە ڕێگای ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ پارێزگارە هەمانبوو کەموکوڕییەکان چارەســەر بکەین، بەڵام ئێســتا بە هیچ شــێوەیەك ئاگاداری ئەو لیژنانە نین.

*** ئایا لەئاســتی خزمەتگوزاریەکانی شــاری سلێمانی ڕازیت؟**

- مــن دەتوانم ئەمــە لە دوو تــەوەرەوە باس بکەم، ئەگەر بێتە ســەر ئەوەی کە رازیم یا ناڕازیم ئــەوە هیــچ نییە، ئەگــەر بڵێیــن کارو پڕۆژەی خزمەتگــوزاری نەکراوە ئەوە بەڕای من غەدرێکی گەورە لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان دەکەین، بەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کارو پڕۆژەی کــردووە و توانیویەتــی جۆرێك لــە گۆڕنکاری لە هەموو ئاســتەکانە بکات، بەڵام ئەگەر باســی واقیــع و خواســت و داواکاری خەڵك و ئەو بودجە گەورەیەی هەرێمی کوردســتان بکەین ئەوە پێموایە

## دابەشکردنی زەوی گەشتیاری بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی خانوو ڤیللای شەخسی، بەرپرسیاریەتی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەو شارەوانییەکانی ئەو ناوچەیە

زۆر ماوە پێشکەشــی خەڵکی بکەین و حکومەتی هەرێم لەبــارەی کارو پــڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کەموکوڕی زۆرە. دەتوانرا بە بەرنامە و پلانی باشتر کارو پڕۆژەی زۆر باشترو گرنگتر ئەنجام بدرێت و سوودی بۆ هاووڵاتیان زۆرتر بێت.

*** ئایا سیستەم و شێوازی ئەمجارەی دامەزراندن چەند دەتوانێت بێکاری چارەسەر بکات؟**

## ئێمە لەدانان و لابردنی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان ئاگادار نین

- بەڕاســتی حەزدەکەم باسی پرسی دامەزراندن بکــەم، دامەزراندنــی ئەمجــارە بــە هەمــوو کەموکوڕیەکانییەوە لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستانە ئەگەر بەراوردی بە سیستەمی پێشووتر بکەیــن ئەوە زۆر باشــترە و هەنگاوێــك نراوە بۆ نەهێشــتنی گەندەڵی و لە٩٩٪ رزگارمان بووە لە کەموکوڕیەکانی پێشــتر، من لێرەدا باســی لایەنە ئیدارییەکــەی دەکەم کە لە ســاڵی ٢٠١٠ دانرابوو ١٠هــەزار کەس دابمەزرێــت، گەرچی حکومەتی هەرێم ٣٦هەزار کەسی دامەزراندووە، واتە ٢٦هەزار کەس بە نایاســایی دامەزراوە و پەرلەمان بودجەی بۆ ئەو ٢٦هەزار کەسە دانەناوە، واتە چۆن بودجە بۆ ئەو ٢٦هەزار کەســە دابین دەکەن یا دیارە بودجەی پڕۆژەکانە یا بودجەی ترە دەیدەن بەو کەسانە، بەڵام ئەمجارە پەرلەمانی کوردســتان بڕیاریداوە ٢٥هەزار کەس دابمەزرێت و ئەمەش خراوەتە بەرنامەی کارەوە و ئەمجارە دوور لە دەســتی حزبی و واسیتە کارەکە بەڕێوەچوو و دامەزراندنەکە بە شــێوازێکی جوان و تەندروست ئەنجامدرا .

*** ســەبارەت بــە هەڵبژاردنی پارێــزگاکان لە هەرێمی کوردســتان، ئایا ئێــوە راتان چۆن و چۆن سەیری ئەو پرۆسەیە دەکەن؟**

- ئێمە لە ٢٠١١/٣/١٦ داوامان لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتان کرد کە یاســای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە و سوپاس بۆ بەڕێزیان کە لیژنەیەکی دروســتکرد، گەرچی تائێســتا لە پەرلەمانــی کوردســتان فراکســیۆنەکان لە نێوان خۆیان لەســەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕێك نیــن، هەرچەندە جۆرێك لەنییــەت لای زۆرینەی ئەندامانی فراکســیۆنەکان هەیە، بــەوەی ئەگەر یاساکەش هەموار بکرێت، بەڵام لامەرکەزیەت نەبێتە بنچینەی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام پێویستە هەموارکردنەکە بە تەوافقێکی سیاسی بێت لە پێناو بەرژەوەندی خەڵك.

*** ئەگــەر شــتێك مابێت و ئێمە پرســیارمان نەکردبێت، بەڕێزت دەتوانی لێرەدا بیڵێیت؟**

- لــە کۆتاییــدا دەمەوێت بڵێــم خەڵك ئێمەی هەڵبــژارد بۆ چوار ســاڵ و خەڵك ئێمەی بۆ هەتا هەتایی هەڵنەبژاردووە و ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و شــارەوانی لە هەر سێ شار خەڵك بۆ چوار ساڵ هەڵیبژاردویــن، ئێمە وەکــو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکە بە جیاجیاش بووایە ئەوە بەدەســتی خۆمان بووایە ئەوە لەکات و ساتی خۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای ســلێمانیمان ئەنجــام دەدا و ئیدارەکانی

## لە ژووری ئیحالە و لیژنەی تەندەرکردنەوە نوێنەرمان هەبوو، بەڵام ئێستا لە هیچ یەکێك لە پڕۆژەکان پرس بە ئێمە نەکراوە

ئێمە زیاتر دوو ئیدارەی حزبین و زیاتر لە مەکتەبی سیاســیەکانەوە قورمیــش دەکرێن، لەبــەر ئەوەی پارێزگاری ســلێمانی نایەت بە قسەی ئەنجومەنی پارێزگا بکات، دەچێت بە قسەی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی دەکات و کێشەکە لێرەدایە.

